

# ڕزگاری بۆ دیلەکان



مارک دیوری

ڕزگاری بۆ دیلەکان

مارک دیوری

db

ISBN 978-0-6484208-7-3
90000
9 780648 420873

db deror books
www.derorbooks.com

# ڕزگاری

# بۆ دیلەکان

**مارک دیۆری**

ستایش بۆ یەزدان،
کە ئێمەی نەکردە نێچیری بەر کەڵبەیان.
گیانمان وەک چۆلەکە لە داوی ڕاوچی دەربازبوو،
داوەکە پسا و ئێمە دەربازبووین.
هانامان بە ناوی یەزدانەوەیە،
دروستکەری ئاسمان و زەوی.

زەبوورەکان ١٢٤

Sorani translation of *Liberty to the Captives*

Copyright © 2010, 2022 Mark Durie

ISBN: 978-0-6484208-7-3

Deror Books

Melbourne, Australia

www.derorbooks.com

## ناونیشانی بابەتەکان


بەشی یەکەم: بۆ پێویستە ئیسلام ڕەت بکەینەوە 3

بەشی دووهەم: شایەتومان 15

بەشی سێهەم: پەیمانی زممە 37

بەشی چوارەم: محمد و تەری کەوتنە ( ڕەت کردنەوە ) 55

بەشی پێنجەم: عیسای مەسیح پیاوی غەمەکان 89

بەشی شەشەم: خاچ ڕێگەی ئازادییە بۆ ئێمەیە 103

بەشی حەوتەم: چۆن زممە ڕەت و پووچەڵ بکەینەوە 143

بەشی هەشتەم: چۆن شایەتومان ڕەت و پووچەڵ بکەینەوە 161

پێڕستی سەرچاوەکان 186

## سەبارەت با نووسەر

مارک دیۆری، زانای خودایش ناسی مەسیحییەت، چالاکوانی مافی مرۆڤ و شوانی کڵێسای ئەنگلیکانی ( چاوەدێر ). ئەو پەرتووک و وتاری زۆری لە بوارەکانی زمان، کەلتوور، پەیوەندی نێوان مەسیحییەکان و مۆسڵمانان و ئازادی ئایین نووسیوە. هەروەها توانیویە پلەی کارناسی و دوکتۆرا لە زانکۆی نیشتمانی ئوستراڵیا بەدەست بهێنێت و کارناسی خودایش ناسی لە کۆلێژی ئایینناسی ئوستڕاڵیا وەرگرتووە. ئەو پاش وانە گوتنەوە لە زانکۆەکانی لیدێن، ناوەندی تەکنۆلۆژیای ماساچۆسێت، زانکۆی ئکسفۆرد و زانکۆی کالیفۆڕنیا لە لۆس ئانجلێس و سانتاکروز، وەک بەڕێوەبەری بەشی زمان ناسی و لێکۆڵینەوەی زمانی لە زانکۆی مێلبۆرن چالاکی کرد و لە ساڵی ١٩٩٢ وەک ئەندامی فێرگەی زانستی مرۆیی هەڵبژێردرا و لە ساڵی ٢٠٠١ خەڵاتی دووسەدساڵەی لەبەر هەوڵەکانی لە بواری لێکۆڵینەوە وەرگرت.

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە نووسەر و بەرهەمەکانی سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەن:

www.markdurie.com

## بەشی یەکەم

# بۆ پێویستە ئیسلام ڕەت بکەینەوە

ئەمڕۆکە ڕەتکردنەوە و حاشاکردن لە ئیسلام بووەتە یەکێک لە پێداویستییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی جیهان. پەرتووکی ئازادی بۆ دیلەکان بۆ وەڵامدانەوەی، ئەم پێویستییە نووسراوە. ئەم پەرتووکە بە هەندێک ئامراز وەک زانیاری و نزا، یارمەتی مەسیحییەکان دەدات تاوەکو لە دزەکردنی ڕۆحانی و زاڵبوونی ئیسلام ڕزگاریان ببێت. ڕوانگەی سەرەکی ئەم پەرتووکە ئەوەیە کە دەسەڵات و زاڵبوونی ڕۆحانی ئیسلام، لە ڕێگەی دوو پەیمانی شایەتومان و زممەوە دروست دەبێت. مۆسڵمان لە ڕێگای شایەتومانەوە و نامۆسڵمان لە ڕێگای زممەوە ناچارە کە یاساکانی ئیسلام قبووڵ بکا.

ئەم پەرتووکە شی دەکاتەوە کە:

- چۆناوچۆن ئەو کەسەی کە پێشتر مۆسڵمان بووە و بەڵام بڕیاری داوە کە ببێت بە شوێنکەوتووی مەسیح، دەتوانێت لە هاوپەیمانی لە شایەتومان و ئاکامەکانی ڕزگاری ببێت.
- چۆناوچۆن کەسێکی مەسیحی دەتوانێت داوای مافی ئازادی بکات و لە سەرشۆڕی وملکەچییەک کە بە

هۆی شەریعەتی ئیسلامەوە و لە ڕێگای زمـــمەوە بەسەریدا سەپاوە ڕزگاری ببێت.

مەسیحییەکان دەتوانن بو ڕەتکردنەوەی ئەم دوو پەیمانە، ئەو ئازادییەی کە مافی خۆیانە بەدەستی بهێنن.

## دوو پەیمان

وشەی عەرەبی ئیسلام، بە مـــانـــای ڕادەســـت بـــوون و ملکەچییە. ئەو ئـــاییینەی کە محـــمد بڵاوی دەکاتەوە، دوو جۆرە ڕادەســـت بـــوون و ملکەچی دەخـــاتە بەردەم جیهان. یەکەمینی سەبـارەت بە ئەو کەسـانەیە کە بـاوەڕیان گۆڕیوە بە ئیسلام و ئەم ئایینەیان قبووڵ کردووە. دووهەمینیشی سەبارەت بە ئەو کەسـانەیە کە مـوسڵمان نین بەڵام کەوتـوونەتە ژێر دەسەڵاتی ئیسلام بە بێ ئەوەی کە بـــاوەڕی خۆیانیان بۆ ئیسلام گۆڕیبێت.

- ئەوکەسەی کە هـــاتبێتە سەر دینی ئیسلام بە گـــوتنی شایەتومان کە هەمان پەیماننامەی ئیسلامە، لەگەڵ ئەم دینە پەیمان دەبەستێت. شایەتومان واتە شایەتیدان بۆ تاقانە بوونی ئەڵڵا و پەیغەمبەر بوونی محمد و هەموو بڕیارەکانی ئەم شەهادەیە.
- بەڵام ئەوکەســـانەی کە دەسەڵاتی سیاسی ئیسلام قـــبووڵ دەکەن بە بێ ئەوەی کە بڕۆنەسەر دینی

ئیسلام، له ڕێگای زمـــمه بـــوونەوه لەگەڵ ئیسلام دەسازێن. زممه بەشێک له نەریت و یاسای ئیسلامییه که مـــاف و پـــابەنـــدبـــوونەکانی مەسیحییەکان و بـــاوەڕدارانی ئـــایینەکانی دیکه ( خـــاوەن پەرتـــووک ) دیاری دەکات که بـاوەڕی ئیسلامیان قـبووڵ نەکردووه بەڵام له ژێر دەسەڵات و داگیرکاری ئیسلامـــدا ژیان دەکەن.

بەڵام دەبێت لەبەرامبەر ئەم داواکارییەی ئیسلامدا ڕابوەستین که دەیهەوێت هەمـوو خەڵکی جیهان یان شـایەتومـان بێنن یان ببن به زممەی ئەو.

زۆر سەیـروسەمەره نییه ئەگەر کەسێک له ئیـسلام هەڵگەڕێتەوه و ببێت به مەسیحی و ئیسلام ڕەت بکاتەوه. بەڵام زۆر کەس ئەوه نـازانـن که تەنـانەت هەنـدێک مەسیحی هەن که قەت مۆسڵمان نەبـــوونه، بەڵام بەو پێیەش ڕەنـــگه لەژێردەسەڵاتی ئیسلامـدا بـن و زۆر پێویسته که بەرامـبەر به پەیمانی زممه ڕابوەستن و ترس و شەرمەزارییەک که ئیسلام بەسەر نامۆسڵمانەکاندا دەیسەپێنێت ڕەت بکەنەوه.

پەرتـــووکی ڕزگـــاری بۆ دیلەکان به شێوازێکی کورت و به ڕوونی ئەوەی که لەسەر شـــایەتـومـــان و زمـمه هەیه بهێنێته بەربـاس و خـوێنەر بـانگهێشت بکات که سەرنـج بـداته عیسای مەسیح، دەسەڵاتی ژیانی ئەو و سەرچـاوه ڕۆحـانییەکانی ئەو بۆ ئـــازادی که له ڕێگای خـــاچەوه بەدیدێت. له کۆتـــاییدا ئەم

پەرتووکە بە هەندێک بنەما لە پەرتووکی پیرۆز و ئەو نزایانە کە دایناوە، ئەو توانایە بە خوێنەر ئەدات کە ئەو ئازادییەی کە مەسیح لەباتی هەموان بەدەستی هێناوە، وەربگرێت.

## کواستنەوە لە دەسەڵاتێکەوە بۆ دەسەڵاتێکی دیکە

زۆربەی فەقێیەکان و پیاوە ئـــایینییەکانی ئیسلام لەسەر بەتوانا بوونی خودا پێداگری دەکەن. ئەوان پێداگرییان لەسەر ئەوەیە کە بەس ئەڵڵایە کە تـوانـایی تەواوی هەیە. لە ڕاسـتیدا ئەوان بەم کارە دەیانـــهەوێت ئەوە بـــسەلمێنن کە شەریعەتی ئیسلام لەسەرووی هەمـــوو بـــنەمـــاکانی دادپەروەری و دەسەڵاتە. یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی ئەم پەرتووکە ئەوەیە کە مەسیحییەکان ئەم مـــاف و ئەرکەیان هەیە کە هەرجۆرە دەسەڵاتێکی ڕۆحـــانی کەلەسەریان زاڵە و لەدژیانە ڕەتی بکەنەوە.

لە فێرکارییەکانی مەسیحیدا، شوێنکەوتووی عیسای مەسیح واتە ڕەت کردنەوەی هەمـــوو دەسەڵاتە ڕۆحییەکان جـــگە لە عیسای مەسیح. پۆڵسی نێردراو لە نامەی کۆلوسیدا باس لەوە دەکات کە بـــاوەڕ هێنان بە عیسای مەسیح، وەک ئەوەیە کە لە پاشایەتییەکەوە بەرەو پاشایەتییەکی دیکە بڕۆیت.

(( خودای باوک ئەوەی لە دەسەڵاتی تاریکی دەربازی کردین و ئێمەی بۆ شـانشینی کوڕە خۆشەویستەکەی گـواسـتەوە، بە

یەکبوون لەگەڵ ئەودا کردراینەوە، واتە لێخۆشبوونی گوناهمان وەرگرت. )) ( کۆلۆسی ١ : ١٣ – ١٤ )

ئەو ڕێکارە ڕۆحییە کە لەم پەرتوکەدا پێشنیار کراوە بەشێوازێک کاریگەری و بەکارهێنانی بنەمای ڕۆشتنە لە پاشایەتییەکەوە بۆ پاشایەتییەکی دیکە. باوەڕدارێکی مەسیحی، وەک بنەمایەکی سەرەکی لە ڕزگار بوونی، دەکەوێتە ژێر ڕێبەرایەتی عیسای مەسیح. لەئاکامدا، ئەو ئیدی لە ژێر "دەسەڵاتی تاریکیدا" نییە. بۆ ئەوەی کە باوەڕدارەکان، بەرامبەر بە بانگەشەکانی ئیسلام، ئەم ئازادییە تەواوەی کە لە عیسای مەسیحدایە وەریبگرن و بیچێژن ئەمە مافێکە، کە بەهۆی لەدایک بوون لە مەسیحدا پێیان دەدرێت، دەبێ بزانن کە لە کوێوە هاتوونەتە دەرەوە و بەرەو کوێ دەڕۆن. ئەم پەرتووکە ئەم زانستە بە خوێنەرەکانی دەدات و هەندێک زانیاری دەخاتە بەردەم مەسیحییەکان تا بۆ ئەنجامدانی ئەم بابەتە توانایی بەدەست بهێنن.

## شمشێر ڕێگای چارەسەر نییە

بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ پاوانخوازی ئیسلام ڕێگای جۆراوجۆری زۆر هەن: چالاکییە سیاسییەکان، هەڵویستی بەکۆمەڵ و چالاکییەکانی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤ، لێکۆڵینەوەی زانستی و کەڵک وەرگرتن لە ڕاگەیاندنەکان بۆ دەرخستنی ڕاستی. هەندێک جار لە هەندێک لە کۆمەڵگاکان و

وڵاتاندا ڕەنگە کەڵک وەرگرتن لە هێزی سەربازیش بژاردەیەک بێت.

ئەو کاتەی کە محمد شوێنکەوتووانی ڕاسپارد کە باوەڕی ئیسلامی بگەیننە ئەو کەسانەی کە مۆسڵمان نین؛ ئەو سێ بژاردەی خستە بەردەم ئەو کەسانەی کە مۆسڵمان نین:

یەکەمین بژاردە قەبوڵ کردنی ئیسلام و شایەتومان بوو. دووهەمینی خۆڕادەست کردن بە سیاسەتی ئیسلام و لە ڕێگای پەیمان نامەی زمەمە واتە دەروەست بوون. بەڵام سێهەم بژاردە شمشێر بوو، واتە بۆ پاراستنی گیانی خۆیان شەڕ بکەن تا ئەو کاتەی کە دەکوژرێن یان دەکوژن و ئەمە لە دەستەواژەی بکوژە و ببڕەیە کە لە قورئاندا بەکار هاتووە ( قورئان سوورەتی ٢٩ : ٩ ، ١٩٠ : ٢ ، ١٩٣ : ٢ ، ٢١٧ : ٢ ، ١١١: ٩ ).

لەهەمان کاتدا ڕاوستان بەرامبەر بە جیهاد، جگە لە ئەگەری شکست خواردن بەرمبەر بە مۆسڵمانەکان، مەترسی ڕۆحانیشی لەگەڵە. ئەو کاتەی کە مەسیحییەکانی ڕابردوو بە دژی زێدەخوازی و پەلاماری ئیسلام بۆ سەر وڵاتان ڕاوستان، کۆمەڵە پێکدادانێک ڕوویان دا کە زیاتر لە هەزار ساڵ درێژەی کێشا؛ و هەروەها هەشت سەد ساڵی خایاند تاکو دۆڕگەی ئیسپانییا و پۆرتگاڵ ئازاد کرا لە داگیرکاری ئیسلام بەدەستی مەسیحییەکان، لە حاڵێکدا کە بە هۆی ئەم

پێکدادانانەوە ئەم ناوچانە بۆ هەتاهەتایە تووشی گۆڕانکاری بوون و ئەم گۆڕانانەش هەردەم بە شێوازی ئەرێنی نەبوو.

هێشتا حەوت ساڵ لە تالان کردنی ڕۆم بەدەستی مۆسڵمانان تێنەپەڕیبوو کە پاپ لیۆ لە ساڵی ٨٥٣ زایینی، بەڵێنی بە مەسیحییەکان دا کە ئەو کەسانەی کە لە کڵێساکان و شارە مەسیحییەکان لەبەرامبەر عەرەبەکاندا بەرگری دەکەن دەڕۆنە بەهەشت. پاش سێ سەدە پاپ گریگۆری حەوتەم بەڵێنیدا کە ئەو کەسانەی کە لە شەڕ بۆ بڵاو کردنەوەی مەسیحییەت لەگەڵ خەڵکی ئەو وڵاتانەی وا مەسیحی نین دەکوژرێن، تاوانەکانیان دەبەخشرێت. ئەم باوەڕ بە شەڕی پیرۆزە کە لە شەڕی خاچەکاندا لە ئیسلام وەرگیرابوو، بوو بە دەسپێکی ئیلاهیاتی " جیهادی مەسیحی". ئەم ڕۆانگەیە بەهۆی داگیرکەرە ئیسپانییاییەکانەوە بەرەو جیهانی نوێ ( قارەی ئامریکا ) ڕۆیشت و ئاکامێکی خوێناوی لیکەوتەوە. ئیدی مەسیحییەکان گوتاری " شەڕی پیرۆز" نادەن، و فێرکاری ناکەن. بەڵام ئەم ڕاستییە کە زۆربەی باوەڕدارانی مەسیحی لە باوەڕی نادروستی "جیهادی مەسیحی" دا گرفتار بوون، ئاکامی دژکردەوەی ڕاستەوخۆ بوو بە ئیلاهیاتی ئیسلامی و وانەیەکی بەکەڵک بوو کە مەترسییەکانی بەربەرەکانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسلام وەبیر بهێنێتەوە.

بنەمای دەسەڵاتی ئیسلام نە سەربازییە و نە سیاسی، بەڵکو ڕۆحانییە. خواستەکانی ئیسلام لە تاک لە بنەڕەتدا لە

جۆری ڕۆحین، و ئەم خــواســتانە لە شەریعەتی ئیسلامیدا لە ڕێگای دوو دەستەواژەی شایەتومان و زممەوە دەگوترێتەوە.

هەر بۆیە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هێزی ڕۆحی ئیسلام، ئەو سەرچـاوانەی کە ئەم پەرتـووکە بە خـوێنەری دەدا لە جۆری ڕۆحین تـا تـاکەکان بـتوانـن بەرامـبەر بە ئیسلام ڕابـوسـتن و ئـازاد بن. ئەم سەرچاوانە بۆ بـاوەڕدارە مەسیحییەکان ئـامادە کراوە تا بە تێگەیشتن لە مانای ڕاستەقینەی خاچ، لە ڕوانگەی پەرتووکی پیرۆز و بەکارهێنانی لە ژیانی تاکەکەسییاندا بگەن بە ئازادی.

## " نەک بە هێزی مرۆیی"

لە پەرتـــووکی دانیالی پەیغەمـــبەر، پێشبینی و خەونێکی سەرئـــاســـا هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ٦٠٠ ســـاڵ پێش لەدایک بوونی مەسیح. لەم پەیغەمبەرایەتییەدا لە نێوان پاشایەتییەکانی دوای ئێسکەندەری گەورە، پاشایەتییەک سەرهەڵدەدا:

(( لە دوایین پـاشـــایەتییان، کاتێک یاخیبوون لە دژی خــودا دەگـاتە ئەوپەڕی، پـاشـایەکی ڕوو وشک و فێڵباز پەیدا دەبێت. هێزی زۆر دەبێت، بەڵام نەک بە هێزی خۆی، لە ڕادەبەدەر وێرانکاری دەکات و سەرکەوتـــوو دەبێت لە هەرچی بیەوێت بیکات. تواناداران و گەلە پیرۆزەکە لەناودەبات. بە تەڵەکەبازی وا دەکات فێڵبازی سەرکەوتـــوو بێت، دڵی لەخۆبـــایی دەبێت. کاتێک لە ئـاســوودەییدا زۆران لەنـاودەبـات و لە دژی میری

میران دەوەســــتێتەوە. لەگەڵ ئەوەشـــدا تێکدەشکێنرێت، بەڵام بەبێ هێزی مرۆڤانە. )) ( دانیال ٨ : ٢٣ – ٢٥ )

تایبەتمەندییەکانی ئەم دەسەڵاتدارە وێکچوویەکی زۆری بەو میراتەوە هەیە کە لە محمد بەجێ ماوە؛ وەکو هەستی خۆبەزل زانی لە ئیسلامـــدا، هۆگـــری ئیسلام بە سەرکەوتـــن، کەڵک وەرگـــرتـــن لە فێڵ و تەڵەکە، پشـــت بەســـتن بە زۆرداری و ســـامـــانی گەلانی دیکە بۆ پەرەسەنـــدی دەسەڵاتەکەی، خۆسەپاندن بەسەر کەسانێکدا کە لەبەر هستی خۆپارێزی لە هەلـــومەرجێکی نـــاسکدان، و ئەزمـــوونێکی زۆر هەیە لە لەناوبردنی کۆمەڵگا مەسیحی و یەهوودییەکان.

ئایا ئەم پێشبینییانە سەبارەت بە محمد و ئایینەکەیەتی کە ئاسەواری ڕۆحی و ڕەوشتی لێ بەجێماوە؟ ئەگەر وابێت، ئەم بەشە لە پەرتـــووکی پیرۆز سەرەڕای هیوابەخشین بە سەرکەوتنی کۆتای لە بەرامبەر ئەم دەسەڵاتە، هۆشداریشمان پێ دەدات کە ئازادی و سەرکەوتن تەنها بە هێزی مرۆیی و شێوازە سیاسی، سەربازی و ئابووریەکان بەدەست نایەت.

پاش سالانێک بیرکردنەوە و خوێندەوە بەم ئاکامە گەیشتم کە ئەم هۆشداری و پێشبینیە سەبارەت بە ئیسلام، کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو مـــافەی هەیە کە بەسەر خەڵکدا حـــوکم بکات، ڕاستە.

ئەو دەسەڵاتەی کە ئیسلام پشتی پێ دەبەستێت لە جۆری ڕۆحی و مەعنەویە، هەر بۆیە بەربەرەکانێ شوێندانەر بۆ ڕزگار بوون لە ئەم پاوانخوازییە، پێداگریی ڕۆحییە.

ڕەنگە هەندێک ڕێگای دیکەش پێویست بێت بۆ بەرگریکردن لە زرەرەکانی پاوان خوازی ئیسلام، بەڵام ئەم شێوازانە لە ڕەگ و ڕیشەوە بنبڕی ناکەن.

من هاتوومەتە سەر ئەو باوەڕە کە بەس عیسای مەسیح و خاچەکەیەتی کە تاکە کلیلی هەتاهەتاییە بۆ ڕزگاری لە کۆیلایەتی ئیسلام. لەبەر ئەم بیرکردنەوەیە کە ئەم پەرتووکەم نووسیوە؛ کە ئامانجە سەرەکییەکەی ئەوەیە کە پیرۆزەکان ( مەسیحییەکان ) ئامادە بکات بۆ ئەوەی لە دوو ئامانجی سەرەکی ئیسلام واتە شایەتومان و ژێردەستەیی ( زممە ) کە ڕۆحی مرۆڤ دەکاتە کۆیلە، ڕزگار بکات.

## ئەگەر دەتانهەوێت زیاتر بزانن...

ئامانجی ئەم پەرتووکە ئەوەیە کە ڕێنوێنیکەرێکی ڕوون و ڕاشکاو بێت. ئەگەر خوێنەران حەزیان لێیە کە زانیاری زۆرتریان لەسەر ئیسلام هەبێت و ڕاستی ئەم زانیارییانە لە سەرچاوە سەرەکییەکان ببیننەوە، دەتوانن سەردانی پەرتووکەکانی دیکەم بکەن کە سەبارەت بە ئیسلام نووسیومە وەکوو: ڕێگای سێهەم، ئیسلام، زممە و ڕزگاری. ئەم

پەرتووکە بۆ پشتڕاست کردنەوەی بانگەشەکەی سەبارەت بە ئیسلام، ئاماژەی بە سەرچاوەی زۆر کردووە.

## بەشی دووهەم

# شایەتومان

### چۆن ببین بە موسڵمان

وشەی ئیسلام دەستەواژەیەکە کە بە مانای ڕادەست بوون دێت و وشەی مۆسڵمان بە واتـــای ڕادەســـتکراوە، واتە ئەو کەسەی کە خۆی ڕادەستی ئەڵڵا دەکات.

ڕادەست بوون بە چ مانایەکە؟ ئەو دیمەنە کە لە قورئاندا ئەڵلامان پێدەناسێنێت ئەو وەک سەرۆکێکی بەدەسەلات نیشان ئەدات، کە دەسەلاتی بەسەر هەمــوو کەس و هەمــوو شــتێکدا هەیە. و چــاوەڕوانیان لە هەمــوان ئەوەیە کە لەبەرامــبەر ئەم دەسەلاتەدا سەرشۆڕبکەن.

قبووڵ کردنی ئیسلام واتە ملکەچ بوون بە ئەڵڵا. کە ئەمە بە گوتنی یاسای باوەڕی ئیسلام واتە شایەتومان پێک دێت.

لآ اِلَهَ اِلّا اللّٰهُ مُحَمَّدٌ رَسُوُل اللّٰهِ

مـن شــایەتی ئەدەم کە جـگە لە ئەڵڵا، خـودایەکی دیکە نییە، و محمد پەیغەمبەری ئەڵلایە.

بە قبووڵ کردنی شـایەتـومـان و دووپـات کردنەوە، ئەو کەسە دەبێت بە موسڵمان.

هەرچەنـدە شـایەتـومـان لە چەنـد وشە زیاتـر نییە، بەڵام کاریگەی زۆری هەیە. بە گـوتنی شـایەتـومـان، ئێوە پەیمانێک قــبووڵ دەکەن کە بە پێی ئەوە محــمد دەبێت بە ڕێنوێنیکەری ژیانتان. موسڵمان بوون هاوتەرییە لەگەڵ ژێردەست بوون و شـــوێنکەوتـــوویی بۆ ئەمـــلاوئەولای محـــمد وەک کۆتـــا پەیغەمبەری ئەڵڵا کە ڕێنوێنیکەری هەموو ڕەهەندەکانی ژیانە.

فێرکارییەکانی محــمد لە دوو سەرچــاوەوە کۆ کراونەتەوە کە پێکهێنەری سەرچاوەی ئیسلامین:

- قــورئــان کە کۆمەڵێک ســروش کە محــمد لە ئەڵڵای وەرگرتووە.
- حەدیس کە نـموونەکانی ژیانی محـمد دەخـاتەڕوو، کە بریتییە لە دوو شت:

فێرکارییەکانی محــمد: هەمــوو ئەو شــتانەی وا محـمد فێری خەڵکی کرد.

کرداری محمد: هەموو ئەو شتانەی کە محمد لە ژیانی خۆیدا ئەنجامی داوە.

چیرۆکی ژیانی محـــمد بە دوو شێواز بۆ مـــوسڵمانەکان کۆکراوەتەوە. یەکەم: کۆمەڵێک لە حەدیسەکان کە بـــریتییە لە ئەو شتانەی وا محمد وتوویە و ئەنجامی داوە.

دووهەم سەربوردەی ژیان و کەسایەتی ( السیرة النبویة ) محـــمدە: کە بە شێوازی ڕیزبەنـــدی مێژوویی بـــاسی ژیان و بەسەرهاتی محمد دەکا.

**کەسایەتی محمد**

ئایا محمد نموونەیەکی بالایە بۆ شوێنکەوتن؟ بەو پێیە کە هەندێک لە لایەنەکانی ژیانی محمد ئەرێنییە و تەنانەت هەندێک لە لایەنەکانی بەنـــرخـــن، و هەنـــدێک بەشی سەرنجڕاکێشیشی تێدایە، بەڵام هەنـــــدێک لایەنی دیکەی ژیانی بە پێ پێوەری ڕەوشـــــت نەرێنییە و بە هیچ شێوەیەک قـــبووڵ نـــــاکرێت. گێڕانەوەیەکی زۆر لە حەدیس و هەڵسوکەوت لە ژیانی ئەودا هەن کە زۆر هەژێنەرن، هەنـــــدێک کردەوە وەکوو کوشـــــتن، ئەشکەنجە، دەستدرێژی و جۆرەها کەڵک وەرگرتنی نابەجێ لەژنـــــان، بە کۆیلە کردن، دزین، هەڵخەڵەتـــــانـــــدن، و شۆڕش بەرپاکردن بە دژی ناموسڵمانەکان.

ئەم گێڕانەوانە کە سەبارەت بە کەسایەتی محمدە، جگەلەوەی کە جێ نیگەرانین، بەڵکو شـــــوێندانەری لەسەر هەمـــــوو موسڵمانانیش هەیە. ئەڵڵا لە قورئاندا محمد وەک باشترین نموونە بە شوێنکەوتووانی دەناسێنێت، بۆیە ئەو نموونانەی سەرەوە کە لە ژیانی محـمد بـاس کران وەک نـموونەیەک بۆ هەمـــــوو مـــــوسڵمانەکان دەسنیشان کراوە تـــــا ئەوانیش ئەم کردەوانە پەیڕەوی بکەن.

سەرەڕای ئەوە هەر کەسێک شـایەتـومـان بە زمـان بهێنێت، پـابەنـد دەبێت بە شـوێنکەوتـن و لاسـاییکردنەوەی کەسـایەتی محمد، لەبەر ئەوەی کە کەسەکە بە گوتنی شایەتومان، محمد وەک نێردراوی ئەڵڵا قـبووڵ دەکات. دووپـات کردنەوەی شایەتومان واتە قەبووڵ کردنی فێرکارییەکانی محمد بۆ ژیان. لە قورئاندا واهاتووە کە محمد باشترین نموونەیە بۆ ژیان و هەموان دەبێت پەیڕەوی بن:

" هەر کەسێک گـوێرایەڵی پێغەمـبەر بکات ئەوە بەڕاسـتی گوێرایەڵی خوای کردووە. " _ سوورەتی ٤ : ٨٠

" بۆ هیچ پیاوو ئـافـرەتێکی بـاوەڕدار نیە کاتێک خـواو پێغەمـبەرەکەی بڕیاری هەر کارێکیان دا (بۆیان نیە) کەسەرپشک بن لەکارەکەیاندا وە هەر کەس سەرپێچی خواو پێغەمـبەرەکەی بکات ئەوە بەڕاسـتی گـومڕا بـووە بەگـومڕا بونێکی ئاشکرا. " سوورەتی ٣٣ : ٣٦

" جـا هەر کەس گـوێرایەڵی خـواو پێغەمـبەرەکەی بکات وە لەخـوا بـترسێ و خۆی لە (سەرپێچی) خـوا بـپارێزێت ئەوە بەڕاستی هەر ئەوانە سەرکەوتوون. " سوورەتی ٢٤ : ٥٢

" وە هەر کەسێک گـوێڕایەڵی خـوا و پێغەمـبەر بکات جـا ئەوانە لەگەڵ کەسـانێکن کە خـوا فەزڵ و بەهرەی (خۆی) ڕشتووە بەسەریاندا لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان

و پیاوچـــاکان وە ئەوانە چ هاوڕێ و هاوەڵێکی چـــاکن. " سوورەتی ٤ : ٦٩

دژایەتی کردنی بڕیار و نـــموونەی محـــمد نیشانەیەک لە بێ بـــاوەڕییە کە ئـــاکامەکەی بۆ ئەم دنیایە شکستە و بۆ دنیاکەی دیکەش ئـــاگـــری دۆزەخە. ئەم ڕەســـتانە لە قـــورئـــانـــدا بۆ موسڵمانان هاتووە:

" وەهەرکەسێک دژایەتی (پێغەمـبەر) بکات پـاش ئەوەی کە ڕێبازی ڕاســـتی بۆ ڕوون بـــوویەوە وشـــوێنی ڕێگایەکی تـــر بکەوێت بێجگە لەڕێگای بڕواداران ڕووی وەردەگێڕین بۆئەو ڕێبازەی کەهەڵی بـــژاردووە و دەیخەینە دۆزەخ ئـــای چ پاشەڕۆژێکی خراپە. " ( سوورەتی ٤ : ١١٥ )

" ئەوەی پێغەمـــبەر پێی دان وەریبگرن وە ئەوەی لێتانی قەدەغەکرد وازی لێ بهێنن وە لە خوا بترسن بێگومـان خوای گەورە سزای سەختە. " ( سوورەتی ٥٩ : ٧ )

" هەر کەسێک بێ فەرمـــانی خـــوا وپێغەمـــبەری بکات ئەوە بێگومـــان ئـــاگـــری دۆزەخ بۆ ئەوە، تێیدا دەمێنێتەوە بە هەمیشەیی. " ( سوورەتی ٧٢ : ٢٣ )

هەروەهـــا قـــورئـــان بڕیار دەدات کە هەر کەسێک مۆحەمـــەد ڕەت بکاتەوە دەبێ لەگەڵی شەڕ بکەن:

" جەنـــگ بکەن لەگەڵ ئەوانەی کەبڕوا نـــاهێنن بەخـــوا وە بەڕۆژی دوایی وە بەحەرامی دانـــانێن ئەوەی کە خـــوا و

پێغەمــبەرەکەی حەرامیان کردووە، وە ملکەچ نــاکەن بۆ ئــاینی ڕاســـــت و دروســـــت (ئــــاینی ئیسلام) لە ئەوانەی کتێبیان پێ بەخشــراوە (مەبەســت پێی گــاور وجـولەکەکانە) هەتـا بـاج و سەرانە دەدەن (بەدەوڵەتی ئیسلامی) بەدەســـــتی خۆیان و بەملکەچی لەکاتێکدا ئەوان سەرشـوڕو ڕیسوان. " ( سـوورەتی ٩ : ٢٩ )

" ... بە زوویی تــرس و بیم دەخەمە دڵی ئەو کەســانەی کە بێ بـاوەڕ بـوون جـا ئێوەش لەسەرووی گەردنیان بـدەن (واتە: سەریان) وە لە هەموو سەر پەنجەکانیان بدەن (واتە لە هەموو لاشـەیان بـدەن لەسەرەوە تـا خـوارەوە. ئەوە لەبەر ئەوەی کە بەڕاســـتی ئەوانە دژایەتی خـــوا و پێغەمـــبەرەکەیان کرد هەر کەسێکیش دژایەتی خـوا و پێغەمـبەرەکەی بکات ئەوە بێگومـان تۆڵە و سزای خوا زۆر سەخت وبەتینە. " ) سـوورەتی ٨ : ١٢ – ١٣ )

## قورئان: بەڵگەیەکە لە کەسایەتی محمده

ئەو مــوسڵمانــانەی کە پــابەنــدن بە فێرکارییەکانی ئیسلام، بـــاوەڕیان هەیە کە قــورئـــان بەتەواتی ســـروشی خـــودایە و پەرتــــووکێکی تەواوە بۆ ڕێنوێنی مــــرۆڤایەتی، کە لە ڕێگای پێغەمبەرەکەیەوە دراوە. ئەگەر ئێوە پەیغەمبەرکە قەبوڵ بکەن، دەبێت پەیامەکەشی قبووڵ بکەن. شـایەتومان، موسڵمان پابەند دەکات کە باوەڕی بە قورئان هەبێت و ملکەچی بێت.

کلیلی تێگەیشتن لەبەرهەمهاتنی قورئان، ئەوەیە کە محمد و قورئان وەک پەیوەندی جەستە و بڕبڕەی پشت زۆر پێکەوە نزیک و لکاون، حەدیس بێ یەکتر بەردەوام نابن و ناتوانی لە هیچیان تێ بگەی ئەگەر ئەوەکەی دیکەی نەبێت.

## شەریعەتی ئیسلام – ڕێگای موسڵمان بوون

بۆ شوێنکەوتنی فێرکاری و بە نموونە وەرگرتنی محمد، تاکی موسڵمان دەبێت قورئان و حەدیس پەیڕەو بکەت. بەڵام قورئان و حەدیس وەک مادەیەکی خاون کە دەست پێڕاگەیشتن و تێگەیشتن و ئەنجامدانیان بۆ زۆربەی موسڵمانەکان زۆر ئەستەم و ئاڵۆزە. هەربۆیە لە یەکەم سەدەکانی ئیسلامدا ڕێبەرانی ئاییینی بۆیان دەرکەوت کە زۆرینەی موسڵمانەکان دەبێ پشت ببەستن بە گرووپێکی بچووک لە کەسانی شارەزا تاکو مادەی خاوی حەدیس و قورئان وەک قەوارەیەکی ڕێکخراو لە یاسای ژیانی ڕۆژانە ئامادەبکەن. لە ئەنجامدا، بەپێی بنەمای قورئان و حەدیس محمد، پیاوە ئاییینییەکانی ئیسلام شەریعەتیان پێکهێنا، کە بە مانای ڕێگای ژیانی تاکی موسڵمانە.

هەروەها دەتوانین شەریعەتی ئیسلامی بە شەریعەتی محمد ناو ببەین چوونکە بە پێی نموونە و فێرکاریەکانی محمد داڕێژراوە. شەریعەت وەک کومەڵە یاسایەکە کە باس لە

شێوازێکی ژیان دەکات. بە بێ شەریعەتی ئیسلامی، ئیسلامیش بوونی نابێت.

چونکە سوننەتی محمد بە پێی یاسای شەریعەتە، ئەوە زۆر گرینگە کە ئەو وردەکاریانە کە لە ناو ئەحادیس یا سیرەدا ئەنجامی داوە دانەپۆشین و یان بە خەمساردییەوە باسیان نەکەین. چاوپۆشی لە ڕاستەییەکانی ژیانی محمد واتە چاوپۆشی لە مافی کەسانێک کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامدا دەژین. هەر کارێک کە محمد ئەنجامی داوە، شەریعەتی ئیسلامیش موسڵمانان بۆ ئەنجامدانی هان ئەدات و لە ئاکامدا شوێندانەری لەسەر ژیانی میلیۆنان موسڵمان و ناموسڵمان هەیە. ڕەنگە لەم سەردەمەدا لە نێوان ژیانی محمد و خەڵک پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ بوونی نەبێت، بەڵام ئێستاکەش ژیانی محمد گرینگ و کاریگەری هەیە.

خاڵێکی دیکە سەبارەت بە شەریعەت کە دەبێ سەرنجی بدەینێ ئەوەیە کە بە پێچەوانەی یاساکانی پارلەمانە کە لە ڕێگای خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن یان دانی پێدادەنرێت، وایدائەنێن ک شریعەتی ئیسلام نەگۆڕە چوونکە پێیانوایە کە ڕاسپاردەی خودایە و تەواوە. لە هەندێک لە بوارەکاندا خۆگونجاندن هەیە چونکە شتی نوێ پەیدا دەبێت کە پیاوە ئاینییەکانی ئیسلام دەبێت بە بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندن ڕێچارەیەک ببیننەوە کە چۆن لەم جۆرە کارانەدا شەریعەت بەکار بێنن. بەڵام ئەم خۆگونجاندنە بەس سەبارەت بە بابەتە

لاوەکییەکانە نەک کۆی گشتی شەریعەت کە وەک سیستەمێکی بێ کێشە لە پێشدا دارێژراوە و لەبەرچاو گیراوە.

## بەڵێنی سەرکەوتن

باشە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە پاداشتی ئەو کەسانەی کە لە ڕێگای ڕاست ( ڕێگای ئیسلام ) هەنگاو دەنێن چییە؟ بۆ ئەو کەسانەی کە ملکەچی ئەڵڵا دەبن و ڕێنوێنی لە ئەو وەردەگرن، خەڵاتەکەیان سەرکەوتنە لە ئەم دنیاو دنیاکەیتر.

بانگهێشت کردنی خەڵک بۆ ناو ئیسلام، بانگهێشتە بۆ ڕزگاری و سەرکەوتن. ئەم بانگهێشتە ڕزگارییە، بەردەوام لە ڕێگای بانگدانەوە بڵاو دەبێتەوە کە بانگهێشتی مۆسڵمانەکان دەکات و لە ڕۆژدا پێنج جار دووپات دەبێتەوە:

ئەڵڵا هەرە گەورەترینە! ئەڵڵا هەرە گەورەترینە!

ئەڵڵا هەرە گەورەترینە! ئەڵڵا هەرە گەورەترینە!

شایەتی ئەدەم هیچ پەرستراوێکی هەق نیە جگە لە الله.

شایەتی ئەدەم هیچ پەرستراوێکی هەق نیە جگە لە الله.

شایەتی ئەدەم موحەممەد پەیامبەری خوایە.

شایەتی ئەدەم موحەممەد پەیامبەری خوایە.

وەرن هەڵسن بۆ نوێژ.

وەرن هەڵسن بۆ نوێژ.

وەرن هەڵسن بۆ سەر فرازی.

وەرن هەڵسن بۆ سەر فرازی.

ئەڵڵا هەرە گەورەترینە! ئەڵڵا هەرە گەورەترینە!

ئەڵڵا هەرە گەورەترینە! ئەڵڵا هەرە گەورەترینە!

لە قــورئــانــدا پێداگــرییەکی زۆر لەسەر سەرکەوتــن هەیە و مــــرۆڤەکان بە سەر دوو بەرەدا دابەش دەکات. و ئەو کەســــانەی کە ئەڵڵا قەبـــوڵ نــــاکەن بەردەوام بە دۆڕاو ناودەبردرێن:

"وە هـەر کەسێک دوای هەر ئــاینێک بکەوێت جــگە لە ئــاینی ئیسلام ئەوە لێی وەر نــــاگیرێت وە ئەو لە ڕۆژی دواییدا لە زەرەرمەندانە." سوورەتی ٣ : ٨٥

"سـوێند بەخـوا نیگا کراوە بۆ تۆ وەبۆ پێغەمـبەرانی پێش تۆش ئەگەر هـاوبەش بۆ خـــوا دابنێیت بەڕاســـتی کردەوەت هەڵدەوەشێتەوە وە بێگومـــان لەزەرەرمەنـــدان دەبیت. " سوورەتی ٣٩ : ٦٥

ئەم لایەنــگری و پێداگــرییەی ئیسلام سەبــارەت بە بــراوە و دۆڕانە بەم مـــانـــایە دێت کە مــــوسڵمانەکان لە ڕێگای ئەم ئــایینەوە فێر کراون کە خۆیان لە سەرووی نــامــوسڵمانــان

بزانن، و بەو موسڵمانانەی کە خۆیان زۆر دەپارێزن گوتراوە کە خۆتان لە موسڵمانانی دیکە بە سەرتر بزانن.

## جیهانێکی دابەشکراو

لە نێوان سوورەتەکانی قورئاندا بابەتی زۆر سەبارەت بە موسڵمانەکان و هەروەها ئەو کەسانە هەیە کە سەر بە باوەڕەکانی دیکەن. یاسای ئیسلام خەڵک بەسەر چوار گرووپدا دابەش دەکات:

1. لە پلەی یەکەمدا موسڵمانە ڕاستەقینەکانن.
2. دوای ئەوە گرووپ و تاقمێکی دیکە هەن کە بە موسڵمانانی دووڕوو ناو دەبردرێن.
3. پاشان بت پەرەستەکانن کە زۆرینەی عەرەبەکانی پێش هاتنی محمدن. ئەو وشەیە کە لە قورئاندا بۆ ئەمانە بەکار هاتووە وشەی ' موشریکە' . ئەمانە ئەو کەسانەن کە هاوڵ دادەنێن بۆ ئەڵلا و دەڵێن کە کەس یان شتێکی دیکە وەک ئەڵلا بوونی هەیە.
4. دوایین گرووپ ئەو بە ' خەڵیک خاوەن پەرتووک ' ناودەبردرێن. ئەم گرووپە یەکێک لە گرووپەکانی سەربە موشریکەکانە و مەسیحییەکان و یەهوودییەکانیش دەگرێتەوە. ئیسلام ئەوان بە لادەر دادەنێت، چوونکە

قـورِئـان مەسیحییەکان و یەهـوودییەکان وەک کەسـانێک دەناسێت کە شەریکیان بۆ ئەڵڵا داناوە.

لە ڕوانــگەی ئیسلامەوە خەڵکی خــاوەن پەرتــووک، واتە مەسیـحییەت و یەهــوودییەت هەردوو لە ئیـسـلامەوە سەرچـاوەیان گــرتــووە. ئیسلام خۆی بە دایکی ئــایینەکان دەزانێت کە بە درێـژای سەدان ســاڵ مەسیـحییەت و یەهوودییەت لەو ڕێگایە لایانداوە. بە پێی قورِئان، مەسیحییەت و یەهـوودییەت لەسەر ئـایینێک بـوون کە لە سەرەتـادا یەک خــودای تەواو بــوو، واتە هەمــان ئیسلام، بەڵام پەرتــووکی پیرۆزی ئەم دوو ئـایینە دەستتێوەردانی تێداکراوە و ئیدی جێ بــاوەڕ نین. هەر بۆیە لە ڕوانــگەی ئــایینی ئیسلامەوە مەسیحییەت و یەهـوودییەت ئـایینی دەسـت تێوەردراون کە لە ئیسلامەوە سەرچاوەیان گرتووە، و شـوێنکەوتووانی ئەم دوو بــاوەڕە لە ڕێگـای ڕاســت لایـان داوە. سەرەڕای ئەوە مەسیحییەکان و یەهــوودییەکان نەیانــتوانی لە نەزانی خۆیان ڕزگـاریان ببێت تـا ئەو کاتەی کە محـمد هـات و قـورِئـانی هێنا. ( سوورەتی ٩٨ : ١ ) محمد خەڵاتێکی ئەڵڵایە بۆ مەسیحییەکان و یەهــوودییەکان تــاکو هەڵەکانیان پشــتڕاســت بکاتەوە. مەسیحییەکان و یەهــوودییەکان دەبێ محــمد وەک نێردراوی ئەڵڵا و قـورِئـان وەک کۆتـا ئـاشکراکردنی ئەو قـبووڵ بکەن. ( سورِەتەکانی ٥ : ١٥ و ٥٧ : ٢٧ و ٤ : ٤٧ ).

لە قــــورِئـــانـــدا هەم بە چـــاکە و هەم بە خـــراپە  بـــاسی مەسیحییەکان و یەهـوودیەکان کراوە. لە ڕۆانگە ئەرێنییەکەوە، گـــوتـــراوە کە هەنـــدێک لە مەسیحییەکان و یەهـــوودییەکان باوەڕدارن و باوەڕێکی دروستیان هەیە ( قورئان سوورەتی ٣ : ١١٣ ). بە لەبەرچـاو گـرتنی ئەوەی کە هەر لەم سـوورەتەدا نووسراوە کە ڕاستی ئەم کەسانە کاتێک دەردەکەوێت کە ببن بە موسڵمان ( سوورەتی ٣ : ١١٩ ).

گەرچی لە قـــورِئـــانـــدا یەهـــوودییەکان و مەسیحییەکان بە ( خەڵکی خـــاوەن پەرتـــووک ) پۆلێن بەنـــدی کراون، بەڵام یەهوودییەکان بە پلەیەک خوارتر لە مەسیحییەکان دادەنێت. بۆ نـــموونە لە ســـوورەتی مـــائیدە ئـــایەتی ٨٤ وا دەڵێت کە مەسیحییەکان لە خۆشەویستیدا لە مـــوسڵمانەکان نـــزیکترن، بەڵام یەهـوودییەکان و بێ بـاوەڕەکان خـراپـترین دژایەتییان لەهەمبەر موسڵمانان هەیە ( سوورەتی ٥ : ٨٢ ).

بەڵام لە کۆتـــاییدا، بەهەرشێوەیەک بێت بیروڕای کۆتـــایی قـورِئـان سەبـارەت بە هەردووک بـاوەڕ واتە مەسیحییەکان و یەهـوودییەکان یەکسان و نەرێنییە. ئەم بـاوەڕە نەرێنییە، هەم لە فێرکارییەکانی ڕۆحی ئیسلام و هەم لە نـــوێژی ڕۆژانەی موسڵمانان کە ڕۆژانە ئەنجامی دەدەن ئاشکرایە.

## نزای ڕۆژانه

بەناوبانگترین سوورەت  لە قورئاندا سوورەتی ئەلفاتیحایە کە بە مانای دەستپێکە. ئەم سوورەتە بەشێکە لە نوێژی ڕۆژانە و ئەرکی سەرشانی موسڵمانانە و لە نوێژ خوێندنەکاندا دووپات دەبێتەوە. کەسێکی موسڵمانی بە باوەڕ کە ڕۆژانە نوێژ دەکات لە ڕۆژدا حەڤدە جـار و زیاتـر لە پێنج هەزار جـار لە سـاڵدا ئەلفاتیحا دەخوێنێتەوە.

سوورەتی ئەلفاتیحا نزایەکە بۆ ڕێنوێنی:

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

هەمـوو سـوپـاس وسـتایشێک بۆ خـوای پەروەردگـاری جیهانیان

بەخشندەی میهرەبانە

تەنها ئەوە خاوەنی ڕۆژی سزا وپاداشت دانەوە

(خوایە) تەنها تۆ دەپەرستین و تەنها لە تۆ داوای یارمەتی دەکەین

ڕێنوێنیمان بکە بۆ ڕێگای ڕاستی

نەک (ڕێگای) ئەوانەی خەشمی (تۆیان) لێگیراوە

وە نەک (ڕێگای) گومڕایان

لەم ســـــوورەتەدا داوا لە ئەڵڵا دەکرێت کە مـــوسڵمانەکان بۆ ڕێگای ڕاســـــت ڕێنوێنی بکات. ئەم ڕێنوێنی کردنە بۆ ڕێگای ڕاســت، نــاوەڕۆک و بـنەمــای پەیامی ڕێنوێنی ئیسلامە. بەڵام مەبەسـت لەو کەسـانەی کە دەکەونە بەر نەفـرەتی خـودایی و یان لە ڕێگای ڕاسـت لایان داوە کێیە؟ و چ کەسـانێک شـایانی ئەوەن کە لە هەر نـوێژێک، هەمـوو ڕۆژێک و بە هەزاران جـار بە درێژایی ژیانی مۆسڵمانێک بکەونە بەر بۆخـــتان و لۆمە کردن؟

محمد مانای ئەم سوورەتەی ڕوون کردووەتەوە و گتوویەتی: "ئەو کەســـانەی کە دەکەونە بەر نەفـــرەتی خـــودایی یەهـــوودییەکانـــن و ئەو کەســـانەیش کە لە ڕێگا لایان داوە، مەسیحییەکانـــن." جێ سەرنـــجە کە لە نـــوێژی ڕۆژانەی مـوسڵمانەکانـدا کە دڵی ئیسلامی پێک هێناوە، مەسیحییەکان و یەهـــوودییەکان وەک کەســـانێکی لادەر، کەوتـــوونەتە بەر تووڕەیی ئەڵڵا.

**بانگەشەی خوداناسییەتی سەبارەت بە نامۆسڵمانەکان**

قـــوڕئـــان و ســـونـــنەت سەرەڕای ڕێوڕەسمی ئـــایینی، ئەم بابەتانەی خوارەوەش فێری خەڵکی دەکەن دەکەن:

- ئەو مەسیحی و یەهـــوودییانەی کە دەســـت لە شەریک دانـــان و کفر کردن هەڵناگـــرن و درێژە بە بێباوەڕییان بەرامبەر بە محمد و یەکتاپەرەستییەکەی ئەو نادەن، واتە

ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بۆ ئیسلام ناگۆڕن، دەڕۆنە دۆزەخ.

- ئێوە (موسوڵمانان) باشترین گەلێک بوون بۆ خەڵکی هێنرابێتە دی فەرمان دەدەن بەچاکە وە جڵەوگیری دەکەن لە خراپە ( سوورەتی ٣ : ١١٠ ).
- چارەنووسی ئیسلام ئەوەیە کە بە سەر هەموو ئایینەکاندا زاڵ بێت ( سوورەتی ٤٨ : ٢٨ ).
- بۆ گەیشتن بە ئەم سەرکەوتن و زاڵ بوونە، مۆسڵمانەکان دەبێ لەگەڵ یەهوودییەکان و مەسیحییەکان ( خاوەن پەرتووک) شەڕ بکەن تا ئەوکاتەی کە ئەوان دەکەونە ژێر و شەرمەزار بن و ناچاربن باج بە موسڵمانەکان بدەن ( سوورەتی ٢٩ : ٩ ).
- لە ڕۆژی کۆتاییدا، یەهوودییەت و مەسیحییەت لەناودەچن. محمد ئەم فێرکارییەی بڵاو کردەوە کە ئەوکاتەی کە عیسا، واتە هەمان عیسای ئیسلامی بۆ جیهان دەگەڕێتەوە، مەسیحییەت لەناودەبات و خاچەکان دەشکێنێت، و کۆتایی بەو دۆخە دێنێت کە یاساکانی ئیسلام ئیزن بە مەسیحییەکان دەدات تاوەکو بە دانی باج و سەرانە ڕێگەیان پێ بدرێت ژێر دەسەڵاتی ئیسلامدا ژیان بکەن. زاناکان و فەقییەکانی ئیسلام ئەم وتەیە ئاوا لێک دەدەنەوە کە عیسا وەک پەیغەبەمەری مۆسڵمانەکان، هەموو

مەسیحییەکان و شـــوێنکەوتـــووانی ئـــایینەکانی دیکە بە زەبـری شەمشێر نـاچـار دەکات کە بـاوەڕیان بگۆڕن بۆ ئیسلام.

- سەرەڕای ئەمانە، زۆرێک بانگەشەی خواناسی سەبارەت بە یەهوودییەکان گوتراوە. بۆ نموونە، محمد فێرکاری بڵاو کردووەتەوە کە لە کۆتایی جیهاندا، مەموو بەردێک بانگی مۆسڵمانەکان دەکات تاکو ئەوان یەهوودییەکان بکوژن.

## فێڵ و تەڵەکەی شەرعی

یەکێکی دیکە لە لایەنە کێشە ســـازەکانی شەریعەتی ئیسلامی، ئەو فێرکارییانەیە کە سەبـــارەت بە درۆکردن و فێڵ کردن لە ناو خەڵکیدا بڵاوی دەکاتەوە. لە حاڵێکدا درۆکردن لە ئیسلامدا بە تاوانێکی قوڵ چاولێدەکرێت، بەڵام جار وایەن بە پێ قسەی گەورپیاوانی ئەم ئایینە و بە پێ ئەو نموونەیە کە خودی محمد لەدوای خۆی بەجێهێشت، درۆکردن ئـــاســـاییە. لە ئـــاوا هەلـومەرجێکی تـایبەتـدا مۆسڵمانەکان ئیزنی درۆکردنیان هەیە و یان پێویستە درۆ بکەن. بۆ نـــموونە لە پەرتـــووکی سەحیح ئەلبخاری ئـاوا نـووسـراوە: "ئەو کەسەی کە ئـاشـتی دەخاتە نێوان خەڵک درۆزن نییە." بە پێ ئەم نـــموونەیە لە محـــمد، ئەگەر درۆکردن کاریگەری ئەرێنی هەبێت مـــووسڵمانەکان ئیزنیان هەیە بۆ پـاراسـتنی ئـاشـتی و ئـارامی لە نێو خەڵکدا درۆبکەن.

بیانـــویەکی دیکە کە بۆ درۆکردن هەیە، ئەو کاتەیە کە موسڵمانەکان لە لایەن ناموسڵمانەکانەوە دەکەونە مەترسییەوە ( ســـوورەتی ٣ : ٢٨ ). ئەم ئـــایەتە نێوەڕۆکی چـــاوبەســـت ( تەقییە ) دەردەخـات. چـاوبەسـت واتە پێویست بـوونی فێڵ و درۆ بۆ پـاراســتنی مۆسڵمانــان. پیاوە ئـاییینییەکانی ئیسلام بە گشـتی لەسەر ئەم خـاڵە کۆکن کە ئەگەر مـوسڵمانەکان لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتێکی نائیسلامیدا بوون، بۆ پاراستنی خۆیان دەتـوانـن بەرامبەر بە نـامۆسڵمانەکان بە میهرەبانییەوە خۆیان وەک هاوڕێ نیشان بدەن بەو مەرجەی کە لە باوەڕی خۆیاندا چەسـپاو بـن و نەفـرەت لە نـامـوسڵمانەکان لە دڵی خۆیانـدا بهێڵنەوە.

یەکێک لە ئـــاسەوارەکانی ئەم بۆچـــوونە ئەوەیە کە کاتێک دەسەڵاتی سیـاسی مـــوسڵـمـانەکـان زۆر بـــوو، ئەو چـاوەڕوانییەیان لێ دەکرێت کە مێهرەبـانی و دۆسـتایەتییەکی کەمتر لە خۆیان نیشان بدەن، و بنەمای باوەڕەکانیان کەمتر لە پشت پەردەوە بشارنەوە.

شەریـعەتی ئیسـلامی لە هەلـــومەرجەکـانی دیکەشـــدا مـوسڵمانەکان بۆ لای درۆ هـان ئەدات. وەکو بـابەتەکانی نێوان ژن و پیاو بۆ پـــاراســـتنی هەوسەرگیرییەکەیان، لە کاتی نێوبــژیوانی، لە هەلـومەرجێکدا کە ئەگەر ڕاســتی بـگوتـرێت هەڵەکە دەکەوێتە سەرشـــانی ئێوە، ئەو کاتەی کە کەسێک نهێنییەکی خۆی لە لای ئێوە باس دەکات و لە شەڕیشدا.

بەگشتی، لە ئاییینی ئیسلامدا درۆکردن لە باری ڕەوشتییەوە پاکانەی بۆ دەکرێت، بە واتایەکی دیکە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ئامانج کەرەستەکان دیاری دەکات. هەندێک لە پیاوە ئاییینییەکان لە نێوان جۆرەکانی درۆدا جیاوازی دادەنێن، بۆ نموونە لەسەر ئەو باوەڕەن کە درۆیەک کە ئاشتی دروست دەکات باشترە لە ڕاستییەک کە دەبێتە هۆی دووبەرەکێ.

**کۆمەڵگایەک کە بنەما ڕەوشتییەکانی نزم بووەتەوە**

ڕەوشتێک کە بەس بەچاوی بەکارهێنەر و کردەوە چاو لە ڕاست و درۆ دەکات زۆر زەرەرمەندانەیە. لەبەرئەوەی کە هەستی متمانە لەناو دەبات و سەرلێشێواوی و پشێوی دروست دەکات، و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان تێک دەدات.

ئەگەر پیاوان بە درۆ کردن لەگەڵ هاوسەرەکانیان خووبگرن، ئەم کارە متمانە لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا لەناو دەبات. و لە بواری کۆمەڵایەتیشدا، کەلتوورێک کە تێیدا درۆ کردن ئاسای بێت، متمانە بە هیچ جۆرێک بوونی نییە. لە ئاکامدا بازرگانی گرانتر دەبێت، ناکۆکییەکان زۆر درێژە دەخایەنێت و بە سەختی ئاشتی و هاوپەیمانی دروست دەبێت. بەتایبەت زۆر گرینگە کە پاش ڕەت کردنەوەی ئیسلام، تاکەکان ئەم بەشە لە نموونەی ڕەفتاری محمد ڕەت بکەنەوە و نکۆڵی لێبکەن.

## خۆت بیری لێ بکەوە

هەندێک جار تێگەیشتن لە بۆچوونی ئیسلامیدا دژوارە لەبەر شێوازی پۆلێنبەندی بابەتەکان و شاردنەوەی زانیارییەکان. سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام زۆر بەربڵاو و لێڵن، و جودا کردنەوەی بڕیارەکانی شەریعەت لە سەرچاوە سەرەکییەکانی واتە قورئان و سونەتی محمد پێویستی بە پسپۆڕییە و ساڵانێکی زۆری دەوێ تا فێری ببیت و زۆربەی موسڵمانەکان ناتوانن ئەمە ئەنجام بدەن. هەربۆیە موسڵمانان بۆ وەرگرتنی ڕێنوێنی لە بواری ئایینیدا یەک ڕێگاچارەیان هەیە کە ئەویش گوێگرتنە بۆ پیاوە ئایینییەکانی ئیسلام. لە ڕاستیدا فقهی ئیسلامی، موسڵمانەکان فێری ئەوە دەکات کە شوێن ئەو کەسانە بکەون کە لە بواری ئایینیدا زۆردەزانن. ئەگەر موسڵمانەکان لە بواری یاساکانی شەریعەت پرسیارێکیان هەبێت دەبێت لە کەسێک بپرسن کە شارەزایی لە شەرێعەتی ئیسلامدا هەیە.

زانستی ئایینی ئیسلام بۆ هەموو خەڵک بەردەست نییە بە پێچەوانە زانیارییەکانی پەرتووکی پیرۆز لەم چەند سەدەیەدا لەبەدەست هەموو خەڵکدا بووە. لە ئیسلامدا هەندێک بابەتی تایبەت هەن کە ئەگەر گرینگ نەبن و یان باسکردنیان سیمایەکی باش بە ئیسلام نەدات، بەگشتی باسی لێوە ناکرێت؛ زانیاری و زانین لەسەر ئیسلام بەس لە کاتی پێویستدا بەردەستە.

بەپێی ئەو شتانەی کە گوترا، چ مۆسڵمانی ئەمڕۆ و چ ئەوانەی کە لە ڕابــردوودا مــوسڵمان بــوون، نــابێت لەبەر ئەوەی کە گـوتـراوە مـاف و شـارەزایی ئەوەیان نییە لەسەر قـورئـان و سونەت قسە بکەن تووشی ترس بن. بەتایبەت لەمڕۆژانەدا کە سەرچـاوە سەرەکییەکان سەبـارەت بە ئەم بـابەتـانە زیاتـر لە هەر سەردەمێکی دیکە بەردەســتــن؛ مەسیـحییەکـان، یەهــوودیەکان، بێباوەڕان بە بــوونی خــودا، و مــوسڵمانەکان دەبێ لەم دەرفەتە کەڵک وەربـگرن تـاوەکوو ئـاسـتی زانیاری خۆیان زیاتــر بکەن و لە هەر دەرفەتێک بۆ ڕادەربڕین سەبارەت بە ئەو بابەتانە کە شوێندانەرییان لەسەر ژیانی ئێمە هەیە کەڵک وەربگرن.

# بەشی سێهەم

# پەیماننامەی زممە

## سێ بژاردە

لەسـالّی ٢٠٠٦، ئەو کاتەی کە پـاپـا بێنێدیک لە نـاوچەی ڕیجێنبێرگ گوتاری دا و ئەم گوتارەش ئێستە وەک گوتارێکی بەنـاو بـانـگ مـاوەتەوە، ئەو ڕسـتەیەکی لە شـانشینی وڵاتی پۆرتـگاڵ، مـانۆئێلی دووهەم گێڕایەوە کە سەبـارەت بە محـمد گـتبووی: " ئەو ( محـمد ) بڕیاریدا پەیامەکەی بە شمشێر بڵاو بکاتەوە." گـوتـارەکەی پـاپ بـووە هۆی دژکردەوەی تـونـدی مـوسڵمـانـانی جیـهان. یەکێک لە سەرنجڕاکێشـترین دژکردەوەکانی شێخ و مۆفتی گەورەی وڵاتی عەرەبسـتانی سـعوودی، شێخ عەبـدوڵڵا عەزیز بـوو. شێخ عەبـدوڵڵا عەزیز بەیانـنامەیەکی بڵاو کردەوە کە تێیدا بـاسی لەوە کرد کە ئیسلام بە هۆی تـونـدوتیژییەوە بڵاو نەبـووەتەوە. شێخ عەبدوڵڵا بۆ بەرگری لە ئیسلام بەرامبەر بە ئەم وتارەی پاپا، پشـتی بەمە بەسـتبوو کە کافـرەکان مـافی هەڵبژاردن یان بژاردەی سێیەمیان هەبوو: ڕێگای یەکەم قەبوڵ کردنی ئیسلام بـوو، دووهەم ڕێگا قەبـوڵ کردنی شمشێر ( شەڕ ) و مـافی

هەڵبژاردنی سێیەمیش بەو شێوەیە کە شێخ عەبـــدڵڵا عەزیز باسی دەکات بەم شێوازەیە:

ملکەچ ببن و باج بدەن، بەو شێوەیە ئیزنیان هەیە کە لە وڵاتی خۆیاندا بمێننەوە و ڕێوڕەسمی ئایینی خۆیان لە ژێر پارێزگای موسڵمانەکاندا ئەنجام بدەن.

مۆفتی گەورە، ئـامـاژەی بە میراتە بەجێماوەکەی محـمد کرد. ئەو دەڵێت ئەو کەســانەی کە قـورئـان و سـونـنەتی محـمد دەخـوێننەوە دەتـوانـن لە ڕاسـتی تێبگەن. ئەو سێ بـژاردەیە کە مۆفتی گەورە ئاماژەی پێ کردبوو ئەمانن:

١ ) گۆڕینی ئایین بۆ ئیسلام.

٢ ) شمشێر، واتە کوشتن یان کوژران.

٣ ) ملکەچ بوون بۆ دەسەڵاتی ئیسلام بوون.

دوو بژاردەکەی یەکەم سەربە خودی محمدە کە گوتی:

ئەڵلا منی ڕاســپارد کە لەگەڵ خەڵکدا شەڕ بکەم تە ئەو کاتەی کە شـــایەتی بـــدەن کە جـگە لە ئەڵڵا کەسێکی دیکە شـــایانی پەرەستش نییە و محمد نێردراوی ئەڵڵایە ... ، لە ئەکامدا ئەگەر ئەم کارە ئەنـجام بـدەن، گیان و مـاڵی خۆیان لە دەسـتی مـن دەپارێزن ...

ئەو کاتە کە محـــمد جـــگە لە گۆڕینی ئـــایین و شمشێر، بـژاردەیەک وەک ملکەچ بـوون و بـاجـدانی هێنایە ئـاراوە، تـا ڕادەیەک ڕوانگەکەی سەرەوەی خاوکردەوە:

بە نێوی ئەڵلە  شەڕ بکەن. شەڕ بکەن لەگەڵ ئەو کەسـانەی کە باوەڕیان بە ئەڵڵا نییە، جیهادی پیرۆز بکەن ...

ئەو کاتەی کە ئێوە ئەی مـوسڵمانــان لەگەڵ ئەو کەســانەی کە چەند خودا پەرەستش دەکەن هەڵسوکەوت دکەن، بانگهێشتیان بکەن بۆ هەڵبژاردنی یەکێک لە ئەم سێ ڕێگایە.

ئەگەر یەکێک لە ئەم بـژاردانەیان قەبـوڵ کرد، هەڵبژاردنەکەیان قبووڵ بکەن و خۆتان دوور بگرن لە ئازاردانیان.

بانگهێشتی ئەوان بکەن تاوەکو ئیسلام قەبوڵ بکەن؛

ئەگەر وڵامی ئەوان ئەرێنییە قـــبووڵیان بکەن، و شەڕکردن لەگەڵ ئەوان ڕابگرن...

و ئەگەر لە قەبــوڵ کردنی ئیسلام خۆیان بــوارد، بــاجیان لێ وەربگرن.

ئەگەر قـــبووڵیان کرد کە بـــاج بـــدەن، لێیان وەربـــگرن و دەستبەرداریان بن.

ئەگەر بـــاجیان نەدا، داوای یارمەتی لە ئەڵڵا بکەن و لەگەڵیان شەڕ بکەن.

پەرتــوکی بــژاردەی سێیەم پەرتــووکێکە بۆ شی کردنەوەی، ئەوەی کە مـوفتی گەورەی عەرەبسـتان بە " ڕاسـتی ئیسلام " ناوی دەبات کە لە سوننەت و قورئاندا هاتووە، لەسەر بنەمای شیکردنەوەی بەناوبانگترین ڕاڤەکارانی ئیسلام، بەو شێوازەی کە ناموسڵمانەکان بە درێژای مێژوو ناچار بە قبووڵ کردنیین.

ئەو کۆمەڵگایانە کە ملکەچی دەسەڵاتی ئیسلام بـــوونە، پەیامننامەی زممەیان قەبوڵ کردوە، کە لە ڕوانگەی یاساکانی ئیسلامییەوە پەیمانێکە بۆ ملکەچـــبوون کە بە پێی ئەو پەیمانە ئەو کەسانەی کە مەسڵمان نین قەبوڵی دەکەن باجی ساڵانە بە مۆسڵمانەکان بـــدەن و سەرشۆڕی و دۆڕانی خۆیان قـــبووڵ دەکەن. لە بەرامـبەردا ئیزن بە نـامۆسڵمانەکان دەدرێت کە ئەو ئـــایینەی کە پێش ئیسـلام هەیانـــبووە ڕایبگرن. ئەو نـــامـــوسڵمانـــانەی کە لە ئـــاوا هەلـــومەرجێکدا ژیان دەکەن بە زممەی ناودەبردرێن.

سیستەمی زمـــمە بەیانـــنامەیەکی سیاسییە کە لەسەر دوو بـــناغەی ئیسلام دامـــزراوە: یەکەم ئەوەیە کە دەبێت ئیسلام بەسەر هەموو دینەکاندا زاڵ بێت ( سوورەتی ٤٨ ئایەتی ٢٨ ) و دووهەم ئەوەیکە لەباری دەسەڵاتەوە دەبێ موسڵمانەکان لە پێگەی سەرەوەتـردا بـن تـاکو بـتوانـن فێرکارییەکانی ئیسلام سەبارەت بە هەموو شتێک کە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە دروست یان هەڵەیە ئەنجام بدەن ( سوورەتی ٣ ، ئایەتی ١١٠ ).

**ڕێورەسمی باج دان**

له پەیمانـــنامەی زمـــمەدا بە پێی بـــنەمـــای یاســـا و شەریعەتی ئیسلامی، لەگەڵ ناموسڵمانەکان بە جۆرێک ڕەفتار دەکرێت کە گـــوایە نـــامـــوسڵمانەکان بە گیانی خۆیان بە مـــوسڵمانەکان قەرزدارن. ئەم پەیمانە سەرچـــاوەکەی بۆ سەردەمی پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە کە ئەگەر کەسێک بەسەر کەسێکی دیکەدا زاڵ دەبـــوو و سەردەکەوت و ڕێگەی دەدا کە ژیان بکات، کەسی دۆڕاو و بەزیو بە ژیانی خۆی قەرزاری ئەو دەبـــوو. هەر بۆیە، بـــاجی ســـالانە کە بڕە پـــارەیەکە لە لایەن کەسی زمـــمەییەوە بە زۆرەملێ دەدرێت بە دەوڵەتی ئیسلامی، کە لە نـــووســـراوە سەرەکییەکانی ئیسلامـــدا وەک نـــرخی خـــوێن بۆ ڕزگار کردنی گیانی زممەیەکان وەسف کراوە:

... بـاجێک کە لەسەر بنەمـای پەیمانی زمـمە لە نـامـوسڵمانێکی ئـــازاد وەدەگیردرێت و دەدرێت بە دەوڵەتی ئیسلامی و ئەو مـتمانەیە بە نـامـوسڵمانەکان دەدات کە ئەوان بە بەسـتنی ئەم پەیماننامەیە پارێزراو دەبن و ئەم بـاجە بۆ ئەوەیە کە ژیانیان لێ نەسەنـــدرێتەوە. ( فەرهەنگی وشەی عەرەبی – ئینگلیزی لین )

ئەتێفییەش، ڕاڤەکاری ئیسلامی سەدەی ١٩ بەم شێوەیە ئەم بابەتە شی دەکاتەوە:

" گـوتـراوە کە (( بـاجـدان )) ڕازی کردنی کسی بەرامـبەرە بۆ نەڕژاندنی خوێن. و ئەمە جێگرەوەیەکە بۆ کوشتنی پێویست و دیلی ... و ئەمە بۆ بەرژەوەندی موسڵمانەکانە. "

ویلیام ئەتـــوون زیاتـــر لە سەدەیەک پێش ئێستا لە پەرتووکەکەی خۆیدا سەبارەت بە شانشینی عوسمانی کە لە ساڵی ١٧٩٩ دا چاپ کرا ن ئاماژی پێی کردووە:

لە ڕاســـتیدا ئەو ڕســـتە یان پێکهاتەیە کە مەسیحییەکانی ژێر دەسەڵاتی عـوسـمانی لە ژێر نـاوی زمـمەدا بـاج دەدەن بەم مانایە دێت کە ئەو بڕە پارەیە خەسارەتێکە کە ئەوان دەیدەن بۆ ئەوەی کە ســـاڵانێکە ئیزنیان پێداون کە سەریان بە لەشیانەوە بمێنێتەوە.

لە پەرتـــووکی ڕێگای سێهەمـــدا، مـــانـــای هێمای ڕێوڕەسمی ســاڵانەی بـاجـدان شیکراوەتەوە. پێش سەردەمی مۆدێڕنە لە پیاوانی زمـمە داوا دەکرا کە هەمـوو سـاڵێک لە سەرتـاسەری وڵاتـــانی ئیسلامیدا ڕێوڕەسمێکی تـــایبەت ئەنـــجام بـــدەن. ڕێوڕەسمی باجدان بەم شێوەیە بوو کە یەک یان دوو قامچی لە ملی کەسی زممەی دەدرا، هەندێک جار لە ڕێوڕەسمەکاندا وایان نیشان دەدا کە خەریکن کەسە زمـــمەییەکە دەخنکێنن، و هەموو ئەم کارانە لەبەر ئەوە بوو کە کەسی زمـمەی بە دانی باج گیانی خۆی کڕیوەتەوە. ئەم ڕێوڕەسمە وەکوو نیشاندانی مەرگێک بوو کە هەمـوو ســالێک کەسی زمـمەی بە دانی بـاج وەدوای دەخست. پەرتووکی ڕێگای سێهەم هەندێک نموونەی زۆر لە ڕێوڕەسمی سەربڕین لە مەراکێشەوە تـاکو بـوخـارا و لە سەدەی نۆهەم تـــاکو سەدەی بیستەم دەخـــاتەڕوو کە لە سەرچـــاوە ئیسلامی و نـــائیسلامییەکانەوە وەرگیراوە. ئەم

ڕێوڕەسمە لە هەندێک لە وڵاتانی ئیسلامیدا، وەکوو یەمەن و ئەفغانستان، تا کاتی کۆچی یەهوودییەکان بۆ ئیسرائیل لە کۆتایەکانی ساڵی ١٩٤٠ دا درێژەی هەبووە، و لەم ساڵانەی دواییشدا هەندێک لە موسڵمانەکان خوازیاری جێبەجێکردنی ئەم ڕێوڕەسمەن.

لە بنەڕەتدا، ناموسڵمانەکان لە ڕوانگەی ئیسلامەوە خەڵکانێکن کە بە ژیانی خۆیان قەرزاری ئەو موسڵمانانەن کە وڵاتەکەیانیان داگیر کردووە. و چاوەڕوانی ئەوە لەو ناموسڵمانانە دەکرێت کە سپاسگوزار بن و بە ملکەچییەوە بێنرخی خۆیان قبووڵ بکەن. ڕاڤەکارانی ئیسلامی لەم بارەوە زۆر ڕاشکاوانە دەدوێن.

زۆربەی یاساکانی شەریعەتی ئیسلامی بە جۆرێک دارێژراوە کە هەستی لاوازی و بێنرخی بە ناموسڵمانەکان دەدات لە بەرامبەریدا موسڵمانەکان باڵادەست دەکات. بۆ نموونە:

- شایەتی کەسێکی زممەی لە دادگای ئیسلامیدا قەبوڵ ناکرێت، و ئەم کارە ئەو لەبەرامبەر هەرجۆرە زوڵم و زۆرێکدا لاواز دەکات.
- ماڵی زممەییەکان دەبێ لە خوارووی ماڵی موسڵمانەکان دروست بکرێت؛

- زمـــمەییەکان نە ئیزنی ئەوەیان هەبـــوو کە ســـواری ئەســـب بـــن و نە ئەوەش کە سەری خۆیان لە مۆسڵمانەکان بەرزتر ڕابگرن؛
- زممەییەکان ئیزنی ئەوەیان نەبوو کە لەخۆیان بەرگری بکەن بۆیە ئەوان لەبەرامـــبەر مۆسڵمانەکانـــدا لاواز بوون؛
- هیچ جۆرە هێما و چـــالاکیەکی ئـــایینی لە شـــوێنە گشتییەکاندا ڕێپێدراو نییە.
- زممەییەکان ئیزنی ئەوەیان نەبوو کە هیچ قسەیەک لە دژی ئیسلام بکەن؛
- زممەییەکان دەبوا جلوبەرگی تایبەتیان لەبەر بکردبایە و پینە یان ڕەنگێکی تایبەت لەسەر جلوبەرگیان دابنێن کە ئەمیش داهێنانی ئیسلام بوو؛
- هەروەها هەندێک یاسای دیکەش بوونیان هەبوو کە دەبووە هۆی سەرشۆڕی و جیاکاری نێو کۆمەڵگاکانی ناموسڵمانان.

ئەم یاسایانە دەرخەری ئەم بابەتەن کە لە باری کۆمەڵایەتی و مافەوە ناموسڵمانەکان لە بەرامبەر موسڵمانەکاندا چووکە و سەرشۆڕ چـــاولێدەکرێن دەقـــاودەقی ئەو دەســـتوورەی وا لە قورئاندا هاتووە

( سوورەتی ٩ ، ئایەتی ٢٩ ).

هۆکاری پێک هێنانی زممە لە بنەڕەتدا بۆ سووکایەتی کردن و تێکشکانی کۆمەڵگاکانی ناموسلمان داڕێژرابوو.

ئیبنی عەجیب ڕاڤەکاری سەدەی هەژدەیەم خەڵکی مەراکێش لە وتـارێکدا کە بۆ یەکەم جـار لە پەرتـووکی ڕێگای سێیەمـدا وەرگێڕان و بڵاو بـووەتەوە مـانـای زمـمەی بە تێکشکانی ڕۆح ناوبردووە:

( زمــمەی ) ئەوکەسەیە کە بڕیاری پێدراوە کە ڕۆح و مــاڵ و سـامـان و ئـاواتەکانی بکوژێت. لە هەمـوو گـرینگتر ئەوەیە کە ئەو دەبێ هۆگری و خۆشەویستی بۆ ژیان و هەستی ڕێبەری و شەرەف لە خۆیدا بکوژێت. ئەو دەبێ هۆگــری و ئــاواتی خۆی لە دەروونیدا هەڵدێرێت تـا ئەو هەستە ئەوەندە لەسەری قــورس بێت کە ئیدی بەرگە نەگــرێت و بە تەواوی ملکەچ و سەرشۆڕ بێت. لەوەبەدواوە ئیدی بەرگەگرتن بەرامبەر بە هیچ شتێک بۆ ئەو ئەستەم نییە. ئەو بەرامبەر بە تندوتیژی و کۆیلە بوون بێ هەڵویست دەبێت. فەقیر بوون و دەوڵەمەند بوون بۆ ئەو یەکسانە و جیاوازییەک لە نێوان ســتایش و ســووکایەتی هەســت پێ نـاکات، و ئەوەیکە پێشی پێ بـگری یان نـا بۆ ئەو گــرینگ نییە و لەدەســـت دان و بەدەســـت هێنان بۆ ئەو جیاوازییان نییە. لە کۆتاییدا هەموو شتێک بۆ ئەو یەکسانە و ( ڕۆحی ئەو ) ملکەچ دەبێت و بە خواستی خۆی قبووڵی دەکات کە هەرچێک هەیەتی بیدات.

له یاساکانی ئیسلامدا بۆ ئەو زمەییانە کە لە پەیماننامەی باجدان خۆدەبوێرن سزایەکی قورس دیاری کراوە. ئەگەر کەسێکی زمەی لە دانی باج سەرپێچی بکات و یان لە یاساکانی لابدات، ئەمە دەبێتە هۆی جیهادی دووبارەی موسڵمانان؛ واتە دووبارە بارۆدۆخی شەڕ دەست پێدەکات و سەروەت و سامانی زمەییەکان بە تالان دەبردرێت و پیاوانیان دەکوژرێن مەگەر ئەوەیکە بە زەبری شمشێر ببن بە موسڵمان.

نموونەیەکی بەناوبانگ لە پەیمانی زمە، پەیماننامەی عومەری کوڕی خەتابە، کە تێبینی تێدایە، ئەو شوێنەی کە مەسیحییەکان بە پاڕانەوە داوای بەستنی پەیمان دەکەن:

ئێمە ( مەسیحییەکان ) و شوێنکەوتووانی ئایینی ئێمە لە بەرامبەر پاراستنی گیانمان پەیمان دەبەستین کە ئەم مەرجانە قبووڵ بکەین ... ئەگەر هەرکام لە ئێمە یاساکانی ئەم پەیمانە کە بۆ پاراستنی خۆمان لەگەڵ ئێوەدا بەستوومانە بشکێنین، لەم حاڵەتەدا پەیمانی زمەمان شکاندووە و ئێوە لە بەرامبەر ئەم پەیمان شکێنییەدا مافی خۆتانە کە سزای ئێمەی پەیمان شکێن و یاخی بدەن.

ئیبنی قۆدماع هەمان بابەت دووپاتە دەکاتەوە کە ئەگەر کەسێکی زمە پەیماننامەی زمە ڕچاو نەکات، گیان وماڵی زمە کراوی ئەو و هەرشتێک کە هەیەتی دەستی بەسەردە دەگیردرێت:

ئەو کەسەی کە لە ژێر پـارێزگـاری ئیسلامـدایە ئەگەر پەیمانی زمـمە ڕچـاو نەکات و بـاجی سـاڵانەی نەدات، و یان یاسـاکانی کۆمەڵگا ڕچاو نەکات ... بەم شێوەیە گیان و ماڵی خۆی حەڵاڵ دەکات ( حەڵاڵ واتە کەسێکی موسڵمان ئازادە کە ئەو بکوژێت یان بەدیل بیگرێت ).

بـاجـدان ڕێوڕەسمێکە کە تێیدا کەسی زمـمە بە ئەنـجامـدانی ڕێوڕەسمی تـایبەت بە شێوازێک کە گـوایە سەری خۆی دەبڕێت وەک ئەکتەرێک ڕۆڵ دەگێڕێت و لەم ڕێوڕەسمەدا ئەو بۆ پـاراسـتنی گیانی خۆی و نەڕژانی خـوێنەکەی سـوێند دەخـوات و قـبووڵی دەکات کە ئەگەر لە ئەنـجامـدانی مەرجی پەیمانی زمـمە سەرپێچی بکات، هەربەو شێوەیە کە نـمایشی ئەنـجام دا سەری دەبڕدرێت. بۆ سەدان سـاڵ ئەم جۆرە ڕێوڕەسـمانە لە ڕێکخراوە نهێنییەکان و گـرووپە شـاراوەکانـدا ئەنـجام دەدرا چـوونکە ئەوان وایانـدەزانی کە ئەم ڕێوڕەسـمە هێزێکی دەروونی زۆر و مـانـابەخشی بۆ ڕاهێنانی ئەنـدامـانی گرووپەکە هەیە.

لە ڕێوڕەسمی بـاجـدان دا بە شێوازی هێمایی کەسی زمـمەیی خۆی ئازار دەدات و ئەمە بۆ وەبیر هێنانەوەی ئەو پەیمانەیە کە بۆ پـاراسـتنی گیانی بەسـتوویەتی و ئەگەر پەیمانەکە بشکێنێت، سزای ئەم پەیمان شکاندنە لەدەست دانی سەریەتی. ئەم کارە لەڕاسـتیدا خۆ نـفرین کردنێکە کە کەسی زمـمەی بۆ خۆی دەڵێت: ( ئەگەر هەرکام لە مەرجەکانی ئەم پەیمانەم

شکاندن ئێوە مافی ئەوەتان هەیە کە سەرم لە جەستەم جودا بکەنەوە. ) ئەگەر لە دواییدا کەسی زمـــمەی ئەم پەیمانە بشکێنێت وادیارە کە ئەو لە پێشدا بە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی باجدان لە بەردەم خەڵکدا لە بەرچاوی هەموان بڕیاری مەرگی خۆی ڕاگەیانـــدووە و دەڵێت کە کوژرانەکەی لەسەر ئیزنی خۆی ئەنجام دراوە.

لە پەرتـــووکی ڕێگای سێهەمـــدا نـــموونەیەکی زۆر لە کۆمەڵگاکانی زمـــمەیی خـــراوەتە ڕوو کە ئەم کۆمەڵگایانە بە سەرپێچی کردن لە ئەم پەیمانە، چ بەڕاســـتی سەرپێچییان کردبێت و چ بە باوەڕی ئەوان بە سەرپێچیکەر سەیر کرابێتن، ڕووبەڕووی فەرمانی جیهاد بوونەتەوە. مێژووی زۆربەی ئەو کۆمەڵگایانەی کە تووشی پەیمانی زممە بوونە ڕاستیگەلێکی پڕ لە ئـــازار لە ڕووداوەکان دەگێڕنەوە کە بـــریتییە لە کوشـــتنی بەکۆمەڵ، دەستدرێژی و تالان کە ناموسڵمانەکانی خستوەتە نێو هەلـــومەرجێکی پڕ لە تـــرس و دڵەڕاوکێ و لە بـــاری دەروونییەوە نێری کۆیلەتی زممەیان لە ملی کۆمەڵگا کردووە.

## تاڵی زممە

هەروەک هەڵاواردنی نەژادی و ڕەگەزپەرەســـتی، زەمە وەک پێکهاتەیەکی داسەپـــاو جـــگەلەوەی کە لە بـــن و بنچینەی کۆمەڵگای تەنیوەتەو بەڵکو لە بـــاری دەروونیشەوە هەســـتی سەرشۆڕی دروست کردووە، تاک ناچار بە قەبوڵ کردنی

کویلاتی دەکات و گرووپێک کە وڵاتێکی دیکە داگیر دەکەن لەم پێکهاتەیە بۆ هێشتنەوەی خۆیان کەڵک وەردەگـــرن. هەرواکە میمۆنیدس زانای گەورەی یەهوودی لە سەدەکانی نێوەڕاستدا گــوتی: (( لە پیر و جەوان خۆمـــان ڕازی کردووە کە ملکەچی ئەم سەرشۆڕییە بین )) و لە سەرەتـــاکانی سەدەی بیستەم دا یوان چیویک بـــاسی ئەوە دەکات کە چۆنـــاوچۆن تـــرس و دڵەڕاوکێ نەوە لە دوای نەوە بە هۆی تـــونـــدوتیژی عوسمانییەکان و موسڵمانانەوە کۆمەڵێک کێشەی دەروونی بۆ مەسیحییەکانی باڵقان دروست کرد:

( زمەییەکان ) ... ڕاهاتبوون بەوەی کە بەشێک لە گرووپێکی سەرشۆڕ و نزمن و ئەرکی ئەوان ئەوەیە کە جێ ڕەزامەندی خاوەنەکانیان بن، و خۆیان لە بەرامبەر ئاغاکانیاندا سەرشۆڕ نیشان بـدەن و جێ خۆشـــحاڵی ئەو بـــن. ( لەئـــاکامـــدا ) ئەم کەسانە دەبنە کەسانێکی زمان بەستراو و نهێنیکار و پەنا بۆ فێڵ کردن دەبەن، مـــتمانەبەخۆیان لەدەســـت دەدەن و دەبـــنە کەســـانێکی دووڕوو و خـــراپ بۆ ئەوەی کە بـــتوانـــن زیندوو بمێننەوە و سزا نەدرێن. بە گشتی لە هەموو مەسیحییەکاندا شـــوێنەواری ڕاســـتەوخۆی ئەم زۆڵم و ســـتەمە بە شێوازی هەســـتی تـــرس و دڵەڕاوکێ خۆی دەر دەخـــات .... لە وڵاتی مەکەدۆنییادا من ئەوەم بیست کە خەڵک دەڵێن: (( تەنانەت ئەو کاتەی کە لەخەودایـن لە تورکە عوسمانییەکان و ئەلبانییەکان هەڵدێین. ))

به پێچەوانە کەسێکی زمـــمەیی کە هەســـت بە سەرشۆڕی و خۆبەکەم زانی دەکات، هەســـتی خۆبەزل زانی بەتـــاکێکی موسڵمان دەدات، لە ئاکامدا موسڵمانەکان هەست بە دڵئاوەڵایی دەکەن چـــونکە دەرفەتیان بە کەسێکی زمـــمەییداوە کە ژیان بکات. کەسێکی ئێرانی کە بـوەتە مەسیحی ئـاوهـا بـاس دەکات کە: (( مەسیحییەت ئێستاش بە ئـــایینی چینی خـــوارەوەی کۆمەڵگا سەیر دەکرێت. ئیسلام ئـــایینی دەسەڵاتـــداران و سەرکردەکانی کۆمەڵگایە و مەسیحییەت ئایینی کویلەکان. ))

ئەو جیهانبینییە کە پێکهاتەی زمـــمە پشـــتڕاســـت دەکاتەوە و بـانـگەشەی بۆ دەکات هەر بەو ڕادەیە کە بۆ نـامـوسڵمانەکان سەرشۆڕانەیە بۆ مـــوسڵمانەکانیش زیانـــبەخـــشە. خـــودی مـوسڵمانـانیش بەرکەوتەیان دەبێت ئەگەر فێری ئەوە نەبـن کە هەلـومەرجێک پێک بهێنن کە تێیدا ڕکەبەری بـاش و دروسـت بـــوونی هەبێت. هەروەهـــا وڵاتـــانێک بە بیانـــووی گەشەی ئـابووری نێوخۆیی درگـاکانی بـازاڕی دەرەکی بەسەر وڵاتـاندا دادەخەن دەبنە هۆی لاواز بوونی ئابووری خۆیان لە کێبەرکێی ئـابوریدا، هەر بەم شێوەیەش پشتگیری ئایینی لە زمـمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مـــوسڵمانەکان پشـــت بە خۆبەزلـــزانییەکی درۆیین ببەستن و لە کۆتـاییدا ئەوان لاواز دەکات و توانـاییان بۆ تێگەیشتن لە خۆیان و جیهانی دەوروبەریان تێکدەشکت.

پێکهاتەی زمـــمە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەنـــدێک ڕەفـــتار و بیـرکـردنەوە کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە

دەگوازرێتەوە. هەروا کە ڕەگەزپەرەستی لە ئەمریکا و هەندێک وڵاتی دیکە پـاش سەدەیەک لە پـووچەڵ بـوونەوەیان هێشتا کۆیلەی ڕەگەزییان هەیە، هەر بەم شێوەیەش پێکهاتەی زمـمە لەسەر پەیوەندی موسڵمانەکان و ناموسڵمانەکان بەتایبەت لە بـاری بیرکرنەوەی خۆ بە زلـزانیدا شـوێندانەری هەیە و تەنـانەت سەرەڕای ئەوی کە بـاجـدان لە ڕەواڵەتـدا لە سەردەمـانی کۆنـدا ئەنـجام دراوە. ئەم دارِشـتنانە کە لە پێکهاتەی زممەوە سەرچاوە دەگرن تەنانەت لەسەر گفتوگۆی ئـایینە جۆراوجۆرەکان کااریگەری خۆی دانـاوە تەنـانەت ئەو مـوسڵمانـانەش کە کۆچیان کردووە بۆ وڵاتـانێک کە قەت ملکەچی زممە نەبوون.

## زممە بوونی ڕۆژئاوا

یەکێک لەو خـاڵانەی کە لە پەرتـووکی ڕێگای سێهەمـدا بـاس کراوە ئەمەیە کە هێدی هێدی وڵاتانی ڕۆژئاوا کەوتوونەتە ژێر کاریگەری زمـمەی بـوون. تێگەیشتن لە ئەم بـابەتە کاتێک ڕوونـتر دەبێتەوە کە دەبینین هەنـدێک لە ڕێبەرانی وڵاتە ڕۆژئـاواییەکان سـتایشی ئیسلام دەکەن و پێداهەڵدەڵێن و بەیاننامە دەردەکەن بە ناوی ئەوەی کە ئیسلام ئایینی ئاشتیە و هـاوکات سـپاسی ئیسلامیان کردووە. نـموونەیەکی جێ سەرنج گوتـاری سەرۆک کۆمـاری ئـامـریکا بەڕێز ئۆبـامـا لە

سـالی ٢٠٠٩ لە قـاهیرەیە کە ئەو شـارسـتانییەتی بە مـوڵکی ئیسلام دانا.

هەروەها دەبینین ئەم جیهان بینییە کە بڵاوکەرەوەی زممەیە و ڕاسـتییە مێژوویی و ئـایینییەکانی پەیوەنـدیدار بە زمـمە کە لە بـنەمـا سـەرەکییەکانی ئیسلامە و هەروەهـا مێژووی خەڵکانێک کە لە ژێر زۆڵم و زۆری زمـــەدا ژیانیان کردووە بە شێوازی بەردەوام پـــاکانەی بۆ دەکرێت. ئەم پـــاکانە کردنە دەرفەتی لێکۆڵینەوەی زانســـتی و هەر جۆرە گـــفتوگۆی سیاسی لەم بارەوە لەکار دەخات.

زمـمەی بـوونی جیهانی ڕۆژئـاوا بـابەتێکی نـوێ نییە. زۆربەی ئەوروپییەکان لە ڕابــردوویەکی نــزیکدا بە دەســتی جیهادەوە ئـازاریان چێشتووە. کەنـارئـاوەکانی فەڕەنـسا، ئیتاڵیا، ئسـپانیا، ئێرلەنـد و بەریتانیا بە دەسـتی دزە دەریایی و جیهادییەکان و بەربەریەکانەوە تـــا سەرەتـــاکانی سەدەی نۆزدەهەم تـــاڵان دەکران. مێژوونـــاسەکان بەراوەردیان کردوووە کە سەدان هەزار کەس لە خەڵکی ئەوروپـــا بە دەســـتی دزە دەریاییەکان ڕفێندراون و لە بـــازاڕی فـــرۆشـــتنی کۆیلەکان لە بـــاکووری ئەفـــریقادا بە درێژایی سەدەکانی یازدە تـــا نۆزدەهەم فرۆشراون.

تـــا ئەوکاتە کە فەڕەنـــسە لە ســـالی ١٨٣٠ جەزائیری کرد بە بەشێک لە خاکی خۆی، وڵاتە ئەوروپاییەکان پارەیەکی زۆریان

وەک باج دەدا بە وڵاتانی باکووری ئەفریقا تاوەکو بازاڕەگانی بە کۆیلە ئەوروپاییەکان لە ئەم وڵاتانەدا سنوردار بکرێت.

هەرچەنـــدە تـــرس و دڵەڕاوکێ لە جیهاد بۆ ئەوروپـــاییەکان بـــابەتێکی نـــوێ نییە، بەڵام بێ شک زۆربـــوونی هێرشە تێرۆریستییەکان هۆکارێکی گرینگن بۆ ترساندن و تۆقاندنی ئەوروپا بە مەبەستی زممە کردنی.

## چەوسانەوەی ئایینیی و گەڕانەوەی زممە

لە نێوان سەدەکانی نوزدە و بیستەمدا چەند هێزی ئەوروپایی موسلمانانی جیهانیان ناچار کرد کە یاساکانی پەیوەندیدار بە زمـــمە وەلانێن و یان ســـووکی بکەنەوە. بەم پێیە لە چەنـــد دەیەی ڕابردوودا جارێکی دیکە یاساکانی پەیوەندیدار بە زممە و بیرکردنەوەی زمـــمە کردن لە جیهانی ئیسلامـــدا گەشە کردووە کە بەم گەشەسەندنە هەڵاواردنی نەژادی، ترساندن و هەڵاواردنی ئـــایینی هـــاتـــوەتە ئـــاراوە. ئەو کاتەی کە وڵاتـــانی ڕۆژئـاوایی گـرفـتەکانی مەسیحییەکانی پـاکستان، عێراق و یان میسر لەبەرچـاو نـاگـرن، کەواتە ئەم وڵاتـانە یارمەتیدەرن بۆ پەردەپۆش کردنی بـــوونی زمـــمە و کارتێکەرییە ڕۆژانەکانی لەسەر جیهانی ئەمڕۆ.

# بەشی چوارەم

# محمد و تەری کەوتنە ( ڕەت کردنەوە )

محـــمد پـــایە و بـــناغەی ئیسلامە. هەر بۆیە لەم بەشە لە پەرتـــووکەکەدا، لێکۆڵینەوە لە لایەنەکانی ژیانی محـــمد دەکەین چوونکە لە دروست بـوونی پەیمانی زمـمە و بـنەمـای ئیسلام شوێندانەر بووە.

## سەرەتایەکی ئازارئاوی

محمد لە ساڵی ٥٧٠ ی دوای زایین، لە عەشیرەتێکی عەرەب لە مەکە لەداییک بـوو. بـاوکی عەبـدوڵڵا ئیبنی عەبـدول مـوتەلیب بــوو کە پێش لە لەداییک بــوونی محــمد مــرد. لە ئــاکامــدا لە سەرەتــاکانی ژیانیدا بـنەمــاڵەیەکی دیکە سەرپەرەشــتی کردنی ئەویان لە ئەستۆ گرت. لە کاتێکدا کە محمد شەش ساڵان بوو دایکی مـرد و بـاپیری کە پیاوکی بەدەسەڵات بـوو بۆ مـاوەیەک سەرپەرەشـتی کرد، بەڵام ئەویش ئەو کاتەی کە محـمد هەشـت سـاڵان بوو مـرد. بۆیە مەحەمـمد لەگەڵ مـامی واتە ئەبـو تـاڵب ژیانی دەکرد و ئەرکی ئەو ئەوە بــوو کە ئــاگــای لە وشــتر و ماڵاتی مامی بێت کە کارێکی ئاسان بوو. لە دووایيدا ئەو گوتی کە: "هیچ کەسێک نـابێت بە پەیغەمـبەر مەگەر ئەوەیکە شـوانی

کردبێت"، و ئەم کارە ئاسان و ساکارەی کرد بە شانازییەک بۆ خۆی.

هەندێک لە مامەکانی محمد دەوڵەمەند بوون بەڵام بەم پێیەش یارمەتیی محمدیان نەدەدا. قورئان یەکیک لە مامەکانی ئەو بە ئەبو لەهەبب واتە ' باوکی ئاگر' ناو دەبات و سوکایەتی پێ دەکات و وتویەتی کە ئەو لە ئاگری دۆزەخدا دەسوتێت لەبەر ئەوەی کە هەڵسوکەوتی خراپی لەگەڵ محمد کردووە. سوورەتی لهب

" ئەبولەهەب لەناو بچێت و دوو دەستەکانی بشکێتەوە. سەروەت و سامانەکەی کە کۆی کردووەتەوە با بەکاری نەیەت، بە زووترین کات دکەوێتە نێو بڵێسەی ئاگری دۆزەخ و گڕ دەگرێت، و هاوژینەکەی دەبێتە سووتەمەنی ئەم ئاگرە، لە حاڵێکدا کە گوریسێک لە داری خورما لە ملیدایە".

**هاوسەرگیری ناهاوسەنگ**

ئەو کاتەی کە خەدیجە پێشنیاری هاوسەرگیری بە محمد دا، محمد لاوێکی تەمەن ٢٥ ساڵ بوو ک بۆ خەدیجە کاری دەکرد. خەدیجە لە محمد گەورەتر بوو و دڵگرانی ئەوە بوو کە باوکی ئەم هاوسەرگیرییە ڕەت بکاتەوە، بۆیە لە کاتێکدا کە باوکی لە شەراب سەرخۆش بوو وای کرد کە باوکەکەی ئەوان لێک مارە بکات. کاتێک کە باوکی سەرخۆشییەکەی نەما و هاتەوە هۆش خۆی لەو ڕووداوە زۆر تووڕە بوو. لە

کەلـتوری عەرەبیدا، زاوا دەبێ لەبـاتی بـوکەکە بڕە پـارەیەک بـدات، هەر بۆیە بـووک هەر وەک سـامـانێکی کڕدراو چـاوی لێدەکردرێت تـــا ئەو ڕادەیە کە ئەگەر مێردەکە بـــمردبـــایە ژنەکەیان وەک میرات چـــاو لێدەکرد و ئەو پیاوانەی کە میراتـگری مێردەکەن ئەگەر ژنەکە ئـامـادەیی خۆی دربڕیبایە دەیانـــتوانی لەگەڵی هـــاوسەرگیری بکەن. بە پێچەوانەی هەلومەرجی ئەو کاتە، خەدیجە دەسەڵاتدار و دەوڵەمەند بوو، و ئیبن ئیسحاق کە ژیانـــنامەی محـــمدی نـــووسیوەتەوە خەدیجەی وەک ژنێکی مـاقـووڵ و دەوڵەمەنـد نـاسـانـدووە، بە پێچەوانەی محـمد کە هەژار بـوو و داهـاتـوویەکی ڕوونیشی نەبوو. خەدیجە پێش لە محمد دوو جار هاوسەرگیری کردبوو. جیاوازی هـــاوسەرگیرییەکی بـــاو و ڕەزامەنـــدانە و ئەو یەکگرتـــنەی نێوان خەدیجە و محـــمد وەک جیاوازی نێوان ئاسمان و زەویی بوو.

**دایک باوکێکی داخ لەدڵ**

خەدیجە و محـمد پێکەوە شەش مـنداڵیان هەبـوو ( لە هەنـدێک گێڕانەوەدا بـاس لە حەوت مـنداڵ کراوە ). لەسەریەک محــمد سێ یان چـوار کوڕی هەبـوو، بەڵام هەمـوویان لە گەنجیەتیدا مردن هەربۆیە ئەو هیچ میراتگرێکی نێرینەی نەبوو. ئەم بابەتە بەبێ ئەمـــلاوئەولا بـــووە هۆی بێهیواییەکی زۆر لە ژیانی خێزانی مەحەممدا.

### ئەزموونە پڕئازارەکانی ژیانی خێزانی ئەو

کۆی گشــتی، مێژووی بــنەمــاڵەی محــمد پڕە لە ڕووداوی دڵتەزێن: هەتیو بــوونەکەی و لەدەســت دانی بــاوەگەورە، هەژاری و پێکهێنانی پەیوەنــدییەکەی لەبەر هەژاری، مـارەکردنی بەدەسـتی خەزوورێکی سەرخۆش و دوژمـنایەتی لەگەڵ هۆزە دەسەڵاتـدارەکانـدا. تـاکە جیاوازییەک لەم هەمـوو تەریبوونەوەدا پشتگیری کردنی مامی واتە ئەبوو تالب بوو و ئەوش کە خەدیجە ئەوی وەک هــاوسەر هەڵبژارد و بەوشێوەیە محمد لە هەژاری ڕزگاری بوو.

## ئایینێکی نوێ دادەمەزرێت

ئاو کاتەی کە محمد چل ساڵان بوو، ئەو هەندێک چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕۆح یان جــنوکەیەکدا هەبــوو کە دواتــر بە جیبریل ناساندی

( یان هەمان جبرائیل لە پەرتووکی پیرۆز ).

### خۆ ڕەتکردنەوە

محـمد بەهۆی ئەم چـاوپێکەوتـنانەوە زۆر شەڵەژا و هەنـدێک جار وای دەزانی کە جنۆکە هـاتووەتە سەری تا ئەوکاتەی کە تەنــانەت بیرۆکەی خۆکوشــتنی بۆ هــات و دەیگوت دەڕۆمە سەر لـووتکەی کێوێک و خۆم بەردەدەمەوە و تا ڕەنگە بمرم و پشوو بدەم.

پـاش مـاوەیەک کە ئەم بینینانەی ڕاوسـتان، محـمد دووبـارە کەوتەوە داوی بیری خۆکوشـــتن، بەڵام هەر جـــارە کە دەیهەویست خۆی لەسەر کێوێک بەربـداتەوە جیبریل خۆی پێ نیشان دەدات و مـــتمانەی پێ ئەدات کە: " ئەی محـــمد تۆ بەڕاستی پەیغەمبەری ئەڵڵایت".

وادیارە کە لە سەرەتادا محمد ترسی ئەوەی هەبوو کە خەڵک وەک کەسێکی فێڵباز سەیری بکەن، چـــوونکە لە یەکێک لە یەکەمین ســـوورەتەکانـــدا بـــانـــگەشەی ئەوەی کرد کە ئەڵڵا مـــتمانەی پێ ئەدات کە ئەو بەجێ نـــاهێڵێت ( ســـوورەتی ٩٣ ئایەتی ٣ – ٦ ).

کۆمەڵگای مـوسڵمانـان سەرەتـا بە ئـارامی ڕووی لە زیادبـوون دەکرد، و خەدیجە یەکەم کەس بـــوو کە بـــاوەڕی هێنا، کەسی دووهەم عەلی ئـامۆزای بـوو کە کوڕێکی تـازە لاو بـوو و لە مـاڵەکەی محـمد گەورە ببو. ئەو کەسـانەی دیکە کە بـاوەڕیان هێنا بە گشـتی هەژاران، کۆیلەکان و یان ئەو کۆیلانە بـوون کە ئازاد کرابوون.

## هۆزی محمد

سەرەتـــا شـــوێنکەوتـــووانی ئەم ئـــایینە نـــوێیە بـــاوەڕەکەیان دەشـــاردەوە بەڵام دوای سێ ســـاڵ محـــمد فەرمـــانی لە ئـــاڵڵا وەرگـرت کە ئەم بـاوەڕە گشـتگیر بکاتەوە. بۆ ئەم کارە محـمد

دانیشتنێکی بنەماڵەیی ڕێکخست تاوەکوو خزمەکانی خۆی بۆ ئیسلام بانگهێشت بکات.

سەرەتا هاو هۆزەکانی ئەو کە لە هۆزی قورەیش بوون پێداگر بوون کە گوێ بۆ ڕابگرن، بەڵام هەرکە محمد سووکایەتی بە خوداکانی ئەوان کرد، ڕوانگەیان گۆڕا. پاش ئەمە بە قسەی ئیبن ئیسحاق موسڵمانەکان بە سووک چاو لێکران. کێشەکان ڕوویان لە زیاد بوون کرد و هەردوولا تێکگیران.

ئەبووتالب مامی محمد لە کاتی زۆر بوونی کێشەکاندا ئەوی پاراست. ئەو کاتەی کە خەڵک دەڕۆیشتنە لای ئەبووتالب و پێیان دەگوت "ئەی ئەبووتالب، برازاکەی تۆ سووکایەتی بە خوداکانمان کردووە، گاڵتەی بە شێوازی ژیانمان کردووە ... یان ڕایبگرە لەم کارە یان بیدە دەستی ئێمە ..."، ئەبووتالب گرینگی بە قسەکەیان نەدا.

ئەو عەرەبانەی کە باوەڕیان بە محمد نەهێنا لەباری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە گەمارۆیان خستە سەر محمد، ڕێگای بازرگانی و هاوسەرگیرییان پێ بەست. لەبەر هەژاری ئابووری، موسڵمانەکان لاواز ببونەوە. ئیبن ئیسحاق بەم شێوەیە باسی شێوازی هەڵسوکەوتی قوریەش لەگەڵ ئەوان دەکات:

قورەیش لەگەڵ ئەو کەسانەی کە شوێن محمد دەکەوتن دوژمنایەتی دەکرد و موسڵمانێک لە هەر هۆزێکدا بووایە

دەکەوتە بەر هێرشیان و لێیان دەدا، نان و ئاویان پێ نەدەدا و لەبەر گەمـای هەتـاوی مەکەدا ڕایانـدەگـرد، تـاکو دەسـت لە ئـاییینەکەیان هەڵبگرن. هەنـدێکیان لە ژێر ئەم ئـازارانەدا خۆیانیان بەدەسـتەوە ئەدا و هەنـدێکیش بە هۆی ئەڵڵاوە پارێزگاری دەکران.

محـمد بۆخۆیشی لەم مەتـرسی و ئـازارانە بیبەش نەبـوو: ئەوکاتەی کە نـزای دەکرد خەڵک زبڵ و تەنـانەت ڕوودەی ئاژەڵیان بپێدادەدا.

ئەو کاتەی کە ئازار و ئەشکەنجەکان کەم نەبوونەوە، هەشتا و سێ پیاوی مـوسڵمان و بـنەمـاڵەکانیان پەنـایان بـردە نـاوچەی مەسیحی ابن سینا و لەوێ پارێزران.

**گۆمان لە خۆ کردن**

وادیارە کە محمد لە بڕگەیەکدا لەبەر گوشارەکانی قۆرەیش لە بـاوەڕی تـاک پەرەسـتی خۆی هەڵخلیسکا. ئەوان پێشنیاری پەیمانـنامەیەکیان بە محـمد کرد کە ئەگەر ئەو پەرەسـتشی خوداکانی ئەوان بکات، ئەوانیش ئەڵڵا پەرەستش دەکەن.

محـمد لە وڵامی ئەمەدا گـوتی: "ئـاییینی ئێوە بۆ ئێوە و ئـاییینی منیش بۆ مـن." بەم پێیەش بێگومـان محـمد تـووشی دوودڵی و گـومـان بـووەتەوە کە الـطبري نـووسیویە ئەوکاتەی کە سوورەتی ئەلنەجم بۆ محمد هـاتە خـوارەوە، ئایەتێکی پێ درا کە بە ئەیەتی شەیتان بەنـاوبـانـگە و سەبـارەت بە خـوداکانی

مەکە وەک آلـــلات ، و الـــعزی ، و مـــناة دەڵێت کە شەفـــاعەتی ئەمـانە قەبـوڵ دەکرێت. "آلـلات والـعزی ومـناة: تـلک الـغرانیق العلی، إن شفاعتهن لترتجی."

کاتێک هۆزی بـــت پەرەســـتی قـــورەیش ئەمەیان بیست، زۆر دڵخۆش بـــوون و دەســـتیان کردبەوەی کە لەگەڵ محـــمد پەرەســـتش بکەن بەڵام محـــمد بـــانـــگەشەی ئەوەی کرد کە جیبرایلی فـریشتە چـاوپێکەوتنی لەگەڵ کردووە. و ئەو ئـایەتە ڕەت کراوەتەوە و وا گـوترا کە ئەم ئـایەتە لە لایەن شەیتانەوە هـــاتـــووە. ئەوجـــا محـــمد بـــانـــگەوازی کرد کە ئەم ئـــایەتە وەرگیراوەتەوە، بەڵام ئەمە بـــووبە هۆی ئەوەی کە هۆزی قورەیش گاڵتە بە محمد بکەن و زیاتر لە جاران دژایەتی خۆی و شوێنکەوتووانی بکەن.

پاشـان ئـایەتێکی دیکە ( سـوورەتی ٢٢، ئـایەتی ٥٢ ) هـاتە سـەر محـمد و بـاسـنگەشەی ئەوەی کرد کە هەمـوو پەیغەمـبەرانی پێش ئەویش ڕێگەیان لێ ون بووە.

جـارێکی دیکە دەبینی ئەوەی دەبێتە هۆی شەرمەزاری محـمد دەیکات بە خاڵی ئەرێنی و خۆی پێ بەرز دەکاتەوە.

پاش ئەوەی کە محمد کەوتە بەر گاڵتە و ئەمەیان خستە پاڵی کە ئەو کەسێکی فێڵبازە، محـــمد ئـــازاری دەروونی پێگەیشت. ئەو هەندێک ئـایەتی لە ئەڵڵا وەرگرت کە باس لەوە دەکات کە ئەو کەســـایەتییەکی بەرچـاوی هەیە و هەڵە نـاکات و پیاوێکی

ڕاستە ( سوورەتی القلم ئایەتی ١ – ٤ و سوورەتی النجم ئایەتی ١ – ٣ ).

هەروەها هەندێک حەدیسی جۆراوجۆر هەن کە باسی ئەوەدەکەن محمد لە نەژاد، هۆز و باوک و دایکێکی سەروتر لە خەڵک لەدایبک بووە. لە وڵامی بانگەشەی زۆڵ بووندا ئەو دەڵێت کە هەموو باب و پاپیرانی ئەو پشت لە دوای پشت دەگەن بە خودی ئادەم و لە هاوسەرگیری شەرعی لەدایبک بوون و هیچ کەسێک لە خزمانی ئەو بە هۆی پەیوەندی ناشەرعییەوە لەدایبک نەبوونە: ئەو خۆی بە باشترین پیاو لە باشترین هۆز واتە هۆزی هاشمی دەزانێت و لە باشترین نەتەوەیە ( نەتەوەی عەرەب ). ئەو بانگەشەی ئەوەی کرد کە " من لە باری کەسایەتییەوە لە هەمووان سەرترم و لە باشترین ڕەچەڵەکم ... من باشترینی باشترینەکانم و ئەگەریش کەسێک عەرەبەکانی خۆشبوێت بە خۆشەویستی منەوە دەتوانێت ئەوانی خۆشبوێت."

**ئەزموونی زیاتر لە تەریکەوتنەوە**

محمد دوای ئەوەی کە لە ماوەی یەک ساڵدا خەدیجەی ژنی و ئەبووتالبی مامی لەدەست دا بارۆدۆخێکی باشی نەبوو. ئەمە زەرەرێکی گەورە بوو بۆ ئەو. بە بێ پشتگیری و پارێزگاری ئەو دووکەسە، قورەیشییەکان ورە و هێزێکی زیاتریان وەرگرت تا زیاتر لەگەڵ محمد دژایەتی بکەن .

کۆمەڵگای عەرەب لەسەر هاوپەیمانی و پەیوەندی دوولایەنە دامەزرابوو. بۆ ئەوەی کە کەسێک بپارێزرێت دەبێ بڕواتە ژێر چەتری پاراستنی کەسێکی بەهێزتر لە خۆی. لەبەر ئەو مەترسییە زۆرانە کە ڕووبەڕووی محمد و شوێنکەوتووانی ببوەوە و هەروەها بە هۆی تەری بوونەوەی بەدەستی هۆزەکەیەوە، محمد ناچار بوو کە بە شوێن کەسانێکی دیکەدا بگەڕێت کە بیپارێزن. ئەو سووکایەتی پێ کرابوو و خەڵکی ناوچەی الطائف ئەویان لەوێ دەرکردبوو.

هەلومەرجەکە بە دڵی محمد نەبوو. لە کۆتاییدا ئەو خەڵکانێکی پەیدا کرد کە پشتگیری لێ بکەن؛ ئەم گرووپە لە هەندێک عەرەبی یثرب ( کە دوایی بو بە مەدینە ) پێک هاتبوون، ئەم شارە یەهوودی زۆری تێدا دەژیان.

## هاوپەیمانانی نوێ و هەڵاتن لە مەکە

لە ڕێوڕەسمی حەجی ساڵانە لە شاری مکە، گروپێک لە ئەو سەردانکەرانە لە شاری مەدینەدا لەگەڵ محمد پەیمانی ئەمەگداری و گوێڕایەڵ بوونیان بەست و ئامادە بوون کە بە پێ فێرکاری تاک پەرەستی ئەو ژیان بکەن.

لە سەرەتای ئەم هاوپەیمانییەدا هیچ جۆرە پەیمانێک بۆ شەڕ کردن واژوو نەکرا. هەرچەندە لە جەژنی ساڵی دوای ئەوەدا گرووپێکی گەورەتر لە خەڵکی مەدینە هەر بەو جۆرەی کە محمد ئاواتی دەخواست، پەیمانیان بەست کە محمد بپارێزن.

خەڵکی مەدینە کە ئەم پەیمانەیان بەست ناوی الانصار لێنرا کە بە واتـــای یاریدەدەر دێت و بەڵێنیشیان دا کە بە پێ بڕیاری محمد شەڕ بکەن. پاشـان ئەم بڕیارە درا کە مـوسڵمانەکان بۆ پێکهێنانی شوێنێکی پارێزراوی سیاسی کۆچ بکەن بۆ مەدینە.

محـــمد لە نیوەشەودا لە ڕێگای پەنـــجەرەی پشـــت مـــاڵێکەوە، دوایین کەس بـــوو کە بەرەو مەدینە هەڵهات. ئەو کاتەی کە ئەوان گەیشتنە مەدینە، محـــمد بە بێ هیچ بەربەســـتێک پەیامی خۆی بڵاو کردەوە و لانیکەم هەمـوو خەڵکی مەدینە لە مـاوەی یەک ســـاڵدا بـــاوەڕیان بە ئیسلام هێنا. محـــمد لەم ســـاڵەدا دەوروبەری ٥٢ ساڵ تەمەنی هەبوو.

بە درێژایی ئەو ســـاڵانەی کە محـــمد لە مەکە بـــوو، لە لایەن خـــزمـــان و هۆزەکەیەوە کەوتە پەراوێزەوە جـــگە لە چەنـــد کەسێک نەبێت، بەس هەژار و فەقیرەکان بـــاوەڕیان پێ هێنا و بـــاقی خەڵک هێرشیان دەکردە سەری و بەگـــاڵتە پێکردن و هەڕەشەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرد.

لە سەرەتاکاندا محمد زۆر متمانەی بە خۆی نەبوو و دەترسا کە خەڵک هەستی بانگهێشتکردنی ئەو وەک پەیغەمبەرێک ڕەت بکەنەوە. لە قۆنـاغێکدا وادیارە کە محـمد تەنـانەت خـوداکانی قۆرەیشی قـبووڵ کردووە. بەهەرشێوەیەک بێت لەکۆتـاییدا بە بـوونی ئەو هەمـوو دژایەتییەش محـمد تـوانی بە خـواسـت و پشـت ئەسـتوورییەوە گروپێک لە شـوێنکەوتووانی بەئەمەگ و پشت ئەستوور لەگەڵ خۆی بخات.

## ڕەت کردنەوە و سروشە مەکەییەکان

### گەواهیدانی ئاشتییانە ؟

زۆربەی نووسەران بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەو ساڵانەی محمد لە مەکەدا باوەڕەکەی خۆی بە ئاشتی بڵاو کردوەتەوە. ئەم وتەیە لە ڕوانگەیەکەوە دروستە. هەرچەندە بە پێی ئەوەی کە لە سوورەتە مەکییەکاندا هیچ بڕیارێک بۆ پێکدادان و توندوتیژی نەدراوە، بەڵام بێ شک محمد لەمبارەوە بیری کردبووەوە و ئەم سوورەتانە دراوسێیەکانی محمدی بە زمانێکی هەڕەشەئامێزەوە نێو بردبوو و ئەو کەسانەی کە محمدیان ڕەت دەکردەوە هەڕەشەی داهاتوویەکی ترسناکیان لێ دەکرا.

یەکێک لە کارتێکەرییەکانی ئەو ئایەتانەی کە لە مەکە هاتە خوارەوە ئەوەیە کە سەبارەت بە سزا و داوەری قسە دەکات و ئەمە محمد لەبەرامبەر تەریکەوتنەوەی لە هۆزی قورەیش بێتاوان دەکات. بۆ نموونە، محمد دەڵێت ئەو کەسانەی کە گاڵتە بە موسڵمانان دەکەن سزای خۆیان وەردەگرن. بەڵام باوەڕداران، لەسەر تەختە شکۆدارکانی خۆیان لە بەهەشت پاڵ دەدەنەوە و جامی شەراب دەنۆشن، و بە پیکەنینەوە سەیری بێباوەڕەکان دەکەن کە لە ئاگری دۆزەخدا دەسوتێن. ئەم پەیامانە کە هەڕەشەی داوەری و سزایان دەکرد بێگومان

ئـاگـری نـاکۆکییەکانی نێو مەکەیان بەتینتر دەکرد و بێباوەڕان ئەمەیان پێ خۆش نەبوو.

**ئەو هۆژدارییانەی کە ئەو لە ناو مەکە دای**

محمد جگە لەوەی کە سەبارەت بە سزاکانی کۆتایی گوتاری دەدا، بە پێ نووسینەکانی ئیبن ئیسحاق ئەو هەر لە دەستپێکی کارەکەی لە مەکە ئامانجی کوشتنی بت پەرەستەکانی هەبوو ( ئەی خەڵکی قوڕەیش ئـــایا ئێوە گـــوێم لێ دەگـــرن؟ بە نێوی کەسێک کە ژیانی مــن لەدەســتی ئەودایە، مــن ئێوە بە کۆمەڵ دەکوژم. )

لە دواییدا پێش ئەوەی کە محـمد هەڵبێت بۆ مەدینە، گـرووپێک لە خەڵکی مەکە لەگەڵی ڕووبەڕوو بـــوونەوە کە گۆیە ئەو هەڕەشەی کوشــتنی لە ئەو کەســانە کردووە کە بـاوەڕیان پێ نەهێناوە ( محمد بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ... ئەگەر شوێن ئەو نەکەون هەمـوو دەکوژرێن و کاتێکیش کە لە دوای مـردن زیندوو دەبـنەوە لە ئـاگـری دۆزەخـدا دەسـوتێن. ) محـمد بە گوتنی ( مـن ئەمـانە دەڵێم. ) دانی پێدانـا کە ئەم قسانە ڕاسـت بووە.

هەر لە گەرمەی تەریکەوتـن و ئـازار چێشتن لە مەدینەدا بـوو کە کۆمەڵەی مۆسڵمانـــان بڕیاری دا کە لەگەڵ ڕکابەرەکانی خۆی شەڕ بکات.

### براوەکان و دۆڕاوەکان

تێگەیشتنی سەرکەوتن لە ئیسلامدا و بۆچوونە جیاوازەکان کە بەکاریان دەهێنا، بـراوە و دۆڕاوە. سەرەتـای دەرکەوتـنەکانی بوو بە بناغەی بیرکردنەوەی سووڕەتەکانی قورعان. لە نێوان ئەو سێزدە ساڵەی کە محمد لە مەکە بوو سەبارەت بە شەڕی نێوان موسا و بتپەرەستەکان قسەی دەکرد و بەردەوام باسی بـراوە و دۆڕاو دەکرد ( قـورئـان سـوڕەتی ٢٠ ئـایەتی ٦٤ – ٦٩ ، سـوڕەتی ٢٦ ئـایەتی ٤٠ – ٤٤ و سـوڕەتی عەنکەبـوت ئەیەتی ٣٩ ).

بەم پێیەش محـمد تەنـها لە کۆتـاییەکانی کاتی نیشتەجێبوونی خۆی لە مەکە بـاسی لە سەرکەوتـن کرد ئەویش سەبـارەت بە ئەو مشـتومڕە بـوو کە لەگەڵ دژبەرانی هەیبوو. لە سـوورەتی یونـس، پێش لەوەی کە محـمد لە مەکەوە کۆچ بکات بۆ مەدینە ڕایگەیاند: و لەوانەش مەبە کە نیشانەکانی خوایان بە درۆزانی (و بـاوەڕیان پێ نەهێنان) (ئەگەر وابکەیت) ئەوە دەچیتە ڕیزی زەرەرمەندانەوە ( سوورەتی یونس ئەیەتی ٩٥ ).

## تێڕوانینی محمد بۆ فیتنە

وشەی فیتنە لە زمانی عەرەبیدا بەواتای تاقیکردنەوە، ئازاردان و کەڵکەڵەکردن ( إغواء ) دێت و ئاشنا بوون بە ناوەڕۆکی ئەم وشەیە گرینگییەکی زۆری هەیە لە تێگەیشتن لە گۆڕانی محـمد بۆ ڕێبەرێکی سەربازی. وشەی فیتنە لە وشەی فتانا بە مانای

هەڵگەڕانەوە، کەڵکەڵە کردن و هەڵخەڵەتاندن و تاقیکردنەوەیە. مــانــای سەرەکی ئەم وشەیە واتە کانــزایەک کە بیخەتە نێو ئاگرەوە. فیتنە هەم بۆ کەڵکەڵە و تاقیکاری باش بەکاردێت و هەم بەمەبەستی نەرێنی بەکار دێت. یەکێکی دیکە لە ماناکانی فیتنە هەڵخەڵەتــانــدن و یان تەنــانەت پــارچەپــارچە کردنی کەسێکە.

وشەی فیتنە لە خــودانــاسی ئیسلامیدا پــاش یەکەمین ئەزمــوونەکانی کۆمەڵگای ئیسلامی ڕۆڵێکی گــرینگی بەدەســت هێنا. محــمد قوڕەیشی بە گونــاهــبار زانی کە گــوایە ئەوان بەکەڵک وەرگــرتــن لە فیتنە کە بــریتییە لە ســوکایەتی کردن، وەپــاڵنان، ئەشکەنــجە، تەری کردنەوە، گەمــارۆی ئــابــووری و شێوازەکانی دیکە هەوڵیان داوە کە ئەو ناچار بکەن کە دەست لە ئیسلام هەڵبگرێت یان باوەڕەکەی بگونجێنێت.

یەکەمین ئــایەتەکان لە قــورعــان سەبــارەت بە شەڕ بە ڕوونی ئاشکرای دەکەن کە ئامانج لە شەڕکردن و کوشتن ئەوە بوو کە محمد فیتنە لەناو ببات:

جەنــگ بکەن لە ڕێی خــوادا لەگەڵ ئەوانەی جەنــگتان لەگەڵدا دەکەن وە دەســت درێژی مەکەن بەڕاســتی خــودا دەســت درێژکارانی خۆش ناوێت

بیان کوژن (کافــران) لەهەر شــوێنێ دەســتتان کەوتــن و زاڵ بوون بەسەریاندا وە دەریان بکەن لەو شــوێنانەی کە ئێوەیان

لێ دەرکردوە لادان لە ڕێی یەکتاپەرســـتی خـــوای گەورە لە خەڵک کوشتن سەخت وگەورە ترە

بەڵام ئەگەر دەســتیان هەڵگرت (لە جەنـگ) ئەوا خـوای گەورە لێخۆشبوو میهرەبانە.

( سوورەتی البقرة، ئایەتی ١٩٠ – ١٩٣ ).

فیتنە زۆر خـراپـترە لە کوشـتن ئەو ڕسـتەیە بـوو کە لە نێو ئیسلامـدا گـرینگییەکی زۆرەوە شـوێنی خۆی کردەوە. گـرینگی ئەم ڕەســـتەیە جـــارێکی دیکە لە هێرش بۆ سەر کاروانێکی مەکەدا بـاس کراوە ( سـووڕەوت الـبقرة، ئەیەتی ٢١٧ ) کە لە کاتی مـانگی پیرۆز ( لە ئەم مـانگە پیرۆزەدا هۆزەکانی عەرەب هێرشکرنی لەنـاکاویان بە ڕێپێنەدراو دادەنـا. ) ئەم بـابەتە بە بـاشی نیشانی دەدات کە لانیکەم ڕژانـدنی خـوێنی کافـر زۆر کەم بایەخترە لە ئەوەیکە موسڵمانێک لە باوەڕی خۆی بەلاڕێدا بچێت.

ڕەسـتەیەکی گـرینگی دیکە کە لە سـوورەتی الـبقرةدا هـاتـووە ئەمەیە کە " جەنـگ بکەن لەگەڵ بێ بـاوەڕانـدا هەتـاکو ئـاژاوە ( بێ بـاوەڕی و بـت پەرسـتی ) نـامێنێت" ئەم خـاڵە بۆ جـاری دووهەم دوای شەڕی بەدر و لە ســـاڵی دووهەم لە مەدینەدا ڕاگەیاندرا ( سوورەتی ٨ ئایەتی ٣٩ ).

ئەم ڕەستانە سەبـارەت بە فیتنە هەرکامە بۆ دووجـار دووپـاتە بوونەتەوە، و ئەم بیرۆکەیەشی داسەپـاند کە تـا ئەو کاتەی کە

بەربەســـت بۆ بـــاوەڕ هێنانی خەڵک بە ئیسلام بـــوونی هەبێت جیهادیش پێویستە. هەرچەنـــدەش کە شەڕ کردن و کوشـــتن جێگای داخ بێت، لاواز بوونی ئیسلام بەرامبەر بە ئەو خراپترە.

زۆربەی زانـــایانی ئیسلام لەسەر ئەمە کۆکن کە تەنـــانەت بێباوەڕیش بۆخۆی فیتنەیە، بۆیە دەتـــوانین بەم شێوەیە فیتنە شی بکەینەوە کە بێباوەڕی لە کوشتن خراپترە.

پشـت بەسـتن بە ئەم ڕەسـتەیە ( فیتنە خـراپـترە لە کوشـتن ) گۆڕا بۆ فەرمـــانی جیهانی بۆ شەڕ کردن و کوشـــتنی ئەو بێباوەڕانەی کە پەیامی محـــمد ڕەت دەکەنەوە، چ ئەوەی کە لە کار و بـــاری مـــوسڵمانـــانـــدا دەســـتێوەردانیان کردبێت چ نەیانکردبێت. بە پێ شیکارییەکانی ابـــن کثیر، بەتەنیا پشـــت بەســـتن بە نـــابـــاوەڕی؛ تـــاوانێکی گەورەتـــر لە کوشـــتنە. ئەم شیکارییە، پـــاکانە بۆ شەڕ کردن بە مەبەســـتی تێکشکانی بێباوەڕان بە ئیسلامی لە هەمـــوو نـــاوچەکانـــدا بڵاو کردەوە ( ســـوورەتی الـبقرة، ئەیەتی ١٩٣ و ســـوورەتی الانـفال ئـایەتی ٣٩).

**کاریگەری ئیسلام لەسەر ناموسڵمانان**

ڕەگ و ڕیشەی ئەم بەرهەڵستکارییە دژی نامۆسڵمانان لە نـاو شەریعەتی ئیسلام دەتـــوانی دوای بکەی لەو ئەزمـــوونە دەروونییەی کە محـــمد هەیبوو و هەروەهـــا ئەو کاردانەوە و هەستەی تەری کردنەوەیە کە لە محمددا هەبوو.

لەسەرەتـادا محـمد سەرنجی دۆژمنکارانەی خۆی خسـتە سەر ڕۆڵەکانی خێڵە عەرەبەکان. ئەو کاتەی کە بـــت پەرەســـتە عەرەبەکان لە دادگاکانیاندا موسڵمانەکانیان خستە ژێر ڕخنە، مـــوسڵمانەکان تـــووڕە بـــوون و هەر بۆیە ئەم شێوازە لە کەسایەتی محمددا دروست بوو و ئەو بوونی بێباوەڕانی بە هۆکاری فیتنە دانـا. محـمد لەگەڵ خەڵکی خـاوەن پەرتـووکیشدا هەر ئەم شێوازەی بەکار هێنا. خەڵکی خـاوەن پەرتـووک وەک کەســـانێک سەیر دەکران کە ئیسلام ڕەت دەکەنەوە بۆ هەتاهەتایە بە تاوانبار دادەنران و شایانی ئەوەن کە هەردەم ژێردەستە بن و سوکاەتییان پێ بکرێت.

**بەرپەرچدانەوەیەکی دیکە بۆ ڕەت کردنەوە**

لە چیرۆکی ژیانی محـــمد وەک پەیغەمـــبەر، ئێمە دژکردەوەی جۆراجۆر بەرامـــبەر بە تەریکەوتـــنەوە لە ئەو دەبینین. یەکەم دژکردەوەی محـمد خۆ ڕەت کردنەوە بـوو کە هــاوکات بـوو لەگەڵ بیرۆکەی خۆکوژی، تـــرس لە زاڵ بـــوونی جنۆکە بەسەریدا و بێ هیوایی. هەروەهــا لە دژکردەوە سەبـارەت بە وەرنەگـــرتنی لە لایەن خەڵکەوە، ئەو هەنـــدیک ڕەفـــتاری بۆ سەلماندنی خۆی و بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ترس نیشان دا. بۆ نـــموونە ئەو گـــوتی کە ئەڵڵا دوژمـــنەکانی ئەو لە ئـــاگـــری جەهەنەمـــدا ســـزا دەدات؛ و هەروەهـــا بۆ پـــاکانە کردنی ئەو خـــالانەی کە دەبـــووە هۆی شەرمەزار بـــوونی دەیگوت کە هەمـوو پەیغەمـبەران جـاروبـار بە هۆی شەیتانەوە بە لاڕێدا

ڕۆیشتون، و هەنـــدێک ئـــایەت لە لایەن ئەڵڵاوە هـــات و بانگەشەی ئەوەیان کرد کە ئەو کەسانەی ڕاسپاردەی محمد پەیڕەو دەکەن، هەم لەم دنیایە و هەمیش لە دنیاکەیتر سەرکەوتوون.

بەڵام لە ئـــاکامـــدا هەڵسوکەوتی تـــونـــدئـــاژۆیانەی محـــمد دژکردەوەیەک بـــوو کە ئـــاکامەکەی بیرۆکەی هێرشکردن (جیهاد) بـــوو بۆ لەنـــاوبـــردنی فیتنە و یان شەڕ کردن لەگەڵ ناموسڵمان.

## تۆڵەسەندنەوە

زۆر بـــوونی هێزی سەربـــازی محـــمد لە مەدینە بـــووە هۆی سەرکەوتنی لە شەڕەکاندا و شێوازی هەڵسوکەوتی ئەو لەگەڵ دوژمـــنە شکست خـــواردووەکانی، بە بـــاشی نیشانی دەدات کە ئەو چ پـــاڵنەرێکی بۆ شەڕ هەبـــووە. نـــموونەیەکی ڕوون لەبەردەستە ئەویش ئەو ڕەفتارەیە لەگەڵ عقبة بن أبي معيط کە لە ڕابردوودا پیسای و ڕیخەڵۆکی وشتری بۆ سەر محـمد فڕێ دابـــوو. عـــقبة لە شەڕی بەدردا بەدیل گیرا، ئەو داوای لێبووردنی لە محـمد کرد ، و وتی: ئەی محـمد چ کەسێک دوای من ئاگای لە منداڵەکانم دەبێت؟ محمد ئاوای وڵام داوە؛ بڕۆ بۆ دۆزەخ!. محـمد بڕیاری دا کە عـقبة بکوژن. دوای شەڕی بەدر، لەشی کوژراوانی مەکە خـــرایە نێو چـــاڵێکەوە، و محـــمد بە

شەودا ڕۆشــتە لای چــاڵەکە و گــاڵتەی بە کوژراوەکانی مەکە کرد.

ئەم جۆرە ڕووداوانە نیشانی دەدات کە محمد بەرامبەر بە ئەو کەسانەی کە ڕەتیان کردبووەوە بە شوێن تۆڵەکردنەوە کەوت و بە خــوێنڕشــتنیان شــاگەشکە دەبــوو. . محـمد جەختی لەوە دەکردەوە کە قــسەی کۆتــایی ئەو دەیکات، تەنــانەت لەسەر مردووانیش.

**داگیرکراری مەکە**

ئەو کەسانەی کە محمدیان ڕەت کردبووەوە بەردەوام ناویان لە یەکەمین کەسەکانی خشتەی تیرۆری محمددا هەبوو. لەگەڵ ئەوەش پــاش داگیر کردنی مەکە، محــمد هەمــوو دانیشتوانی شــارەکەی نەکوشت، بەڵام ئەو خشــتەیەکی ئـامـادە کردبو کە کەسانی ناو ئەو لیستەیە بە هەر شێوەیەک بووبێت بکوژرێن. سێ کەس لەوانە لە ئــایینی ئیسلام وەرگەڕابــوون، دوو کەس ( کە یەکێکیان ژن بوو ) لە مەکەدا جنێویان بە محمد دابوو، و دوو کچی کۆیلە بە گــــاڵتەکردنەوە شێعریان لە دژی محــــمد خوێندبوو.

خشــــتەی ئەو کەســــانەی کە دەبــــوو لە نێو مەکەدا بکوژرێن دەرخەری بێزاری لە ڕادەبەدەری محمدە لەوەی کە کەسانێک کە ئەو ڕەت دەکەنەوە. ئەو کەسانەی کە لە ئـایین لایانـدابـوو، مەتـرسییەکەیان فیتنە بـوو چـوونکە ئەوان نـموونەیەک بـوون

لەوەی کە کەسانێک دەتوانن لە ئیسلام وەرگەڕێن، لە حاڵێکدا ئەگەر کەسێک گاڵتەی بە محمد کردبایە یان جنێوی بدابایە، مەترسییەکەی لەوەدا بوو کە ئەو هێزەی هەبوو باوەڕی کەسانی دیکە لاواز بکات.

**ئاشتەوایی الحدیبیە**

پێش لە داگیر کردنی مەکە، محمد لە خەونێکدا بینی کە بۆ سەردان ڕۆشتوەتە مەکە. بەڵام لەڕاستیدا لەو کاتەدا ئەم کارە نەدەکرا لەبەر ئەوی کە لە نێوان موسڵمانەکان و خەڵکی مەکەدا بارودۆخی شەڕ زاڵ بوو. دوای ئەم خەونە محمد لەگەڵ خەڵکی مەکە پەیمانێکی بەست کە دەرفەتی بە محمد دەدات کە بۆ ڕێوڕەسمی حەج بڕواتە مەکە. ماوەی بەسەرچوونی ئەم پەیمانە دە ساڵ بوو و یەکێک لە خاڵەکانی ئەم پەیماننامەیە ئەو بەڵێنییەی تێدا بوو کە هەرکەسێک کە بە بێ ڕێپێدراوی دایک و بابی یان سەرپەرەشتەکەی بێتە لای محمد، دەبێت بیگەڕێنێتەوە. ئەم خاڵ یان تێبینییە کۆیلەکان و ژنانیشی دەگردەوە. هەروەها ئەم ڕێکەوتنە ئیزنی بە ئەندامانی هەر گرووپێک دەدات کە بڕواتە نێو گروپەکەی دیکە.

محمد بۆخۆی پابەندی ئەم ڕێکەوتنە نەبوو، لەبەر ئەوە هەرکات خەڵکی مەکە دەڕۆیشتنە لای بۆ وەرگرتنەوەی ژن یان کۆیلەکانیان، ئەو بە پشت بەستن بە ئەڵڵا خۆی لەم کارە دەبوارد کە بەندێک بوو لە خاڵەکانی پەیمانی حودەیبییە کە لەسەری ڕێککەوتبوون. یەکەمین نموونە ژنێک بوو بە ناوی

ئەمە کلسوم کە براکەی بۆ وەرگرتنەوەی هاتبوو. محمد ئەوی ڕادەستیان نەکرد، و بە وتەی ئیبن ئیسحاق ئەوە ئاڵڵا بو کە ئیزنی ئەم کارەی نەئەدا ( سوورەتی الممتحنە، ئایەتی ٩ – ١٠ ).

سوورەتی الممتحنە بڕیار بە موسڵمانەکان دەدات کە لەگەڵ ناموسڵمانەکان برادەرایەتی نەکەن و دەڵێت ئەگەر موسڵمانان عاشقی کەسێک ببن لە مەکە، ئەوانە لایانداوە: چونکە هەردەم ئاواتی بێ باوەڕان ئەوەیە کە ببنە هۆی بێ باوەڕی موسڵمانان. سوورەتی الممتحنە بەگشتی دژایەتی لەگەڵ ناوەڕۆکی پەیمانی الحدیبیە هەیە کە ئاوای دەگوت: ئێمە سەبارەت بە یەکتر دژایاتی و ڕق نیشان نادەین، و هیچ جۆرە کارێکی بێباوەڕانە و نهێنی لە نێوانماندا نییە. بەڵام لە دواییدا کاتێک کە موسڵمانان هێرشیان کردە سەر شاری مەکە و داگیریان کرد، و ئەم ناکۆکییەیان لەگەڵ ناموسڵمانان خستە ئەستۆی قورەیشییەکان و گوتیان ئەوان پەیمانەکەیان شکاندووە.

پاش ئەمە، ئەڵڵای ئیسلام ڕایگەیاند کە ئیدی نابێت هیچ پەیمانێک لەگەڵ کافرەکان ببەسترێت. لە سوورەتی التوبە ئەیەتەکانی ٣ – ٥ باسی ئەوە دەکات کە "ئەڵڵا هیچ پەیمانێکی لەگەڵ بت پەرەستەکاندا نییە ... لە هەرشوێنێک ئەو کەسانەتان بینی کە هاوبەش بۆ خودا دادەنێن ( مۆشرێک ) بیانکوژن".

بەدواداچـــوون بۆ ئەم ڕووداوانە نیشانی دەدات کە چۆن ئەو بیرۆکە ئیسلامیە تـــونـــدوتیژە پێک هـــات کە بێباوەڕان و نـــامـــوسڵمانـــان لە بـــنەڕەتـــدا پەیمان شکێنن و نـــاتـــوانـــن بەڵێنییەکانیان بەرنەسەر ( ســـوورەتی ٩، ئـــایەتی ٢ – ٨ ). لە حاڵێکدا محمد بە پێ بڕیاری ئەڵڵاکەشی، پەیمان شکێنی لەگەڵ بێ باوەڕان بە مافی خۆی دەزانی. جێگای سەرنج ئەوەیە کە کاتێک محمد، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە پلە و دەسەڵاتێکی سەرتری لە کەسانی دیکە هەیە، پەیمان لەگەڵ ناموسڵمانانی دەخستە ژێر پێیەکانی، و ئەم کارەی بە تاوان دانەدەنا.

ئەم جۆرە ڕووداوانە نیشانی ئەدات کە محـــمد بە دانـــانی بێباوەڕان لە گـــرووپی ئەو کەســـانەی کە مـــوسڵمانەکان لە باوەڕیان هەڵدەخەڵەتێنن ( واتە هۆکاری فیتنەی موسڵمانان )، ئەگەر لە وەرگـــرتنی ئیسلام خۆ بـــبوێرن بە هیچ جۆرێک پەیوەندی ڕۆژانە لەگەڵیان ڕێگەپێدراو نییە.

## شەڕکردن ( جیهاد ) دژی یەهودییەکان

هەڵسوکەوت و ڕووداوەکانی نێوان محـــمد و یەهـــوودییەکانی مەدینە و خەیبەر بـــوو بە بـــنەمـــایەک بۆ دروســـت بـــوونی پیکهاتەی زممە لە دژی خەڵکی خاوەن پەرتووک.

بە درێژایی بــوونی محــمد لە مەکەدا، تەنیا خــاڵی هــاوبەشی محمد لەگەڵ یەهودییەکان لەوەدا بوو کە ئەو پەیغەمبەرێکە لە زەنجیرەی پەیغەمــبەرانی یەهــود. لەو ســوورەتــانەی کە لە مەکەدا بۆ محــمەد هــات و ئەو ســروشــانەی کە لە یەکەم مـانـگەکانـدا لە مەدینەدا بۆ محـمد هـاتـن، ئـامـاژەیەکی زۆر بە یەهودییەکان کراوە، جەخت لەسەر ئەو خاڵە کراوەتەوە کە بە لەبەر چــاوگــرتنی ئەوی کە هەنــدێک لەوان بــاوەڕدارن و هەنــدێکیشیان بێ بــاوەڕن بەڵام پەیامی محــمد دەبێتە هۆی پیرۆزی بۆیان ( سوورەتی ٩٨ ئایەتی ١ تا ٨ ).

محــمد ئەو کاتەی کە لە مەکەدا بــوو لەگەڵ مەسیحییەکان لە پەیوەندیدا بوو و ئەم پەیوەندییانە دڵگەرم کەر بوو. ورقة بن نـوفل المسیحي کوڕەمـامی خەدیجە کە مەسیحی بـوو محمدی وەک پەیغەمـبەرێک نـاسـانـد، و مەسیحییە حەبەشییەکان کە لە مەکەدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرد وەک پەیغەمبەرێک قەبوڵیان کرد. ڕەنـگە محـمد هیوای بەوە هەبـووبێت کە یەهـودییەکانیش پێشوازی لە پەیامەکەی بکەن و تێبگەن کە " نیشانە تــایبەتی زۆری لە لایەن ئەڵڵاوە هەیە" ( سوورەتی ٩٨ ).

لەڕاستیدا بە پێ قسەی محمد هەموو فێرکارییەکانی ئەو وەک ئـایینی یەهـوودییەکان بـوو بۆ نـموونە نـوێژ خـوێندن و دانی زەکات ( ســوورەتی ٩٨ ، ئــایەتی ٥ ). ئەو تەنــانەت داوای لە شـوێنکەوتـوانی کرد کە لەکاتی نـوێژکردنـدا ڕوویان لە وڵاتی

شـــام  بکەن کە وابـــاسە کە مەبەســـتی ئـــورشەلیم بـــووە، و ئەمکارەشی بە لاسایی کردنەوەی یەهودییەکان کرد.

بە پی گێڕانەوەی حەدیسەکان، ئەو کاتەی کە محـــمد گەیشتە مەدینە لەگەڵ یەهـــودییەکان پەیمانی بەســـت. ئەم گـــرێبەســـتە یەهـــودییەتی وەک دینێک قەبـــوڵ کرد و ڕایگەیانـــد کە "یەهودییەکان و موسڵمانەکان هەرکامە ئایینی خۆیانیان هەیە" بەڵام بڕیاری بەسەر یەهودیەکاندا دا کە لایەنگری محمد بن.

**دژایەتی لە مەدینە**

پـــاشـــان محـــمد دەســـتی کرد بە بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی لە نێوان دانیشتوە یەهـــودییەکانی مەدینە، بەڵام تـــووشی دژکردەوەیەکی لەنـــاکاو بـــووەوە. حەدیسە ئیسلامییەکان ئەم بەربەرکانییە دەخەنە ئەوستۆی هەستی ئیرەیی یەهودییەکان. هەندێک لەو بابەتانە کە محمد دیگوت سروشم بۆ هاتووە کە ڕیشەکەی دەگەڕانـــدەوەبۆ پەرتـــوکی پیرۆز. و لە ئـــاکامـــدا حاخامەکانی یەهود بێگۆمان پشکنینی تەواویان لە پەرتووکی پیرۆز بۆ وتەکانی محـــمد کرد و ئەم ســـروشـــانەیان دەخســـتە ژێر پرسیار، و قسە دژبەیەکەکانی محمدیان دەردەخست.

ئەم پـــرسیارانە بۆ پەیغەمـــبەری ئیسلام کێشەیان دروســـت دەکرد و محـــمد لە وڵامی ئەم پـــرسیارانەدا بـــانـــگەشەی ئەوەی دەکرد کە ســـوورەتی زیاتـــر لەمـــانە لە قـــورئـــانـــدا بە ئەم دراوە. زۆربەی ئەو کاتـــانەی کە وڵامدانەوە بە پرسیارەکان بۆ محمد

دژوار دەبـوو، لە دەرفەت کەڵکی وەر دەگـرد و بۆ پشـتڕاسـت کردنەوەی قسەکانی لە ئایەتەکانی قورئان کەڵکی وەردەگرد.

یەکێک لە ئــاســانــترین ڕێکارەکانی مـحــمد ئەوە بــوو کە بــانـگەشەی ئەوەی دەکرد کە یەهــودییەکان فێڵبازن، چــونکە بەس ئاماژە بەو ئایەتانەی قورئان دەکەن کە لە باسەکانیاندا یارمەتیدەریانە، بەڵام ئەو ئایەت و سوورەتانە کە بە قازانجیان نییە باسی لێوە ناکەن

( سوورەتی ٣٦ ، ئایەتی ٧٦ ؛ سوورەتی ٢ ، ئەیەتی ٧٧ ).

لە وڵامی یەهــودییەکانــدا، وڵامێکی دیکە کە بەنــاوی ئەڵڵاوە گـوتـرابـوو ئەوە بـوو کە یەهـودییەکان بەگشـتی پەرتـووکە پیرۆزەکەی خۆیانیان گۆڕیوە ( سوورەتی ٢ ، ئەیەتی ٧٧ ).

لە ڕوانــگەی نەریت و حەدیسە ئیسلامییەکانەوە، حـــاخـــامە یەهـوودییەکان لە گفتۆگۆکردن لەگەڵ محمد مەبەستی باشیان نەبـووە و مەبەسـتی ئەوان وڵام دانەوەی گـونـجاو بە مـحـمد نەبوو. ئەوان بەس ئامانجی فیتنەیان هەبوو و دەیانهەویست و هەوڵی ئەوەیان دەدا کە ئیسلام و بـاوەڕی مـوسڵمانەکان تێک بدەن.

**فێرکردنی دوژمنکارانە دژی ڕەتکەرەوەکان**

ئەم گـــفتوگۆ پڕ لە بێهیواییەی مـحــمد لەگەڵ یەهــودییەکان، دژایەتی و ڕقی مـحــمد بەرامــبەر بە ئەوان دەبــاتە سەر. لە حـــاڵێکدا لە ئـــایەکانی پێشوودا گـــتبووی کە هەنــدێک لە

یەهودییەکان باوەڕدارن، بەڵام ئێستا قورئان بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەمــوو یەهــوودییەکان نەفــرەت لێکراون و بەس چەنـد کەس لەوان بـاوەڕداری ڕاسـتەقینەن ( سـوورەتی ٤ ، ئایەتی ٤٦ ).

قـورئـان ڕایگەیانـد کە لە ڕابـردوودا هەنـدێک لە یەهـودییەکان لەبەر تـاوانەکانیان بـوون بە مەیمون و بەراز ( سـوورەتی ٧ ، ئایەتی ١٦٦ ؛ سوورەتی ٥ ، ئایەتی ٦٠ ؛ سوورەتی ٢ ، ئەیەتی ٦٥ ). هەروەهـا ئەڵلای ئیسلام بە پەیغەمـبەر کوژ نـاوی لێنان ( سـوورەتی ٥، ئـایەتی ٧٠ ) و پەیوەنـدی خۆی لەگەڵ ئەم یەهـوودییە پەیمان شکێنانەدا ڕەت کردەوە و دڵیانی ڕەق کرد. هەر بۆیە جـگە لە کەسـانێکی کەم، یەهـودییەکان بەرامـبەر بە مـوسڵمانـان هەردەم نـاپـاکن ( سـوورەتی ٥ ، ئـایەتی ١٣ ). یەهـودییەکان " هەردەم بە دۆڕاوەکان " نـاو دەبـردرێن کە لە ڕێگای ڕێنوێنی دروسـت لایان داوە ( سـووڕتی ٢ ، ئـایەتی ٢٧ ).

پێش هـاتنی محـمد بۆ مەدینە، کە سـوورەتی الـبقرە لە ئـایەتی ٦٢، ئایینی یەهوودی بە ئایینێکی جێ باوەڕ ناسێنرابوو. بەڵام ئەم ئـایەتە بە ئـایەتی ٨٥ سـوورەتی ال عـمران پـووچەڵ کرایەوە. لە مەدینەدا محـمد بەم ئـاکامە گەیشت کە ئەو نێردراوە تـاکو هەڵەکانی یەهـودییەکان چـارەسەر بکات ( سوورەتی المائیدە، ئایەتی ١١٥ ). محمد بەو ئاکامە گەیشت کە هـاتنی ئەو هۆکاری ڕەت کردنەوەی یەهـودییەتە، و

ئیسلامێک کە ئەو هێناویەتی کۆتـا ئـایین و قـورئـانیش کۆتـا پەیامی خـوداوەنـدی ئیسلامە. هەمـوو ئەو کەسـانەی کە ئەم پەیامە ڕەت دەکەنەوە بەشێکن لە " زەرەرمەنـدان " ( قـورئـان سوورەتی ال عمران، ئایەتی ٨٥ ).

یەهودیەکان و مەسیحییەکان ئیدی نابێ شوێن ئایینە کۆنەکەی خۆیان بکەون، ئەوان دەبیت محـمد قـبووڵ بکەن و بـبن بە موسڵمان.

لە ئایەتەکانی قوڕئاندا، محمد شەڕیکی بە فێرکردن و بە باوەڕ لە دژی یەهـوودییەکان بەرپـا کرد. ڕیشەی ئەم هێرشە لەوەدا بـوو کە محـمد لەوەی کە یەهـوودییەکان پەیامەکەیان ڕەت کردبـووەوە دڵی ئێشابـوو. و هەر بەو شێوەیە کە لەگەڵ بـت پەرەسـتانی مەکە هەڵسوکەوتی کردبـو، محـمد هەر لەم ڕەتکردنەوەیە بۆ پێگەدان بەخۆی کەڵکی وەرگـرت و پـاشـان هەنگاوێکی دیکە چووەپێشەوە و وڵامەکانی تێکەڵ بە هەڕەشە کران.

**تەری کەوتنەوە دەگوازرێتەوە بۆ  توندوتیژی**

لە مەدینەدا، محمد بزوتنەوەیەکی بۆ ترساندن و لە کۆتایدا بۆ لەنـاوبـردنی تەواوی یەهـوودییەکان دەسـت پێکرد. ئەو لە شەڕی بەدردا پـاش سەرکەوتـن بەسەر بـت پەرەسـتەکانـدا ورەی زۆر بەرز بـبووەوە، هەڕەشەی لە هۆزێکی یەهـودی بە نێوی بني قینقاع کرد کە لە لایان خـودا تۆڵەیان لێ دەکرێتەوە.

و پاشـان هەر بەم پاسـاوە، ئەم هۆزە یەهـوودیەی گەمـارۆدا و ئەوانی لە مەدینە دەری کردن. لە هەنـــگاوی دوای ئەوەدا هەنـدێک لە یەهـوودییەکانی کردە ئـامـانجی تێرۆر و بڕیاری دا بە شـــوێنکەوتـــووەکانی کە " هەر یەهـــوودییەک کە کەوتە دەسـتیان" بیکوژن و هۆشـداری بە یەهـودییەکان دا کە " اسـلم تسلم " واتە باوەڕ بە ئیسلام بهێنە تا ئاسایشت هەبێت. "

لەم قۆنـــاغەدا، گۆڕانێکی بـــنەڕتی لە محـــمد دا ڕووی دا؛ کە نـاموسـڵمانەکان بەس لە حاڵەتێکدا دەتوانن ببنە خاوەن ماڵ و سـامان و گیانیان کە ڕێز لە موسـڵمانەکان بگرن و پشتگیرییان بکەن. جـگە لەمە هەمـوو هەڵسوکەوتێک بە فیتنە دادەنـرێت و دەبێتە بیانوویەک بۆ شـەڕ کردن لەگەڵیان.

بەڵام هێشتا محمد بەتەواوەتی هەسـتی تۆڵەی لە یەهـودییەکان دانەمرکابۆە و هۆزی بني النضير، هۆزێکی دیکە بوو کە محمد بیری لێ دەکردەوە. هەموو ئەندامانی ئەم هۆزە تاوانی پەیمان شکێنییان بەسەردا سەپا و پاشـان کەوتنە بەر هێرش و دوای گەمـــارۆدانێکی دوورودرێژ لە مەدینە دەرکران و ســـامـــانە بەجێماوەکانیان وەک دەسکەوتی جەنـــگ ( غـــنيمة ) کەوتە دەستی موسـڵمانەکان.

دوای ئەم ڕووداوە، محـمد هۆزی بـني قـريـظة کە کۆتـا هۆزی یەهـودی بـوو کە مـابـووەوە بە بیانـووی ئەوەی کە جیبرئیلی فـــریشتە بڕیاری داوە گەمـــارۆی خســـتە سەریان. و پـــاش ڕادەست کردنی بە بێ مەرجی ئەم هۆزە، شەشسەد تا نۆسەد

کەس لە پیاوانی ئەم هۆزە لە بازاڕی مەدینەدا سر بڕدرا و لە لەشیان جودا کرانەوە و ژن و منداڵەکانیان وەک دەسکەوتی جنگ ( کویلە ) بە نێو موسڵمانانادا دابەش کرا.

هێشتا کاری محمد لەگەڵ یەهودیەکانی عەرەبستان تەواو نەببو. پاش لەناوبردنی هوودییەکان لە مەدینە، ئەو هێرشی کردە سەر ( خیبر ). لەم هێرشەدا مافی دوو بژاردەی خستە بەردەم خەڵکەکە: یان ئاییینیان بگۆڕن بۆ ئیسلام، یان بکوژرێن. بەڵام کاتێک کە موسڵمانەکان یەهودیەکانی خەیبەریان بەزاند، پێشنیاری سێهەمێشی هێنایە ئاراوە: ڕادەست کردنی بەمەرج. بەم شێوەیە یەهودییەکانی خەیبەر یەکەمین گروپیک بوون کە بوون بە ژێردەستی زممە.

بەم خاڵە، بابەتی ئێمە سەبارەت بە هەڵسوکەوتی محمد لەگەڵ یەهودییەکان کۆتایی پێهات. گرینگ ئەوەیە کە بزانین لە ڕوانگەی قورئانەوە مەسیحییەکان و یەهودییەکان هەردووک لە یەک گرووپدان و بە ( خەڵکی خاوەن پەرتووک ) دادەنرێن. شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ یەهودییەکان وەک ( خەڵکی خاوەن پەرتووک ) لە قورئان و ژیانی محمدا لە سەدەکانی دوای ئەوە بوو بە نموونەیەک بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ مەسیحییەکانیش.

## 'ئێمە قوربانین'

یەکیک لەو بیرکردنەوانەی کە محـمد خسـتیە نـاو بەرنـامەی کاری خۆیەوە ئەوە بـوو کە جەخـت لەوە بکاتەوە کە مـوسڵمانەکان قـوربـانین و لە ژێر ئـازاردان. بۆ پـاکانەی ئەم بیرۆکەیە کە داگیر کردنی ولاتـان و شەڕی بەرامـبەر لەگەڵ ئازادی، زۆر گرینگ بوو کە بیانویەک پەیدا بکات کە دوژمنانی نـاموسڵمان تـاوانـبارن و شـایانی ئەوەن کە هێرشی سەربازی بکرێتە سەریان. هەروەها بۆ ئەوەی کە سزای سەر دوژمنانی سەختبێت، دەبـوا زۆرتـرین پێداگـری لەسەر تـاوانـبار بـوونیان بکردبایە. لەوێیەوە کە بە پێی فەرمانی ئیلاهی ( ئەڵلا ) ڕەنج و ئـازاری مـوسڵمانەکان لە کوشـتنی بە کۆمەڵیان خـراپـترە، هەر بۆیە ئەرکی سەرشـانی مـوسڵمانـانە کە ئـازار چێشتنەکانی خۆیان لە هەر بەڵایەک کە بەسەر نـامـوسڵمانـانـدا دەیهێنن بە گەورەتـر بـزانـن. ئەم بیرکردنەوە کە مـوسڵمانەکان هەردەم سـتەملیکراوتـر و قـوربـانیترن بـوون بە بـاوەڕێکی نەگۆڕ و بەشێک لە بنەماکانیان.

هەر ئەم بـاوەڕە ئـاییینیە کە ڕیشەکەی لە قـورئـان و سـونەتی محـمددایە بۆمـان ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی هێشتاش هەنـدێک لە مـوسڵمانـان لەسەر ئەو بـاوەڕەن کە لەو کەسـانەی کەوتـوونەتە بەر هێرشی مـوسڵمانـان، زوڵملێکراوتـر و قـوربـانیترن. لە وتـووێژێکی تەلەڤزیونی لەگەڵ دوکتور وەفـا سۆڵتان لە کانـاڵی الجـزیـرة، پرۆفیسۆر احـمد بـن محـمد هەر

هەمان بیرۆکەی خستە ڕوو. ئەو کە لە قسەکانی دوکتۆر وفاء سلطان تووڕە ببو، دەستی کرد بە هاوار کردن و گوتی:

ئەوە ئێمەین کە بـــوینەتە قـــوربـــانی! ... بە میلیۆن مـــرۆڤی ( مـــوسڵمان ) لە بەین ئێمەدا هەیە، لە حـــاڵێکدا بە تـــاوانەکانی ئێوە ... لە چەند کەس زیاتر نین، لانی زۆر چەند هەزار کەس دەبن.

ئەم بیرۆکەی قـــوربـــانی بـــوونە، تـــا ئەمڕۆیش بەڵای گیانی کۆمەڵگا ئیسلامییەکانە و بووەتە هۆی لاواز بوونی وەرگرتنی ئەوان بۆ هەســـت بە بەرپـــرســـایەتی کردنیان سەبـــارەت بە هەڵسوکەوتیان.

## محمدی ڕەتکەرەوە

ئەم بابەتە کۆتای بە لێکۆڵینەوەکانی ئێمە دێنێت کە سەبارەت بە هەڵسوکەوتی محـمد لەگەڵ وەرنەگـرتنی لە لایەن کەسـانی تـــرەوە و تەری کەوتـــنەوەی لە خەڵک و ئەوەی کە ئەو بە شوێن سەرکەوتن بەسەر دوژمنەکانیدا بوو.

هەرواکە بینیمان، پەیغەمبەری ئیسلام ئەزموونی هەمو جۆرە ڕەت کردنەوەیەکی لە قۆنـــاغە جیاجیاکانـــدا هەبـــوو: یەکەم، ئەنـدامـانی بـنەمـاڵە و خـزمەکانی ڕەتیان کردەوە، دووهەم خەڵکی مەکە ئەویان قەبـــوڵ نەکرد و لە کۆتـــایشدا یەهـــودییەکانی مەکە ئەویان ڕەت کردەوە. محـــمد لە

دژکردەوەی ئەمـانەدا، گۆمـانی لە خۆی کرد، بەڵام پـاش ئەوە مـــتمانەی بەخۆی بەخشی و لە کۆتـــاییدا دەســـتی بـــرد بۆ تـونـدوتیژی. محـمدێک کە هەتیو بـوو، زۆرێکی هەتیو کرد. ئەو کە گۆمانی لە خۆی بوو و تەنانەت لە ترسی بینینی ڕۆحەکاندا تەنـانەت بیری لە خۆکوژیش کردبـووەوە بـوو بە گەورەتـرین ڕەتکەرەوەی کەســانیتر کە بــاوەڕ و ئـــایینەکەی بە زۆرداری سوپاکەی بەسەر خەڵکدا سەپاند تا ئایینی ئەو جێگای باوەڕ و ئایینی خەڵک بگرێتەوە.

محـــمد لە جیهانبینی و شێوازی بیرکردنەوەی هەســـتی و ڕواڵەتی خۆیدا، وابیری دەکردەوە کە بەزانـــدن و ســـوکایەتی کردن بە دوژمنانی، هەستی تێکشکانی شوێنکەوتوانی سارێژ دەکات و تـــووڕەییەکەیان دادەمـــرکێنێت. ســـوووڕەتی الـتوبە، ئەیەتی ١٤ – ١٥ ئەم ئـــاشـــتییەی ئیسلام بەم شێوەیە شی دەکاتەوە کە سارێژ بـوون، بە سەرکەوتـن لە شەڕدا بەدەست دێت.

ڕاستە کە محـمد و هـاوڕێیانی بەڕاستی لە لایەن کەسانێکەوە کە چەنـدین خـودایان پەرەسـتش دەکرد کەوتـنە بەر ئـازار و ئەشکەنـجە، بەڵام پـاش ئەوەی کە محـمد لە مەدینە دەسەڵاتی بەدەســـتەوە گـــرت، تەنـــانەت بێ بـــاوەڕ بـــوون بە پەیغەمبەرییەکەشی لە لایەن خەڵکەوە بە ئازار دادەنا و ئیزنی کەڵک وەرگرتن لە توندوتیژی بەرامبەر بە ئەو کەسانە دا کە بڕوا نـاکەن، گـاڵتە دەکەن، چەنـد خـودا دەپەرەسـتن، یەهـودی

یان مەسیحین لەبەر ئەوی کە بێدەنگیان بکات و نـــاچـــاریان بکات کە ملکەچ بن. محمد بەرنامەیەکی سەربازی  داڕشت کە بە شێوایکی پیلان داڕێژراو هەر جۆرە دژایەتییەک بەرامـــبەر بە خۆی و شـوێنکەوتـوانی لەنـاو ببات. ئەو بـانگەشـەی ئەوەی کرد کە سەرکەوتنی ئەم بەرنـــامەی سەرکوتکەرنە، هۆکار و یارمەتیدەر بۆ جێباوەڕ بوونی پەیغەمبەرایەتییەکەی.

قـــورئـــان خـــاڵە سەرەکییەکانی ژیانی محـــمدی بەشێوازی هــاوتەریب لەگەڵ پێگەی پەیغەمــبەرێک کە بەرەو پێش دڕوات بــاس کردووە. لە ئـاکامــدا قـورئــان وەک نــووســراوە یان بەڵگەیەکی زۆر تـاکەکەسی محـمدە کە هەسـتی دوژمـنایەتی و تــونــدوتیژی ڕوولەگەشەی ئەو بەرامــبەر بە ڕەتکردنەوەی لە لایەن خەڵکەوە تۆمـار کردووە. ئەو شـتانەی کە محـمد بەسەر ناموسڵمانەکاندا سەپاندی وەک: بێدەنگی و کوژانەوە، هەسـتی تـــاوانـــبار بـــوون و بە زۆرەملی ســـتایش کردن، ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دژکردەوەیە کە محـــمد لە هەمـــبەر ڕەت کردنەوەی بەدەستی خەڵک هەیبوو و هەموو ئەو کەسانەی کە دانیان بەوەدا نەدەنـــا و نەیانـــگوت ' ڕایدەگەینم کە هیچ خــودایەک جـگە لە ئەڵڵا بــوونی نییە و ڕایدەگەینم کە محــمد نێردراوی ئەوە' بە زەبر و توندوتیژی شکستیان هێنا.

# بەشی پێنجەم

# عیسا پیاوی غەمەکان

## پیاوی غەمەکان

چیرۆکی ژیانی عیسای مەسیح ئەگەر بەو ڕادەیەش نەبێت بەڵام پڕە لە تەری کەوتـــنەوە و لــــووتکەی ئەم تەری کەوتـنەوەیە لەکاتی لەخـاچـدانەکەیدا دەبینین. وڵامی محـمد بە زوڵم و ئـــازار تۆڵەکردنەوە بـــوو لە حـــاڵێکدا عیسای مەسیح وڵامێکی بەتەواوەتی جیاوازی هەبوو.

عیسای مەسیح وەک محـمد هەلـومەرجێکی بـنەمـاڵەیی بـاشی نەبوو. لە بارودۆخێکی نەگونجاودا لە گەوڕێکدا لەدایک بوو ( لۆقا ٢ : ٧ ). دوای لەدایک بوونی هیرۆدیسی پادشـا بڕیاری کوشـتنی ئەوەی دا. پـاشـان، وەک پەنـابەرێک لەگەڵ مـریەم و یوسف بەرەو میسر هەڵهاتن ( مەتا ٢ : ١٣ – ١٨ ).

#### عیسای مەسیح لەبەردەم پرسیاردا

کاتێک کە عیسای مەسیح خـزمەتی فێر کردنی دەسـت پێ کرد ڕووبەڕووی دژایەتییەکی زۆر بـووەوە. هەروەک محـمد پیاوە ئـاییینییەکانی یەهـوودی بە مەبەسـتی بە داو خسـتنی و لاواز

کردنی دەسەڵاتکەی، ئەویان خستە ژێر فشاری پرسیارەکانیان:

(( کاتێک عیسا ئەوێی بەجێهێشت، مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان دەستیان کرد بە تەنگ پێ هەڵچنینی و لە زۆر بابەت پرسیاری لێ بکەن، چاوەڕێیان دەکرد بە وشەیەکی دەمی خۆی تووشی بکەن )) ( لۆقا ١١ : ٥٣ – ٥٤ ).

سەبارەت بە ئەم بابەتانەی خوارەوە پرسیاریان لە عیسا کرد:

- ئیتر هەندێک لەوانەی لەوێ بوون چاودێرییان دەکرد بۆ ئەوەی بزانن لە شەممەدا چاکی دەکاتەوە، تاکو سکاڵای لێ بکەن ( مەرقۆس ٣ : ٢ ، مەتا ١٢ : ١٠ ).
- پێیان گوت: «پێمان بڵێ، بە چ دەسەڵاتێک ئەمانە دەکەیت؟ کێ ئەم دەسەڵاتەی بە تۆ داوە؟ ( مەرقۆس ١١ : ٢٨ ، مەتا ٢١ : ٢٣ ، لۆقا ٢٠ : ٢ ).
- ئایا دروستە مێرد ژنەکەی تەڵاق بدات؟ ( مەرقۆس ١٠ : ٢ ، مەتا ١٩ : ٣ ).
- دروستە سەرانە بدرێتە قەیسەر یان نا؟ بیدەین یان نا؟ ( مەرقۆس ١٢ : ١٤ ، مەتا ٢٢ : ١٧ ، لۆقا ٢٠ ٢٢ ).
- مامۆستا، گرنگترین ڕاسپاردەی تەورات چییە؟ ( مەتا ٢٢ : ٣٦ ).

- دەربارەی مەسیح چی دەڵێن؟ کوڕی کێیە؟ ( مەتا ٢٢ : ٤٢ ).

- ئەوسا لێیان پرسی: باوکت لەکوێیە؟ ( یۆحەنا ٨ : ١٩ ).

- سەبارەت بە ڕۆژی زیندووبوونەوە ( مەتا ٢٢ : ٢٣ – ٢٨ ، لۆقا ٢٠ : ٢٧ – ٣٢ ).

- داوای نیشانەیەکی ئاسمانییان لێی کرد ( مەرقۆس ٨ : ١١ ، مەتا ١٢ : ٣٨ ، ١٦ : ١ ).

- سەرەڕای هەموو ئەم پرسیارانە ئەم تاوانەشیان خستبووە سەر عیسای مەسیح کە:

- بەعلزەبول دەستی بەسەردا گرتووە، بە شای ڕۆحە پیسەکان، ڕۆحی پیس دەردەکات ( مەرقۆس ٣ : ٢٣ ، مەتا ١٢ : ٢٤ ).

- ئەوەی قوتابییەکانت دەیکەن دروست نییە لە شەممەدا بکرێت ( مەتا ١٢ : ٢ ) و بۆچی قوتابییەکانت نەریتی پیران دەشکێنن؟ پێش نانخواردن دەستیان ناشۆن! ( مەرقۆس ٧ : ٢ ، مەتا ١٥ : ١ – ٢ ، لۆقا ١١ : ٣٨ ).

- شایەتییەکەت ڕاست نییە ( یۆحەنا ٨ : ١٣ ).

**ڕەت کەرەوەکان**

بە لێکۆڵینەوە لە ژیان و فێرکارییەکانی عیسای مەسیح تێدەگەین کە ئەو ئەزمـــوونی ڕەت کردنەوەی لە لایان کەسانێکی زۆرەوە هەبووە:

- هیرۆدس هەوڵی کوشـــتنی ئەوی دا لە کاتێکدا کە ئەو هێشتا منداڵ بوو ( مەتا ٢ : ١٦ ).
- هـاوڵاتییەکانی لە نـاسیرە ڕقیان لێ بـوو ( مەرقۆس ٦ : ٣ ، مەتـــا ١٣ : ٥٣ – ٥٨ )، و هەوڵیان دا کە لە سەر تـاشەبەردێ فڕەی بدەنە خـوارەوە تـاکو بیکوژن ( لۆقـا ٤ : ٢٨ – ٣٠ )
- ئەنـــدامـــانی بـــنەمـــاڵەکەی وەک شێت سەیریان کرد ( مەرقۆس ٣ : ٢١ ).
- زۆربەی شـوێنکەوتـووانی بەجێیان هێشت ( یۆحـەنـا ٦ : ٦٠ ).
- کەسـانێک هەوڵی بەردبـاران کردنیان دا ( یۆحـەنـا ١٠ : ٣١ ).
- ڕیبەرانی ئایینی پلانی کوشتنیان بۆی دانا ( یۆحەنا ١١ : ٥٠ ).

- یەهودا یەکێک لە دوازدە قوتابییەکە ناپاکی لەگەڵ کرد ( مەرقۆس ١٤ : ٤٣ بەولاوە، مەتـــا ٢٦ : ١٤ – ١٦ م لۆقا ٢٢ : ١ – ٦ ، یۆحەنا ١٨ : ٢ – ٣ ).

- پەترۆس یەکێک لە قوتابییە باشەکانی عیسای مەسیح سێ جـــار ئەوی ڕەت کردەوە ( مەرقۆس ١٤ : ٦٦ – ٧٢ ، مەتـــا ٢٦ : ٦٩ – ٧٥ ، لۆقـــا ٢٢ : ٥٤ – ٦٢ ، یۆحەنا ١٨ ).

- گرووپیکی گەورە لە خەڵک لە ئۆرشەلیمدا داوایان کرد کە عیسا مەسیح لە خـــاچ بـــدرێت و هەر ئەم خەڵکە چەند ڕۆژێک پێش لەمە هەر لەو شـارە بە شـادییەوە پێشوازییان لێکرد و وەک ڕزگـارکەرێک بەخێرهـاتنیان کرد ( مەرقۆس ١٥ : ١٢ – ١٥ ، لۆقـا ٢٣ : ١٨ – ٢٣ ، یۆحەنا ١٩ : ١٥ ).

- ڕێبەرە ئـاینییەکان لێیاندا، تفیان لە دەموچاوی کرد و گاڵتەیان پێ کرد ( مەرقۆس ١٤ : ٦٥ ، مەتا ٢٦ : ٦٧ – ٦٨ ).

- سەربـازە ڕۆمییەکان گـاڵتەیان پێکرد سـوکایەتییان پێ کرد ( مەرقۆس ١٥ : ١٦ – ٢٠، مەتـــا ٢٧ : ٢٧ –٣١ ، لۆقا ٢٣ : ٦٣ – ٦٥ ، ١١ – ٢٣ ).

- لە دادگـــاکانـــدا ڕۆمییەکان و یەهـــودییەکان تـــاوانی نـاڕاسـتیان خسـتە پـاڵی و سـزای مەرگیان بەسەردا

سەپـانـد ( مەرقۆس ١٤ : ٥٣ – ٦٥ ، مەتـا ٢٦ : ٥٧ – ٦٧ ، یۆحەنا ١٨ : ٢٨ بەولاوە ).

- لەخاچیاندا کە بێڕەوشتانەترین شێوازی سزادان بوو و پێش لە مـردنی ئـازاریان دا و جنێویان پێدا ( مەرقۆس ١٥ : ٢١ – ٣١ ، مەتـا ٢٧ : ٣٢ – ٤٤ ، لۆقـا ٣٢ : ٢٣ – ٣٦ ، یۆحەنا ١٩ : ٢٣ – ٣٠ ).

**وڵامی عیسای مەسیح بۆ ڕەت کردنەوە**

بە لەبەرچـاو گـرتنی ئەو تەریکەوتـنەوانەی کە عیسای مەسیح چێشتی، وڵامی ئەو بۆ ئەم هەڵسوکەوتـــانە لە شێوازی هێرشـــبەرانە یان تـــونـــدوتیژانە نەبـــوو. ئەو بەشـــوێن تۆڵەسەنـدنەوە نەبـوو. هەنـدێک جـار عیسای مەسیح لە کاتی تاوان وەپاڵ خستنیدا وڵامی نەئەدایەوە و نموونەی بەناوبانگی لەو کاتەدا بوو کە لەخاچیان دا. ( مەتا ١٤ : ٢٧ ). یەکەم کڵێسا ئەمەی بە جۆرێک لە وەدیهاتنی پەیغەمـــبەرایەتی ئیشایای پەیغەمبەر دەزانی:

(( زەلیل کرا و ســـتەمیان لێکرد، بەڵام دەمی نەکردەوە. ئەو وەک بەرخ بۆ سەربڕیـن بـــردرا، وەک چۆن مەڕێک لەبەردەســـتی ئەوانەی خـــورییەکەی دەبڕنەوە بێدەنـــگە، ئەو دەمی نەکردەوە ))
(ئیشایا ٥٣ : ٧ ).
ئەو کاتـانەی کە دەیانخســتە ژێر تـاقیکردنەوە تـاوەکو خۆی بـــسەلمێنێت، زۆربەی کات عیسای مەسیح خۆی لەم کارە

دەبوارد و بە جێگای ئەوە پرسیارێکی دەکرد ( بۆ نموونە مەتا ٢٤ : ٢١ ، ١٥ : ٢٢ بەولاوە ). ئەو مــرۆڤێکی شەڕانی نەبــوو ئەگەرچی زۆر جار کەسانێک دەیانویست لەگەڵی بەشەڕ بێن:
(( شەڕ نـاکات و هـاوار نـاکات، کەسیش لە شەقـامـدا دەنگی نـابیستێت قامیشێکی کوتراو ناشکێنێت، پلێتەیەکی پرتەپرتکەر ناکوژێنێتەوە. )) (مەتا ١٢ : ١٩ – ٢٠ ، ئیشایا ٤٢ : ١– ٤ ).
ئەوکاتـانەی کە خەڵک دەیانـویست بیکوژن یاخـود بەردبـارانی بکەن ئەو لە شـوێنەکە دووردەکەوتەوە. ( لۆقـا ٣٠ : ٤ )، جگە لەو کاتەی کە بـووە هۆی لەخـاچ دانی و ئەو بە ویستی خۆی بەرەو لەخاچدان ڕۆیشت.
مەبەســـت لە بـــاس کردنی دژکردەوەکانی عیسا ئەمەیە کە گەرچی ئەو ئەزمـــوونی لە شێوازی جۆراوجۆری تەری کەوتنەوە هەبوو بەڵام بەسەر کەڵکەڵەکاندا زاڵ بوو و نەبووە قـوربـانی تەری کەوتـنەوە. نـامە بۆ عیبرانییەکان کورتەیەک لە وڵامەکانی ئەو بەم شێوەیە باس دەکات:
(( چـــونکە سەرۆک کاهینێکمان نییە کە نەتــوانێت هــاوخەمی لاوازییەکانـمان بێت، بەڵکو سەرۆک کاهینێکمان هەیە کە وەکو ئێمە لە هەمــوو شـــتێک تــاقی کراوەتەوە، بەڵام بێ گــونــاە دەرچوو )) ( عیبرانییەکان ٤ : ١٥ ).
ئەو وێنەیە کە ئینجیلەکان لە عیسای مەسیح نیشانی دەدەن، وێنەی کەسێکە کە دڵنیایە و بـــاوەڕی بەخۆیە و پێویستی بە کوشـــتنی دژبەرەکانی نییە. جـــگە لەوەی عیسای مەسیح زۆر باش لەگەڵ تەریکەوتنەوە هەڵسوکەوتی کرد بەڵکوو بنەمایەکی خـودانـاسـانەی سەبـارەت بە تەریکەوتـنەوە فێری قـوتـابییەکان

کرد. بەشە بنەڕەتییەکانی ئەم فێرکارییە لە دێڕەکانی داهاتوودا شی دەکەینەوە.

## خوداناسی عیسای مەسیح سەبارەت بە تەری کەوتنەوە

### قبووڵ کردنی ڕەت کردنەوە

عیسای مەسیح بە ڕوونی نیشانی دا کە بەشێکی جیا نەکراوە لە هەڵبژێردرانی ئەو وەک مەسیحی خوداوەند تەریکەوتنەوەکەی بوو. پلانی خوداوەند ئەوە بوو کە ئەو کەسەی کە تەری کەوتبووەوە بکات بە بەردی بناغەی بیناکەی:

(( ئەو بەردەی وەستاکان ڕەتیان کردەوە، بوو بە گرنگترین بەردی بناغە ... )) ( مەرقۆس ١٢ : ١٠ ، زەبوورەکان ١١٨ : ٢٢ – ٢٣ ، مەتا ٢١ : ٤٢ ).

عیسای مەسیح هەمان خزمەتکاری تەری کراو و ئازارچێشتوو بوو کە لە پەرتووکی ئیشایا باسی لێ کرابوو ( یەکەمم پەترۆس ٢ : ٢١ ، کردار ٨ : ٣٢ – ٣٣ ) و بە هۆی ئازارەکانی ئەوەو مرۆڤەکان ئارامی و بێتاونبوون بەدەست دێنن:

(( ڕیسوا و سووک لەلایەن خەڵکەوە، پیاوی ئازار و شارەزای ناخۆشی. وەک یەکێک خەڵک ڕووی خۆیانی لێ بشارنەوە، ڕیسوا بوو و بە هیچمان نەزانی. بە دڵنیاییەوە دەردەکانی ئێمەی هەڵگرت، ئازارەکانی ئێمەی برد، ئێمەش وامانزانی لەلایەن خوداوە گورزی بەرکەوتووە، لێی دراوە و زەلیلە. بەڵام ئەو لەبەر یاخیبوونەکانمان بریندار بوو، لەبەر

تاوانەکانمان وردوخاشکرا. ئەو لە پێناوی ئاشتبوونەوەی ئێمە سـزای چێژت، بە بـرینەکانی ئەو چـاک بـووینەوە. )) (ئیشایا ٥٣ : ٣ – ٥ ).

خـاچ بەشی سەرەکی پـلانـاکەی ئەو بـوو و عیسا بەردەوام ئاماژەی بەوە دەکرد کە ئەو دەکوژرێت:

(( ئینجا دەسـتی کرد بە فێرکردنیان کە کوڕی مـرۆڤ دەبێت زۆر ئـازار بچێژێت، پیران و کاهینانی بـالا و مـامۆسـتایانی تەورات ڕەتی بکەنەوە، بکـوژرێـت و دوای سێ ڕۆژ هەسـتێتەوە. عیسا قـسەکەی ئەوەنـدە بە ئـاشکرا کرد ... )) ( مەرقۆس ٨ : ٣١ – ٣٢ ، ١٠ : ٣٢ – ٣٤ ، مەتـا ١٦ : ٢١ ، ٢٠ : ١٧ – ١٩ ، ٢٦ : ٢ ، لۆقا ١٨ : ٣١ ، یۆحەنا ١٢ : ٢٣ ).

**ڕەتکردنەوەی توندوتیژی**

عیسای مەسیح ڕوون و بەردەوام کەڵک وەرگـرتـن لە تـونـدوتیژی بۆ گەیشتن بە ئـامـانـجەکانی ڕەت دەکردەوە تەنانەت ئەو کاتەش کە ژیانی خۆی لەمەترسییدا بوو:

(( عیسا پێی فەرمـوو: شمشێرەکەت بـگەڕێنەوە شـوێنی خۆی، چـونکە هەمـوو ئەوانەی شمشێر هەڵدەگـرن، بە شمشێر دەمرن )) ( مەتا ٢٦ : ٥٢ ).

ئەوکاتەش کە مەسیح بەرەو لای خـاچەکە دەڕوات ئەو کەڵک وەرگرتن لە توندوتیژی ڕەت دەکاتەوە. تەنانەت بۆ گەیاندنی پەیامەکەی و بەرامبەر بە مردنی خۆیشی:

(( عیسا وەڵامی دایەوە: پـاشـایەتی مـن سەر بەم جیهانە نییە. ئەگەر پـاشـایەتی مـن سەر بەم جیهانە بـووایە، ئەوسـا خـزمەتکارەکانـم دەجەنـگان تـاکو نەدرێمە دەسـت ڕابەرانی

جـولەکە. بەڵام پـاشـايەتی مـن سەر بە ئێرە نييە )) ( يۆحەنـا ١٨ : ٣٦ ).

ئەو کاتەی کە عيسای مەسيح سەبـــارەت بە ئـــازارەکانی داهاتووی کڵێسا قسە دەکات و ئاماژەيەک بە شەمشێر دەکات و گوتی:

(( وا مەزانـن کە هـاتـووم تـاکو ئـاشـتی بهێنمە سەر زەوی. نەهـاتـووم بۆ هێنانی ئـاشـتی، بەڵکو شمشێر! )) ( مەتـا ١٠ : ٣٤ ).

گەرچی هەندێک کەس ئەم ئايەتە بەو شێوەيە باس دەکەن کە عيسای مەسيح ئيزنی بە کەڵک وەرگـرتـن لە تـونـدوتيژی داوە بەڵام لە ڕاســتيدا ئەم ئـــايەتە ئـــامـــاژە بە دووبەرەکێ نـــاو بـــنەمـــاڵەکان دەکات ئەو کاتەی کە مەسيحييەکان بەهۆێ بـاوەڕەکەيانەوە تەری دەکەونەوە: لە ئـايەتێکی هـاوشێوەدا لە ئينجيلی لۆقـــادا وشەی " جـــودايی " لەبـــاتی شەمشێر بەکار دێنێت. ( لۆقا ١٢ : ٥١ ). هەر بۆيە شەمشێر هێمای هەموو ئەو شتانەيە کە دەبێتە هۆی لەت بـوون و ئەنـدامـانی بنەمـاڵە لێک جـــودا دەکاتەوە. شيکارييەکی نـــزيکی ديکە هەيە کە بـــاس لە ئەوە دەکات کە عيسای مەسيح شمشێر بە مەبەســـتی ئەو ئـــازارانە دەڵێت کە لە داهـــاتـــوودا ڕووبەڕووی مەسيحييەکان دەبێتەوە. لەم حـاڵەدا ئەمە شمشێرە کە بە دژی مەسيحييەکانە نەک شـمـشـێـرێک کە بەدەســـتی مەسـيحييەکانەوە بێت. فێرکارييەکانی عيسای مەسيح سەبـــارەت بە ڕەت کردنەوەی تـونـدوتيژی بەتەواوی بە پێچەوانەی چـاوەڕوانی ئەو خەڵکانە بـوو کە عيسای مەسيحيان وەک ڕزگـارکەرێک دەبينی. خەڵک چـــاوەڕوانی ئەوەيان هەبـوو کە ڕزگـارييەکەيان هەم لەبـاری

سەربازی و سیاسیەوە بێت هەمیش ڕۆحانی. و ئەو کاتەی کە عیسای مەسیح باسی لەوە کرد کە "پاشایەتییەکەی سەر بە ئەم جیهانە نییە" ئەو بە ڕوونی ئەم ڕاستییەی ئاشکرا کرد کە پاشایەتییەکەی ئەو سیاسی نییە. هەروەها ئەو ئاماژەشی بەوە دا کە ئەوەی کە هی قەیسەرە بە بدرێت بە قەیسەر و ئەوەش کە هی خودایە بدرێت بە ئەو ( مەتا ٢٢ : ٢١ ). هەروەها ئەو بەربەستی جەستەیی بۆ پاشایەتی خودا دانەنا چوونکە پاشایەتییەکەی لە دەروونی تاکەکاندایە ( لۆقا ١٧ : ٢١ ). ئەو کاتەی کە عیسای مەسیح ڕووبەڕووی پرسیاری قوتابییەکانی بووەوە کە چ کەسێک پێگەیەکی بەرزتری هەیە کە مەبەستیان ئەوە بوو کە کامەیان پێگەی سیاسی بەرزتریان دەبێت لە پاشایەتی خودا، عیسای مەسیح وەڵامی دایەوە کە پاشایەتی خودا وەک پاشایەتییەکانی سەر زەوی نییە کە لەوێدا هەندێک کەس ببنە سەروەری کەسانی دیکە. لەم پاشایەتییەدا بۆ یەکەم بوون دەبی ببیت بە ئاخر ( مەتا ٢٠ : ٢٦ – ٢٧ ). و قوتابییەکانی ئەو دەبوا بە شوێن خزمەتکردنی خەڵکەوە بووبایەن نەک ئەوەی کە خزمەتیان بکرێت.

یەکەمین کڵێساکان فێرکارییەکانی عیسای مەسیحیان سەبارەت بە کەڵک وەرگرتن لە توندوتیژی زۆر پێداگرییان دەکرد. بۆ نموونە پیشەی سەربازی بۆ کەسانی باوەڕدار ڕێپێدراو نەبوو و ئەگەریش کەسێکی باوەڕدار لە سەربازی بووبایە نەدەبوا کەس بکوژێت.

**دۆژمنانی خۆتان خۆشبوێت**

دژکردەوەی توندئاژۆیانە بەرامبەر بە تەری بوونەوە بەو دوژمنایەتی و سزادانی لێ دەکەوێتەوە. یەکێک لە وانەکانی

عیسای مەسیح ئەوە بوو کە تۆڵەسەندنەوە ڕێگەپێدراو نییە و وڵامی بەدکاری چـــاکەیە و بەس ( مەتـــا ٥ : ٣٨ – ٤٢ )، تاوانبارکردنی خەڵکی هەڵەیە ( مەتا ٧ : ١ – ٥ )، دوژمنەکانی خۆتــان خۆشــبوێت و ڕقیان لێ هەڵمەگـرن ( مەتــا ٥ : ٤٣ )، دڵنەرمەکان میراتگری زەوین ( ەتا ٥ : ٥ ) و ئاشتیخوازان بە ڕۆڵەی خودا ناودەبردرێن ( مەتا ٥ : ٩ ).

ئەم فێرکارییانە بەس وشەی بەتاڵ نین کە قوتابییەکان گوێیان لێ گـــرتبێت و دوای ئەوە لەبیریان چـــووبێت. نـــامەکانی شـــوێنکەوتـــوانی عیسای مەسیح لە پەیمانی نـــوێدا بەبـــاشی دەرخەری ئەمەن کە ئەوان لەسەر بـــنەمـــای ئەم فێرکارییانە دەجوڵێنەوە تەنانەت لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئازار و سەختیدا:

(( ئەوانەی دەتـــانـــچەوسێننەوە داوای بەرەکەتیان بۆ بکەن. داوای بەرەکەت بکەن و نەفـــرەت مەکەن. خـــراپەی کەس بە خراپە مەدەنەوە. وریا بن لەبەردەمی هەموو خەڵک ئەوە بکەن کە بە چاک دەزانرێت. بەپێی تواناتان هەوڵ بدەن کە لەگەڵ هەموو خەڵک بە ئاشتی بژین. خۆشەویستان، خۆتان تۆڵە مەستێنن، بەڵکو ڕێ بە تووڕەیی خودا بدەن )) ( ڕۆما ١٢ : ١٤ – ١٩ ).

نێردراوانی عیسای مەسیح بە هەڵسوکەوتیان شکۆی عیسای مەسیح بوون لە نێو باوەڕدارانـدا ( یەکەم پەتروس ٢ : ٢١ – ٢٥ )، و ئایەتی " دوژمنانی خۆتان خۆشبوێت" لە ئینجیلی مەتا بەشی ٥ زیاتـــر لە هەر ئـــایەتێک لە یەکەم کلێساکانـــدا دەگوترایەوە.

**خۆتان بۆ ناڕەوایی و ستەم بینین ئامادە بکەن**

عیسای مەسیح قـــوتـــابییەکانی فێر کرد کە ئـــازار و ســـتەم دەچێژن: ئەوان درانە بەر قـــامچی، کەوتـــنە بەر نـــفرەت و نـــاپـــاکیان لێ کرا و کوژران ( مەرقۆس ١٣ : ٩ – ١٣ ، لۆقـــا ٢١ : ١٢ – ١٩ ، مەتا ١٠ : ١٧ – ٢١ ).

عیسای مەسیح ئەو کاتەی کە قـــوتـــابییەکانی فێر دەکرد هۆشـــداری پێدان کە ئەو کاتەی کە پەیامەکە بە خەڵک دەدەن تەری دەکەونەوە. بە پێچەوانەی فێرکارییەکانی محـــمد و نموونە کارەکانی ئەو کە بۆ وەڵامدانەوەی ئازار، موسڵمانەکان فێری تـوندوتیژی و تەنـانەت کوشـتن دەکات. عیسای مەسیح قـــوتـــابییەکانی فێر کرد کە لە کاتی وادا بەس "تۆزی نێو پێڵاوەکانیان داتەکێنن و ئەوێ بەجێ بهێڵن". بە واتـایەکی دیکە لە کاتی دژایەتیدا بەس ڕێگای خۆیان بـــگرنە بەر و بڕۆن و ئیزن نەدەن کە دژایەتیی ببێتە هۆێ پـــاشـــگەزبـــوونەوەتـــان ( مەرقۆس ٦ : ١١ و مەتا ١٠ : ١٤ ). ئەمە بە مانـای جیابوونە بە دڵئێشانەوە نەبـوو چـونکە دوبـارە ئـارامیان بۆ دەگەڕایەوە ( مەتا ١٠ : ١٣ ).

کاتێک کە لە گـــونـــدێکی ســـامێرەدا بەخێرهـــاتنی عیسای مەسیحیان نەکرد ئەو هەر بەم جۆرە جـــوڵایەوە. دوای ئەوە قـــوتـــابییەکانی داوایان لێ کرد کە بڕیار بـــدات تـــاوەکو لە ئـاسمانەوە ئـاگر بەسەر ئەم گـوندەدا ببارێت بەڵام ئەووانی لەبەر بیرکردنەوەکەیان سەرکۆنە کرد و ئەوێ بەجێهێشت ( لۆقا ٩ : ٥٤ – ٥٦ ).

عیسای مەسیح قـوتـابییەکانی فێر کرد کە هەرکات کەوتـنە بەر ئـازار و ئەشکەنـجە ئەو شـوێنە بەجێ بهێڵن ( مەتـا ١٠: ٢٣ ). پێیانی وت کە دڵگران مەبەن چـــونکە گیانی پیرۆز یارمەتییان

دەدات تا بزانن چی بڵێن ( مەرقۆس ١٠ : ١٩ –٢٠ ٩، لۆقا ١٢ : ١١– ١٢ ، ٢١ : ١٤ – ١٥ )، پێیانی گوت کە مەترسن ( مەتا ١٠ : ٢٦ ).

لایەنێکی دیکە لە فێرکارییە دیارەکانی عیسای مەسیح ئەم خاڵەیە کە بە قوتابیانی گوت کە ئەو کاتەی کە دەکەونە بەر ستەم شادی بکەن چوونکە لەگەڵ پەیغەمبەرانیش هەر بەم شێوەیە هەڵسوکەوت کراوە.

(( خۆزگە دەخوازرێت بە ئێوە کاتێک خەڵکی لەبەر کوڕی مرۆڤ ڕقیان لێتان دەبێتەوە و جیاتان دەکەنەوە و جنێوتان پێدەدەن و بە بەدکار ناوتان دەبەن. لەو ڕۆژەدا دڵخۆش بن و لە خۆشیدا هەڵپەڕن، لەبەر ئەوەی لە ئاسمان پاداشتتان گەورەیە، چونکە باوباپیرانیشیان ئاوایان بە پێغەمبەران کردووە )) ( لۆقا ٦ : ٢٢ – ٢٣ ).

گەواهی زۆر لەسەر ئەمە هەیە کە یەکەم کڵێسا ئەم پەیامەی بە گیان و دڵەوە بە خۆشەویستی عیسای مەسیحەوە وەر گرتووە:

(( بەڵام ئەگەر لەبەر ڕاستودروستی ئازارتان چێژت، ئەوا خۆزگە بە ئێوە )) ( یەکەم پەترۆس ٣ : ١٤ ).

عیسای مەسیح هەربەم شێوازە دڵگەرمی بە قوتابییەکانی دەدا کە دیاری ژیانی هەتاهەتایی وەر دەگرن – واتە باشترین دیارییەک کە دەتوانن وەری بگرن – بەڵام بۆ وەرگرتنی ئەم بەڵێنییە لە ژیانی دوای مردندا ئەوان دەبێ لەم دونیایەدا وەفادار بمێننەوە ( مەرقۆس ١٠ : ٢٩ – ٣٠ ).

# بەشی شەشەم

# خاچ، ڕێگای ئازادییە بۆ ئێمە

## محمد و دژایەتی خاچ

لەم بەشەدا سەبارەت بە خاچی عیسای مەسیح و ئازاد بوون لە تەری کەوتـــنەوە قـــسە دەکەین. بە پێی گێڕانەوەیەک لە الـواقیدی ( یەکێک بـوو لە بەنـاوبـانـگترین مێژوونـووسەکانی ئیسلام و لەبەرکەری حەدیس بوو )، ئەگەر محمد لە ماڵەکەیدا شتێکی پەیدا بکردبایە کە هێمای خاچی لەسەر بووبایە، خێرا لەناوی دەبرد.

محـمد ئەوەنـدی ڕقی لە خـاچ بـوو کە لە فێرکاریەکانیدا بـاسی ئەوە دەکات کە عیسای مەسیح پەیغەبەری ئیسلامە و بۆ ئەم جیهانە دەگەڕێتەوە و بۆ ئەوەی کە خـــاچەکان لەسەر زەوی بنبڕ بکات. لە ابـو هـریـرة ( روی الشـیخان عـن ابـي هـریـرة ) دەگێڕنەوە:

محـــمد دەڵێت: ســـوێند بەوەی کە گیانی منی بەدەســـتە، کوڕی مـریەم دووبـارە دادەبەزێتە نـاوتـان بۆ حـوکمێکی دادپەروەرانە و دادوەریتان دەکات؛ ئەو خـــاچەکان دەشکێنێت و بەرازەکان دەکوژێت و ئیدی بـــاجـــدان ( واتە بـــاج وەرگـــرتـــن لە ناموسڵمانان ) نامێنێت ... ( پەرتووکی صحیح البخاري. بەشی چیرۆکەکانی پەیغەمبەر 3448 : 60 : 4 ).

مەبەســـت ئەوەیە کە کاتێک کە عیسای مەسیح دەگەڕێتەوە، بژاردەی سێهەم بوونی نامێنێت دەبێ مەسیحییەکان بێنە سەر ئایینی ئیسلام ئەگینا دەکوژرێن.

تەنــانەت ئەمڕۆش زۆربەی مــوسڵمانــان، وەک محــمد لەگەڵ خاچی عیسا دوژمنایەتییان هەیە:

- دووڕۆژ پێش لە کریسمەسی ١٩٩٨، ڕێبەرێکی مـوسڵمان خـاچی کڵێسایەکی کاتۆلیکی لە فەیسەڵئاوای پاکستاندا هێنایە خوارەوە.
- لە ١٨ ی مــارس ٢٠٠٤، گـرووپێک لە خەڵکی ئەلــبانی هێرشیان کردە سەر کڵێسای ئەنـــدراوسی پیرۆز لە پۆدژۆی شـــاری کۆسۆڤۆ و بێڕێزییان پێ کرد. ڕاگەیانـدنە نێودەوڵەتییەکان وێنەی مـوسڵمانـانیان بڵاو دەکردەوە کە خەریک بـــوون دەڕۆشـــتن سەر بـــانی کڵێسا و ئەو خـــاچە کانـــزاییە کە لە سەر سەربـــانی کڵێساکە جێگیرکرابـــوو دەیانشکانـــد. هەر بەم شێوەیە گـرووپێک لە مـوسڵمانــان خـاچەکانی نێو گۆڕســتانی مەسیحییەکانیان لە کۆسۆڤۆ دەشکاند.
- لە مــانگی ئـاپڕیلی ٢٠٠٧، لە نـاوچەی مەسیحی نشینی الــدورای بەغــداد، سەربـــازە مۆسڵمانەکان داوایان لە مەسیحییەکان کرد کە ئەو خـــاچـــانەی لە سەر بـــانی کڵێساکانـــن و لە بەرچـــاوی خەڵکەوە دیارن بیهێننە خـــوارەوە و فـــتوایەک دەرچـــوو و ڕێگری کرد لە مەسیحییەکان کە هیچ جۆرە هێمایەک لە خـاچیان پێوە نەبێت.

- ئەوکاتەی کە حەماس لە ئاپڕیلی ٢٠٠٧ دەستی بەسەر غەزەدا گـــرت، هەنـــدێک لە میلیشیاکان بە شێوازی دەڕەنـــدانە خـــاچەکانیان لەنـــاوبـــرد. پەرەســـتگا و قوتابخانەیەک بەدەستی کەسانێکی دەمامکدار تالآن کرا و بەتـایبەت خـاچەکانی ئەم شـوێنانە کرانە ئـامـانـج و لەنـــاوچـــوون. یەکێک لە مەسیحییەکانی خەڵکی غەزە ڕاپۆرتی دا کە یەکێک لە هێزەکانی حەمـــاس، مـــلوانکە خاچەکەی کە لەملیدابووە لێیچڕاندووە و پێ گتووە کە خاچ ڕێگەپێدراو نییە.
- لە ڕۆژی دووشەمـــبە ٢٩ی ئۆکتۆبـــری ســـاڵی ٢٠٠٧، کەسێک بە نـــاوی تـــوئـــان سەیێد هـــودبێن سەیێد ئەدروس، لە پارلەمانی مالیزیادا بەرامبەر بە پیشاندانی هێما ئـــایینییەکان لە بەردەم کڵێساکانـــدا دەنگی نـــاڕەزایەتی دەربڕی. ئەو گـــوتی مـــن وەک کەسێکی وەفـــادار بە ئـــایینەکەم، نـــژادەکەم و وڵاتەکەم، ڕای تـــاکەکەسی خۆم دەردەبڕم و دەبێ خـــاچەکان لەنـــاو بچن ...
- لە مانگی نۆڤەمبری ساڵی ٢٠٠٤، بەندیخانەی بێلمارش لە بریتانیا ڕایگەیاند کە دەیهەوێت مزگەوتێک دروست بکات کە تێچووەکەی یەک میلیۆن و شەشـــسەد هەزار پاوندە. لە حاڵێکدا لە ئەم بەندیخانەدا شوێنێکی گشتی بۆ ئەنجامدانی نزا بۆ هەموو باوەڕەکان هەبووە، بەڵام مـــوسڵمانە بەنـــدکراوەکان کە هەنـــدێکیان تەنـــانەت تـــاوانـــباری تیرۆریستی بـــوون کەڵکیان لەم شـــوێنە وەرنەگـرد بەم بیانـوویە کە لەم شـوێنی نـزایەدا خـاچ

هەڵواســراوە و دەبێ لە کاتی نــزای مــوسڵمانــانــدا بە شتێک دابپۆشرێن.

- لە ڕووداوێکی دیکە لە بـــریتانیا، محـــمد اززاوي ، فێرخوازێکی بەڕێوەبەری ترافیک لە لەندەن، لەوەی کە لەسەر هێمای سەر جــلوبەرگە تــایبەتەکەی خــاچێکی چــووکەی پێنج میلی نەخشێنرابــوو، سکاڵای کرد. ئەو بەدژی پۆلیسی شار لە دادگادا بە بیانووی هەڵاواردنی نـــژادی، سکاڵای کرد. سەرەڕای ئەوەی کە ئەو دوایی سکاڵاکەی خۆی وەرگردەوە، بەڵام بەرپرسانی پۆلیس ئەو کەســانەی خســتە بەر لێبووردەیی خــزمەت کە بە هۆی بــاوەڕە جیاوەزەکەیانەوە تــاج و هێمای بــریتانیا لەبەر ناکەن.
- لەســـاڵی ١٩٩٥ لە کاتێکدا کە جۆرج کاری ئەســـقەفی گەورەی شــاری کانــتربێری بــریتانیا، لە عەرەبســـتان ڕاوســـتانێکی نــاچــارییان هەبــوو داوای لێکرا کە ئەو خـــاچەی کە لەسەر سینگیەوە لەسەر جـــلوبەرگەکەی بـــوو لایبات و ئەویش وڵامی داواکارییەکەی داوە و لایبرد. دەیوید ئیسکیدمۆر ئەم ڕووداوەی لە هەواڵنامەی کڵێسای ئەنگلیکن ( ئەســقەفی ) بەمشێوەیە گێڕایەوە:

فڕۆکەکەی ( ئەســـــقەفی گەورە ) جۆرج کاری لە ڕێگای نێوان قــاهیرە - ســودان، لە نــاو ڕێگادا نــاچــار بــوو کە ڕابوستێت و ئەو شوێنەش عەرەبستانی سعودی بوو. لە کاتی نـــزییک بـــوونەوە لە شـــاری جەددە لە عەرەبســـتان، داوا لە جۆرج کاری کرا کە هەمــوو هێما

ئـاییننییەکان و یەخەی قەشە بـوونەکەی و خـاچی سەر سنگی لابەرێت.

بە پیچەوانەی ئەوەی کە مـوسڵمانەکان خـاچ ڕەت دەکەنەوە، خاچ بۆ ئێمەی باوەڕدار هێمای ڕزگارییە.

## خاچ لەنێوان ڕەتکردنەوە و ئاشتەوایی

بە پێ تێڕوانینی مەسیحییەت، تـاوان وەک کێشـەی مـرۆڤایەتی، مـرۆڤەکان لە یەکتر و لە خـودا جیا دەکاتەوە و بە یەکتر نـامۆیان دەکات. کێشە تـاوان کردن بەس ئەوە نییە کە بێفرمـانی خـودا دەکەین و گـوێڕەیاڵی نـابین. بەڵکو لە بنەڕەتدا دەبێتە هۆی تێکچوون و لەنـابـردی پەیوەنـدی لەگەڵ خـودا هەروەک ئادەم و حەوا کە نافەرمانییان کرد، ئەوان بڕیاریاندا لەباتی گوێ گرتن بۆ فەرمایشتەکانی خودا، گوێڕایەڵی شەیتان بـوون. ئەوان بە پشـتکردن لە خـوداوەنـد، خـودا و پەیوەنـدی لەگەڵ ئەویان ڕەت کردەوە. لە ئـاکامـدا خـوداش ئەوانی ڕەت کردەوە و لە لای خۆی دەریانی کرد و کەوتـن لە ئەم پێگەیە وەک نەفرەتێک ئەوانی داگرد.

لە مێژووی ئیسرائیلدا، خوداوەند لە ڕێگای موساوە پەیمانێکی نارد

( دە ڕاسپاردە ) تاوەکو ئەو پەیوەندییەی کە بەدەستی مرۆڤ لەناوچووبوو لەگەڵ مرۆڤ دروستی بکاتەوە، بەڵام گەلەکەی سەرپێچییان لە خـواسـتەکانی ئەو کرد و بە ڕێگای خۆیانـدا ڕۆشـتن. ئەوان بە نـافەرمـانی پەیوەنـدی لەگەڵ خـوداوەنـدیان

ڕەت کردەوە و کەوتـــنە بەر تـــووڕەیی. بەڵام خـــوداوەنـــد بەتەواوی ئەوانی وەلا نەنـــا: ئەو پـــلانێکی بۆ بـــووژانەوەی سەرلەنوێ ئەوان هەبوو. خوداوەند بیری لە ڕزگاری ئەوان و هەموو مرۆڤایەتی دەکردەوە.

خاچ کلیلی چارەسەری ئەو ڕەتکردنەوە گرینگەی خودایە کە لەلایەن مـرۆڤەوە ئەنـجام دراوە ئەوە ئـاکامە تـاڵەکەیەتی. لە سەردەمی عیسای مەسیحدا، لە خـاچـدان خـراپـترین شێوازی سزادان بوو و هێمای ئەوە بوو کە ئەو کەسەی لە خاچ دراوە بە تەواوەتی ڕەت کراوەتەوە و کۆمەڵگا وەری نـاگـرێت، بەڵام بەرامـبەر بە ئەم سـزایە و هەسـتی تەریکەوتـنەوە کە خـاچ هێمەکەیەتی، عیسـای مەسیح بە قـــبووڵ کـردنی ئەم قـــوربـــانیبوونە کلیلی زاڵ بـــوون بەسەر ئەم تەریکەوتـــنەوە دەخـــاتەڕوو. تەریکەوتـــنەوە بە هۆی دەوروبەر، ئـــاسەواری تێکدەرانەی هەیە و دەبێتە هۆی دڕکردەو لە گیان و دەروونی مـرۆڤەکانـدا. عیسای مەسیح ئەو کاتەی کە ڕووبەڕووی ڕقی ئەو کەسـانە بـووەوە کە هێرشیان کردە سەری، بە وەرگـرتنی ئەم ڕقە و بەختکردنی ژیانی وەک قوربانی تاوانەکانی جیهان، هێزی نەرێنی تەریکەوتـــنەوەی بەزانـــد و بە خۆشەویستی لەکاری خســـت. ئەو خۆشەویستییەی کە عیسای مەسیح پیشانیدا، شـتێک نەبـوو جـگە لە تیشکدانەوەی خۆشەویستی خودا بۆ ئەو جیهانەی کە ئافراندوویەتی:

(( لەبەر ئەوەی خـودا ئەوەنـدە جیهانی خۆشـویست، تەنـانەت کوڕە تـــاقـــانەکەی بەختکرد، تـــاکو هەرکەسێک بـــاوەڕی پێ بهێنێت لەنـــاو نەچێت، بەڵکو ژیانی هەتـــاهەتـــایی هەبێت )) ( یۆحەنا ٣ : ١٦ ).

عیسای مەسیح بە بەخت کردنی گیانی لەسەر خاچ، ئەو سزایە کە مرۆڤایەتی لەبەر ڕەت کردنەوەی خودا بەسەریدا سەپابوو بەخۆی گـرت و قـبووڵی کرد. ئەم سـزایە مـردن بـوو بەڵام عیسای مەسیح ئەمەی قەبـوڵ کرد تـا هەمـو ئەوانەی کە بـاوەڕی پێ دەهێنن، لێخۆشـبوون بەدەسـت بهێنن و ژیانی هەتـاهەتـایان هەبێت. هەر بەم شێوەیەش بـوو کە عیسای مەسیح بەسەر هێزی تیکدەرانەی تەریکەوتنی لە لایەن دەوروبەرەوە زاڵ بوو و هەر خۆیشی بەهای ڕەت کردنەوەی خودا لە لایەن مرۆڤی بە مردنەکەی دا.

مەسیحییەکان لە هێمای قـوربـانیدان بۆ پـاک کردنەوەی تـاوانەکان لە پەیمانی کۆنـدا بۆ شیکردنەوەی گـرینگی مـردنی عیسای مەسیح لەسەر خـاچ کەڵک وەردەگـرن. ئەم بنەمـایە لە پەرتووکی ئیشایای پەیغەمبەردا لە سرودێکدا کە سەبارەت بە خزمەتکارێک کە ڕەنج دەکێشێت هاتووە:

(( بەڵام ئەو لەبەر یاخیبوونەکانمان بریندار بوو،

لەبەر تاوانەکانمان وردوخاشکرا.

ئەو لە پێناوی ئاشتبوونەوەی ئێمە سزای چێژت،

بە برینەکانی ئەو چاک بووینەوە.

بەڵام خـواسـتی یەزدان بـوو کە ورد و خـاشی بکات و ئـازار بکێشێت،

لەگەڵ ئەوەشدا یەزدان ژیانی کرد بە قوربانیی تاوان،

نەوە و ڕۆژگاری درێژ دەبینێت،

خواستی یەزدان بە دەستی ئەو سەردەکەوێت.

لەبەر ئەوە لەگەڵ مەزنەکان بەشی دەدەم،

لەگەڵ بەهێزەکان دەستکەوت بەش دەکات،
چونکە بۆ مردن گیانی لەسەر دەست بوو و
لەگەڵ یاخیبووان ژمێردرا،
لەبەر ئەوەی گوناهی زۆر کەسی هەڵگرت و
داکۆکی لە یاخیبووان کرد. )) ( ئیشایا ٥٣ : ٥ ، ١٠ ، ١٢ ).

پۆڵسی نێردراو لە بەشێکی شـــوێندانەر لە نـــامەکەی کڵێسای ڕۆمـا، ئەوەی شی کردەوە کە چۆن قـوربـانی بـوونی عیسای مەسیح، هەرجۆرە هەســتێکی تەریکەوتــنەوەی بە ئــاشــتی و سازان تێکشکاند:

(( کاتێک هێشتا لاواز بـــووین، مەسیح لە کاتی دیاریکراودا لە پێناو گـونـاهـباران مـرد . لەبەر ئەوەی بە دەگمەن کەسێک لە پێناوی مـرۆڤێکی ڕاستودروست دەمـرێت، لەوانەیە لە پێناوی مـــرۆڤێکی بـــاش کەسێک بـــوێرێت بـــمرێت . بەڵام خـــودا خۆشەویستی خۆی بۆ دەرخســـتین، بەوەی مەسیح لە پێناوی ئێمەدا مرد، کاتێک هێشتا گوناهبار بووین.

ئێستاش کە بە خـــوێنی ئەو بێتاوان کراوین، لە ڕێگەی ئەوەوە چەنـدە زیاتـر لە تـووڕەیی خـودا ڕزگـار دەبین. لەبەر ئەوەی ئەگەر کاتێک دوژمن بووین لەگەڵ خودا، بە مردنی کوڕەکەی ئاشت بووینەوە، ئەی دوای ئەوەی کە ئاشت بووینەوە چەند زیاتـــر بە ژیانی ئەو ڕزگـــار دەبین! نەک تەنـــها ئەمە، بەڵکو بەهۆی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمانەوە شانازی بە خودا دەکەین، ئەوەی ئێستا بەهۆیەوە ئـــاشـــتبوونەوەمـــان وەرگرتووە )) ( ڕۆما ٥ : ٦ – ١١ ).

ئەم ئاشتی و سازانە کە خودا دەیبەخشێت بەسەر هەرجۆرە تاوانبارکردنێک و بانگەشەی لایەنەکانی دیکەدا سەردەکەوێت، چ ئەم کەسانە مرۆڤ بن یان فریشتە و گیانە پیسەکان بن ( ڕۆما ٨ :٣٨).

(( ئیتر چی بەمانە بڵێین؟ ئەگەر خودا لەگەڵمان بێت، کێ دژمانە؟ ... نە بەرزی و نە قووڵی، نە بەدیهێنراوی دیکە، ناتوانێت لە خۆشەویستی خودا جیامان بکاتەوە کە لە ڕێگەی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمانەوە بۆمان دێت )) ( ڕۆما ٨ : ٣١ – ٣٣ و ٨ : ٣٩ ).

سەرەڕای ئەوەی کە مەسیحییەکان پەیوەندیان لەگەڵ خودا لەسەر بناغەی ئاشتی و خۆشەویستیە، ئەم شانازییەیان پێ بەخشراوە کە هەم لە ڕێگای ئاشتی لەگەڵ خەڵک و هەمیش لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی پەیام و هێزی خاچ لە پوچەڵکردنەوەی ئاسەواری تێکدەرانەی تەری کەوتنەوە، خزمەتکاری ڕێگای ئاشتی و یەکیەتی بن:

(( ئەمەش هەمووی لە خوداوەیە، کە لەگەڵ خۆی لە ڕێگەی مەسیحەوە ئاشتی کردینەوە و خزمەتی ئەم ئاشتبوونەوەی پێداین، واتە خودا بە یەکبوون لەگەڵ مەسیح جیهانی لەگەڵ خۆی ئاشت کردەوە، گوناهەکانیانی لەسەر نەنووسین و پەیامی ئاشتبوونەوەی بە ئێمە سپاردووە )) دووەم کورنسۆس ٥ : ١٨ – ١٩ ).

## هەستانەوە و بەرگری

### هەستانەوە

یەکێک لەو بیرۆکانەی کە زۆر لە سـروشی محـمد و لە قسەکانیدا دووپات بووەتەوە، پێداگری ئەوە بۆ سەلماندنی ڕاستی بوونی خۆی. ئەو بە زۆرەملێ دژبەرانی خۆی ناچار کرد کە باوەڕەکانی ئەو قەبوڵ بکەن و لەم ڕێگاوە ڕاستەقینە بوونی خۆی دەسەلماند. لە ئاکامی ئەم ڕەفتارەدا یان دەبوا فێرکارییەکان و بەرزەجێ بوونی محمدیان قەبوڵ بکردبایە یان دەبوا باج بدەن. و بژاردەی سێهەمیش مردن بوو.

لە ڕوانـگەی مەسیحییەتەوە، بەرگـری کردن و سەلـمانـدنی ڕاستی ڕۆڵێکی گرینگی لە ڕاسپاردەی عیسای مەسیحدا هەیە. بەڵام عیسای مەسیح هیچ پاساوێکی بۆ خۆی نەهێناوی. ڕۆڵی مەسیح وەک نێردراوێک کە ئـازارەکانی ئێمەی خسـتە سەرشانی خۆی، ئەوە بوو کە بە بێ فیزیەوە تەریکەوتنەوە قەبوڵ بکات. بە هەستانەوە ڕاستی عیسای مەسیح سەلمێندرا و لەم ڕێگاوە مردن و هیزی مردنی لەناوبرد:

(( کە نە لە جیهانی مـردووانـدا بەجێهێڵرا و نە جەسـتەشی بۆگەن بـوو. )) زەبـوورەکان ١٦ : ١٠ . (( کە نە لە جیهانی مردوواندا بەجێهێڵرا و نە جەستەشی بۆگەن بوو. ئەم عیسایە خودا هەڵیستاندەوە، ئێمەش هەمووومان شایەتین بۆی. ئینجا بۆ لای دەسـتەڕاسـتی خـودا بەرزکرایەوە کە بەڵێنی ڕۆحی پیرۆزی لە باوکەوە وەرگرت، ئەمەی ڕژاند کە ئێوە دەیبینن و دەیبیستن ... بە دڵنیاییەوە بـزانـن کە ئەم عیسایەی ئێوە لە

خاچتان دا، خودا کردی بە مەسیحی خاوەن شکۆ )) ( کردار ٢ : ٣١ – ٣٦ ).

بەشێکی بەنـــاوبـــانـــگ لە نـــامەکەی پۆڵس بۆ فیلیپی ئەوە شیدەکاتەوە کە چۆن مەسیح خۆی نزم کردەوە و بە خواستی خۆی، ڕۆڵی کۆیلەیەکی گێڕا. ئەو تەنـانەت تـا لـوتکەی گەیشتن بە مـردنیش هەر دڵنەرم بـوو. بەڵام خـوداوەند ئەوی سـەربەرز کرد و گەورەتـرین جێگا و پێگەی لە ڕۆحـدا پێی بەخشی. ئەم سەرکەوتنە ئاکامی هەوڵ و تێکۆشـانی عیسای مەسیح نەبوو، بەڵکو خـــودای بەهێز و بەتـــوانـــا ڕاســـتی تەواوی عیسای مەسیحی سەلماند کە بە تەواوەتی خۆی لەسەر خاچ ڕادەست کرد:

(( تەنها بایەخ بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆتان مەدەن، بەڵکو با هەریەکەتان بایەخ بە بەرژەوەندی خەڵکی دیکەش بدات.

وەک عیسای مەسیح بیر بکەنەوە:
ئەوەی بە سروشتی خۆی خودایە،
نەیویست یەکسانییەکەی لەگەڵ خودا بۆ خۆی بقۆزێتەوە،
بەڵکو خۆی کردە هیچ
شێوەی بەندەی وەرگرت،
وەک مرۆڤی لێهات،
کە بە ڕوخساری مرۆڤ بینرا،
خۆی نزم کردەوە و
تاکو مردن ملکەچ بوو،
تەنانەت مردنی سەر خاچ
لەبەر ئەوە خودا زۆر بەرزی کردەوە و

ئەو ناوەی دایێ کە لە سەرووی هەموو ناوێکەوەیە،
تاکو بە ڕاگەیاندنی ناوی عیسا هەموو ئەژنۆیەک چۆک دابدات،
لە ئاسمان و سەر زەوی و ژێر زەویش )) ( فیلیپی ٢ : ٤ – ١٠ ).

**فێرکردنی ڕێگای خاچ**

بۆ مەسیحییەکان، شـــوینکەوتنی عیسای مەسیح بەمـــانـــای یەکبوون لەگەڵ ئەودا دێت؛ لە مـــردن و لە هەســـتانەوەیدا. خودی عیسا مەسیح و شوێنکەوتوانی بە بەردەوامی ئاماژەیان بە گرینگی مردن لەگەڵ عیسای مەسیح کردووە، واتە شێوازی کۆنی ژیان بە مـــردن بســـپێرن و لەدایک بـــوونی دووبـــارە بەدەســـت بهێنن و شێوازە ژیانێکی نـــوێ لەسەر بـــنەمـــای خۆشەویستی و ئـــاشـــتی عیسای مەسیح تـــاقی بکەنەوە. واتە ئیدی بۆ خۆت ژیان ناکەی و بۆ خودا دەژیت. لە مەسیحییەتدا ئەزمـــوونە پڕ ئـــازارەکانی ژیان، ڕێگایەکە بۆ هـــاودەردی و هاوبەشی لە ڕەنجەکانی عیسای مەسیح. بە پێی ئەم ڕوانگەیە، ئەو تەنـــگەوچەڵەمـــانەی کە مەسیحییەکان لە ژیانیانـــدا هەیانە، مـانـایەکی نـوێ پەیدا دەکات و وەک درگـایەک بۆ ژیان چـاوی لێ دەکرێت و هۆکاری شکستهێنان نین، بەڵکۆ بۆ ئەوەیە کە سەرکەوتن لە ڕێگادایە:

(( ئینجا خەڵکەکە و قـوتـابییەکانی بـانگکرد و پێی فەرمـوون: «ئەگەر کەسێک دەیەوێت ببێتە قوتـابی مـن، بـا نکۆڵی لە خۆی بکات و خـــاچەکەی هەڵبگرێت و دوام بکەوێت. ئەوەی بیەوێت ژیانی خۆی ڕزگـار بکات، دەیدۆڕێنێت، بەڵام ئەوەی لە پێناوی

من و مزگێنییەکەم ژیانی خۆی بدۆڕێنێت، ڕزگاری دەکات )) ( مەرقوس ٨ : ٣٤ – ٣٥ ).

## دوو چیرۆکی ڕەتکردنەوە

جێ سەرنجە کە هەردووک کەسایەتی واتە عیسای مەسیح و محەمد وەک دامەزرێنەری دوو باوەڕی گەورە لە جیهاندا، هەردووک بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ئەزموونی تاڵی تەریکەوتنەوەیان بەدەستی دەوروبەرەوە هەبووە. ئەم تەریکەوتنەوە بە لەدایک بوونیان دەستی پێ کرد و لە منداڵیشیاندا درێژەی هەبوو و تەنانەت لەسەر پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بنەماڵە و کۆمەڵگا و سەرکردە ئاینییەکان کاریگەری خۆی هەبووە. تۆمەتی ئەوەیان لە هەردوکیان دا کە شێتن یان لە ژێر کۆنترۆڵی هێزە بەدکارەکاندان. هەردووکیان کەوتنە بەر سوکایەتی و جنێویان پێدرا. ناپاکی لە هەردوکیان کرا و هەردووکیان هەڕەشەی کوشتنیان لێ کرا.

سەرەڕای ئەم هەموو لێکچوونە لە نێوان ئەم دوو کەسە، جیاوازییەکی گەورە لە نێوانیاندا هەبوو و هەر ئەم جیاوازییە ئاسەوارێکی قوڵی لە پێکهاتەی ئەم دوو باوەڕەدا دروست کرد. محەمد لە ژیانیدا بەرامبەر بە ڕەت کردنەوەی لە لایەن خەڵکەوە دژکردەوەی نەرێنی لە خۆی نیشاندا کە زۆربەی خەڵک ئەم دژکردەوە ئەنجامدا، بۆ نموونە خۆ ڕەت کردنەوە یان خۆ بەرزکردنەووە و توندوتیژی. بەڵام ژیانی عیسای

مەسیح بە ڕێگایەکی جیاوازدا ڕۆیشت. ئەو بەسەر تەریکەوتنەوەدا زاڵبوو، بەڵام نە بە تەریخستنەوەی کەسانی دیکە بەڵکو بە وەرگرتنی تەریکەوتنەوە، و هەر بەوشێوەیە کە مەسیحییکان باوەڕیان هەیە ئەو بەسەر هێزی ڕۆخێنەری تەریکەوتنەوە بەدەستی دەوروبەردا زاڵ بوو و ئازاری ئەم ڕەت کردنەوەیەی ساڕێژ کرد.

لە بەرامبەر چیرۆکی ژیانی محمد و دژکردەوەی بە تەریکەوتنەوە کە میراتی باوەڕی ڕۆخێنەری زممەی لەدوای خۆی بەجێهێشت، چیرۆکی ژیانی عیسای مەسیح هەیە کە بۆ ئەو مەسیحیانە کە ئازاریان کێشاوە و لە ئاسەواری خراپی زممە ڕەنجیان کێشاوە، کلیلی ئازادی و ساڕێژکەری تەواوە.

## تێڕوانینێکی گیانی ( ڕۆحی ) بۆ جیهان

ئەم تێڕوانینە کە لێرەدا لەسەری قسە دەکەین، لە پەیمانی نوێیەوە سەرچاوە دەگرێت( ئینجیل ). پۆڵس لە نامە بۆ کڵێسای کۆلۆسی، لەگەڵ ئەندامانی کڵێسا سەبارەت بە نزاکانی بۆ ئەوان قسە دەکات:

(( سوپاسی خودای باوک بکەن ئەوەی کە وای کرد ئێوە شایستەی هاوبەشی بن لە میراتی گەلی پیرۆزی خۆی لە پاشایەتی ڕووناکیدا. خودای باوک ئەوەی لە دەسەڵاتی تاریکی دەربازی کردین و ئێمەی بۆ شانشینی کوڕە خۆشەویستەکەی گواستەوە ))

( کۆلۆسی ١ : ١٢ – ١٣ ).

لە ڕوانـگەی پۆڵسەوە، مـرۆڤایەتی بە پێی سـروشـتی لە ژێر دەسەڵاتی شەیتان و هێزە شەیتانییەکانـدایە، بەڵام بە بـاوەڕهێنان بە عیسای مەسیح، مـرۆڤ لەم هێزە شەیتانییانە ڕزگـاری دەبێت. ج . ه . هۆڵدین کە ئەنـدامی تـرێنیتی کۆلێژی ئۆکسفۆردە سەبارەت بە پۆڵس ئاوا دەڵێت:

جگە لەوەی بەگشتی مرۆڤ بەهۆی تاوانەوە لەهەمبەر خودا نـامۆ بـوە... بەڵکو لە ژێر دەسەڵاتی هێزە شەیتانییەکانـدایە کە لە سەرتـاسەری زەویدا بۆسەیان دانـاوە و یاسـای تەوڕات (پەیمانی کۆن) بەکار دێنن، نەک وەک ئـامڕازێک بۆ گـوێداری مرۆڤ بۆ خوداوەند بەڵکو وەک کەرەستەیەک بۆ زوڵم کردن. هەمـو مـرۆڤایەتی لەم نـامۆ بـوونە بەرامـبەر بە خـودایەدا هـاوبەشـن و ئەم بـابەتە بەس تـایبەت بە یەهـودییەکان و نـایەهـودییەکان نییە، بەڵکو بۆ هەمـو مـرۆڤایەتیە چـونکە منداڵەکانی ئادەمن.

هۆڵیدن لە درێژەی بـاسەکەیدا دەڵێت کە لە جیهانبینی پۆڵسدا، مرۆڤایەتی پێویستی بە ئازاد بوونە لە ئەم کۆیلایەتییە. "تا ئەو شـوێنەی کە پەیوەنـدی بە هێزە شەیتانییەکانەوە هەیە، مـرۆڤ بەس پێویستی بە ئـازاد بـوون لە ئەم هیزانە هەیە." کلیلی ئەم ئـازادییە، هەر ئەو کارەیە کە عیسای مەسیح بە مـردن و هەسـتانەوەی لە نێو مـردوان هێنایە دی. عیسای مەسیح بە ئەنـجامـدانی ئەم کارە بەسەر تـاوان و هێزە شەیتانییەکانـدا کە مـرۆڤیان بە کۆیلە گـرتبوو زاڵ بـوو. یۆحەنـا لە یەکەم نـامەی خۆیدا ئەمە دەنوسێت:

(( دەزانین لە خـوداوەین و هەمـوو جیهان لەژێر دەسـتی شەیتاندا دانراوە )) ( یەکەم یۆحەنا ٥ : ١٩ ).

ئەگەر بەو شێوەیە کە یۆحەنــا بــاسی دەکات جیهان بە پێی ســروشــتی خۆی " لەژێر دەسەڵاتی بەدکاردایە"، بەم پێیە، جیهانبینی ئیسلام وەک ئــایینێک، جــگە لەبــاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەڵکو لە ڕوانـگەی دەرونی و خـودانـاسیشـەوە بۆ سەدان ســاڵە ئــازارێکی زۆری بە کۆمەڵگا جیاوازەکان گەیانـدووە، و شێواز و نـمونەیەکە لە داگیرکاری و دەسەڵاتی شەیتان لە نێو مـرۆڤایەتیدا. بەڵام دەبێت ئەوەمـان لەبەرچـاو بێت کە خــودی کڵێساش لەوەی کە ببێت بە دەســتەمۆی شەیتان و بە ئامانج بگیرێت دوور نییە.

## سەرکەوتن بەسەر هێزی بەدکار

بۆ ئەوەی مەسیحییەکان لە ئاسەواری دەروونی و زیانبەخشی زمــمە ڕزگــاریان بێت دەبێ لەگەڵ شەیتان کە هۆکاری سەرەکی هەموو جۆرە تەری کەوتنەوەیەکە ڕووبەڕووببنەوە.
بە پێی ئینجیلەکان و نـامەکانی پەیمانی نـوێ، هێز و دەسەڵاتی شەیتان لە دنیادا بـوونی هەیە بەڵام سنووردارە، بۆ نموونە لە پەیمانی نوێدا شەیتان بە نێوی جیاجیاوە وەک " سەرۆکی ئەم دنیایە" ( یۆحەنـا ١٢ : ٣١ )، " خـودای ئەم سەردمە" ( دووەم کورنسۆس ٤ : ٤ )، " سەرۆکی دەسەڵاتی هەوا" ( ئەفەسۆس ٢ : ٢ ) کە پــاشــایەتییەکەی سەر بە "دەسەڵاتی تاریکییە"( کۆلۆسی ١ : ١٣ ) باسی لێوە کراوە. شەیتان " هەر ئەو گیانەیە کە لە یاغییەکانــدا کار دەکات" . ( ئەفەسۆس ٢ : ٢ )

ئەو کاتەی کە عیسای مەسیح خۆی بۆ پۆڵس ئـــاشکار کرد و داوای لێ کرد کە بڕوات بۆ لای نـــایەهـــودییەکان، بە ئەو گوترابوو کە مرۆڤەکان " لە تاریکی بگەڕێنەوە بۆ ڕووناکی، لە دەسەڵاتی شەیتان بۆ خـودا" ( کردار ٢٦ : ١٨ ). ئەم ڕەستەیە بەو مـانـایە دێت کە خەڵک پێش ڕزگـار بـوونیان بە دەسـتی عیسای مەسیح لە ژێر دەسەڵاتی شەیتانـــدان، بەڵام لە ڕێگای عیسای مەسیحەوە ڕزگـــاریان دەبێت و لە ژێر دەسەڵاتی تاریکیدا بەرەو پاشایاتی خودا هەنگاو دەنێن.

بە پێ پەرتـووکی پیرۆز، شەڕێک لە نێوان خـودا و شەیتانـدا هەیە، کە ئـاکامەکەی بەربەرەکانێ کۆمەڵگایە لە هەمـوو جیهان ( مەرقوس ١ : ١٥ ، لۆقا ١٠ : ١٨ ، ئەفەسۆس ٦ : ١٢ )

. ئەم شەڕە، شەڕێکە لە نێوان دوو پـــادشـــایەتیدا، و هیچ کەسێک لەم شەڕەدا بێلایەن نییە و پشـــتگیری لە یەکێک لەم پـــاشـــایەتییانە دەکات. بەڵام بەوەشەوە کە مەسیحییەکان لە شەڕێکی درێژەداردان، عیسای مەسیح پێشتر لەسەر خـاچەکە براوەی ئەم شەڕە بووە و بێ گۆمـان کۆتـا ئەنـجام ئەوەیە کە عیسای مەسیح براوەیە و براوە دەبێت.

مەسیحییەکان وەک نـوێنەرانی عیسای مەسیح، هەردەم لەگەڵ هێزەکانی تـــاریکی لە مشـــتۆمڕدان. مـــردن و هەســـتانەوەی عیسای مەسیح، بۆ ئێمە تـاکە دەسەڵاتێکە کە هێزی ڕووبەڕوو بوونەوەمان لە بەرامبەر تاریکیدا پێ دەبەخشیت و پشتیوانێکە کە دەتـوانین پشـتی پێ ببەسـتین. شـوێنی ئەم شەڕە بەس لە تـــاکدا بەرتەسک نەکراوەتەوە بەڵکۆ کۆمەڵگاو نەتەوەکانیشی تێدان.

ئەم شەڕە مەترسیدارە، هەمو تاکەکان، کۆمەڵگا و نەتەوەکانی گـردوەتەوە. تەنـانەت کڵێساش وەک مەیدانێکی ئەم شەڕەیە و لەوەی کە شەیتان بۆ مەبەســـتی بەدکارانەی خۆی بەکاری بهێنێت بێ بەری نییە.

بەڵام لێرەدا، ئەوە ئیسلامە کە لە ژێر سەرنجی ئێمەدایە. لە شەڕی دەروونی لەگەڵ ئیسلام، خاڵی سەرەکی ڕخنەگرتنە لە بـانـگەشە بـنەمـایی و نـزمەکانی پەیمانی زمـمە و شـایەتیدان. چـــونکە ئەم پەیمانــــانە لە لایەکەوە هەســـتێکی درۆیینە لە خۆبەزلـزانی بە مـوسڵمانـان ئەدات و لە لایەکیتریشەوە ئەوان بە جۆرێک ڕادەهێنێت کە لەگەڵ کەســـانی دیکە بە زۆڵم و ســـتەمەوە هەڵسوکەوت بکەن و لە لایەکی دیکەوە بەم کارە سـوکایەتی بە مەسیحییەکان و نـامـوسڵمانـان دەکەن و داوایان لێ دەکات کە بە هەستێکی قەدرزانی درۆیینەوە بێدەنگ بـن و نەفرەتی مردن قەبوڵ بکەن. ( ئەفەسۆس ٦ : ١١ – ١٧ ).

ئەوکاتەی کە پۆڵس ئەمەی نــــووسی کە هێزەکانی سەردەمی تـــاریکی چەک کراون، ڕســـوا بـــوون و شکستیان خـــواردوە، بێگۆمـان سەرکەوتنەکەی پشتڕاست کردووەتەوە کە لە ڕێگای خاچ و لێخۆشبوون لە تاوانەکانەوە بەدەست هەتووە:

(( بەڵام ئێوە ئێستا لەگەڵ عیسای مەسیحدا یەکن، هەرچەنـــدە پێشتر دوور بـوون، بە خـوێنی مەسیح نـزیک بـوونەوە. لەبەر ئەوەی مەسیح ئـاشـتی ئێمەیە، جـولەکە و نـاجـولەکەی کرد بە یەک، دیواری نـاوبڕی دوژمــنایەتی ڕووخــانـد، بە جەســتەی خۆی شەریعەتی تەوراتی بە فەرمــان و فەرزەکانییەوە بەلاوە نـــا، بە ئـــامــــانجی ئەوەی بە یەکبوونیان لەگەڵ خۆی لە

هەردووکیان مرۆڤێکی نوێ دروستبکات و بەم شێوەیە ئاشتی بچەسپێنێت )) ( کۆلۆسی ٢ : ١٣ – ١٥ ).
زمـــمە و شـــایەتییەکان، نـــمونەی ئـــاشکرای ئەو یاســـا نووسـراوانەن کە دژی مـرۆڤایەتین. بە هێزی خـاچ دەتـوانـرێت لەگەڵ هەر جۆرە کۆیلە بـوونێکی ڕۆحـانی و بـاوەڕمەنـدانە و هەر جۆرە شکست و بێهیواییەک کە ئەمـانە بەرهەمیان هێناوە بەربەرەکانێ بکرێت و ئەم پەیمانی زمـمەیە لە خـاچ بـدرێت و لەکار بکەوێت. بەشێک لە ئەم شەڕە لەقـــاودانی بـــانـــگەشە نـــادروســـتەکانی زمـــمەیە بۆ هەمـــو خەڵک. هەروەک مـــن لە پەرتـــووکی ڕێگای سێهەمـــدا ئـامـــاژەم پێ کردووە، یەکێک لە خـــاڵە گـــرینگەکان سەبـــارەت بە زمـــمە، ئەو دەسەڵاتەیە کە بۆ سەپـــانـــدنی بێدەنگی بەسەر نـــامـــوسڵمانەکانـــدایە و ئێمە بە لەقـاودانی ئەم بێدەنگییە سەپێندراوە، لە خـاچیان دەدەین و لە کاریان دەخەین. بەم شەڕە دەروونییە، مەسیحییەکان جـــگە لەوەی کە زمـــمە ڕەت دەکەنەوە بەڵکو دەتـــوانـــن لە دژی ئەو هیزە تاریکانە کە بنەمای پەیمانی زممەن ڕابوستن.

**مافی یاسایی**

هەنـــگاوێکی بـــنەڕەتی بۆ ئـــازادی دەرونی ئەوەیە کە هەمـــوو بـــانـــگەشە ڕۆحییەکانی شەیتان ڕەت بکەیتەوە. بەڵێنیە ڕۆحییەکان، تەنـــانەت ئەو پەیمانـــانە کە بە هۆی نەوەکانی ڕابردووەوە بڕیاریان لەسەر داوە، دەتوانن هێزی ئێمە بۆ ژیانی ئـــازاد لە عیسای مەسیحدا لاواز بکەن. شەیتان دەتـــوانێت لە پەیمان و ئازارەکانی ڕابردوو وەک بیانوویەک بۆ دامەزراندنی زوڵم و زۆر بە دژی ئێمە کەڵک وەربگرێت.

بۆ ئەوەی کە بە بـاشی لە گـرینگی ڕەت کردنەوەی دەسەڵاتی شەیتان و پەیمانەکانی ڕابـــردوو تێبگەین و ورەی پێویستمان بۆ درێژەدانی کارەکانـــمان هەبێت، پێویستە کە سەبـــارەت بە ئەو ڕێگا یاســاییانەی کە  شەیتان بۆ زۆڵم و ســتەم کردن بە دژی مرۆڤ بەکاریان دێنێت گفتۆگۆ بکەین. لێرەدا دەمانهەوێت ئێوە لەگەڵ دوو دەســتەواژە ئـاشــنا بکەین: "درگـای هـاتـنە ژوورەوە" و "شوێن پێ". درگای هاتنە ژوورەوە، جێگایەکە کە شەیتان لێوە هـاتـوەتە ژوورەوە تـا هێرش بکاتە سەر خەڵک و پـاوانـخوازی بکات و شـوێن پێ ئەو، شـوێنێکە لە نـاو ڕۆحی مـرۆڤدا کە کەوتـوەتە ژێر دەسەڵاتی شەیتان، و ئەو شـوێن پێ خۆی لەوێ داکوتاوە.

بۆ نـمونە پۆڵس ئـامـاژە بەم بـابەتە دەکات کە مەسیحییەکان نابێت بە هێشتنەوە تووڕەبوونیان دەرفەت بە شەیتان بدەن:

(( کاتێک تـووڕە دەبـن، گـونـاه مەکەن. مەهێڵن ڕۆژ ئـاوا بێت بەسەر تـــووڕەییتانـــدا، دەرفەت بۆ شەیتان مەڕەخسێنن ))
( ئەفەسۆس ٤ : ٢٦ – ٢٧ ).

ئەو دەســـتەواژەیە کە لێرەدا بەکار هـــاتـــووە ' دەرفەت ' تەرجـومەی یونـانی وشەی تۆپۆسە کە مـانـاکەی شـوێن یان کەشێکە کە بـــوەتە شـــوێن نیشتەجێ بـــوون و داگیر کراوە. مەبەســتی پۆڵس ئەوەیە کە ئەگەر کەسێک لەبــاتی ئەوەی کە قەبـــوڵی بکات کە تـــووڕە بـــووە و تـــاوانی ئەنـــجام داوە، تـووڕەبـوونەکەی لە نێو دڵیدا ڕابـگرێت، ئەو کەسە لە ڕاسـتیدا بەشێک لە ڕۆحی ڕادەسـت کردوە تـا بۆ ئـامـانـجە پیسەکان بەکار ببردرێت.

هەر بەو شێوەیەش عیسای مەسیح لە ئینجیلی یۆحەنـا بـاسی ئەوە دەکات کە شەیتان هیچ دەسەڵاتێکی لەسەر ئەو نییە، لە ڕاستیدا ئەو بە دەستەواژەیەکی یاسایی قسە دەکات:
(( لەمەولا زۆر قـسەتـان لەگەڵ نـاکەم، چـونکە سەرۆکی ئەم جیهانە وا دێت. هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر مـــندا نییە، بەڵام ئەو دێت تاکو جیهان بزانێت باوکم خۆشدەوێت و بەو شێوەیە کار دەکەم کە باوک ڕایسپاردووم )) ( یۆحەنا ١٤ : ٣٠ ٣١ ).
ئەسقەفی گەورە بێرنارد لە شیکاری خۆیدا بۆ ئەم قسانە ئاوا دەنووسێت کە عیسای مەسیح دەفەرمێت کە:
" شەیتان .... هیچ جێگایەکی لە دەروونی مندا نییە کە بتوانێت چنگی پێوە بگرێت و خۆیَ ڕابگرێت. "
ئەو دەســتەواژەیەی کە عیسای مەسیح کەڵکی لیوەرگـرتــووە، دەسـتەواژەیەکی یاسـاییە و شیکارێکی دیکە بە نێوی کارسۆن بەم شێوەیە شیکردنەوەی بۆ دەکات:
" ئەو هێزی لەسەر مـــن نییە " بەکار هێنانێکی زاراوەییە، بە واتـــای ئەوە دێت کە ' ئەو جێگایەکی لە مــــندا نییە'، و وەبیر هێنەرەوەی زاراوەیەکە لە زمـانی عیبریدا بەو مـانـایە کە ' ئەو هیچ مـافێکی بەسەر منەوە نییە' یان ' ئەو هیچ شتێکی بە دژی من نییە' کە لە نووسراوە یاساییەکاندا زۆر بەکار هێنراوە .... شەیتان بەس لە کاتێکدا دەیتوانی دەسەڵاتی بەسەر عیسای مەسیحدا هەبێت کە بـــانـــگەشەیەکی ڕاســـتەقینەی بەدژی هەبوایە."
ئەو کاتەی کە عیسای مەسیح دەفەرمـوێت " بەڵام مـن کارێک ئەنـجام دەدەم کە بـاوک فەرمـانی پێداوم" بە مـانـای ئەوە دێت کە هیچ تـــاوانێک لەودا نییە و هەر بۆیە شەیتان هیچ شـــتێکی

تێدا نـابینێتەوە تـاوەکو تـاوانـباری بکات و یان داواکارییەکی یاســای لەسەری هەبێت. ئەم خــاڵە گــرینگیەکی زۆری لە تێگەیشتنی ئێمەدا لەسەر خـاچ هەیە چـوونکە مـردنی عیسای مەسیح سـزایەکی یاسـایی بۆ هەڵسوکەوتی تـاوانـبارانەی ئەو نەبـوو و شەیتان لەبـاری یاسـاییەوە نەیدەتـوانی هیچ جۆرە داواکارییەکی لەسەر ئەو هەبێت. مــردنی عیسای مەسیحی خـاوەنشکۆمـان، قـوربـانیەک بـوو بۆ ئێمە هەمـوو جیهان نەک لەبەر ئەوەی کە شەیتان ئەوی لەبەر تاوانباربوونی سزا دابێت و تــاوانــباری کردبێت. ئەگەر عیسای مەسیح دەرفەتێکی بە شەیتان بدایە و تـاوانێکی ئەنجام بدایەت، مردنی ئەو دەبـووە ســزای تــاوانەکەی. بەڵام لە ڕاســتیدا ئەو مــرد و بــاری تاوانەکانی هەمو جیهانی لەخۆگرت.

**داخستنی خاڵەکانی هاتنەژوورەوە**

ئەگەر بەشوێن ئازادی گیانیدا دەگەڕێن، زۆر گرینگ و بەجێیە کە هەمـوو ڕێگاکانی هـاتنە ژوورەوەی شەیتان دابخەن و هەر جۆرە جێگا پێیەکی شەیتان لە نێو ژیانـتانـدا بسڕنەوە. یەکێک لە ڕێگاکانی بەســتنی درگــاکانی هــاتــنەژوورەوەی شەیتان، پاشگەزبوونەوەیە ( تۆبە ) لەو قسەکردن و هەڵسوکاوتانە کە ڕەنگە دەرفەت بە شەیتان بدات کە سەبارەت بە ئێمە خواست یان مــافێکی یاســای بێنێتە ئــاراوە. ئەم پــاشــگەزبــوونەوە لەڕاستیدا بەواتای ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستییە و هەر جۆرە فێڵ یان درۆیەک کە کردوومــانە، دانیپێدا بنێین و ڕەتی بکەینەوە. خــاچی عیسای مەسیح لەم پڕۆسەیەدا ڕۆڵێکی گــرینگ دەگێڕێت. بە پشــت بەســتن بە عیسای مەسیح وەک ڕزگــارکەرمــان، لێبووردەیی خـودا وەردەگـرین و بە مـردن

لەگەڵ عیسای مەسیح لەگەڵ ئەو دەبین بە یەک و یەک دڵ دەبین و لە ئـــاکامـــدا شەیتان ئیدی نـــاتـــوانێت هیچ تـــاوانێک بخاتەسەرمان و هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی لەسەر ئێمە نامێنێت.
ئێستا ئەم بـابەتە بە چ شێوازێک لە ژیانی ڕۆژانەمـانـدا بەکار بهێنین؟ بۆ نـمونە ئەگەر کەسێک کێشەی درۆکردنی هەیە، ئەم کەسە دەبێت تێبگات کە درۆ کردن لە ڕوانـــگەی خـــوداوە نادروستە، دان بە درۆکردنی خۆیدا بنێت و دڵنیا بێت کە لەبەر کاری عیسای مەسیح بەخشـــراوە. بە ئەنـــجامـــدانی ئەم کارە درۆکردن ڕەت دەکاتەوە و لە دووپـــات کردنەوەی درۆکردن خۆی دەبوێرێت. بەڵام ئەگەر کەسێک درۆکردنی پێ خۆشبێت و بەردەوام درۆبکات و بە هیوای تەرک کردنیشی نەبێت، لەم حاڵەتەدا هەرجۆرە هەوڵێک بۆ ڕزگـار بـوون لە درۆزن بـوون بێ ئاکامە.
بـرین و ئـاسەوارەکانی لەسەر دەروون دەتـوانێت ڕێگایەک بۆ کەڵک وەرگـرتنی شەیتان بکەنەوە. هەنـدێک جـار ئەوکەسـانەی کە دەکەونە بەر هێرشی تـــرس و دڵەڕاوکێی جۆراوجۆر کە ڕیشەی لە ڕابـــردوودایە؛ وەک ئەو کەســـانەی کە بـــوونەتە قوربانی هێرشێک و ئازاریان پێگەیشتووە. ڕەنگە پێویست بێت کە یەکەم جـــار بۆ ســـاڕێژ کردنی ئەم کەســـانە لە ئـــازارە دەروونییەکانیان نـزا بکەین کە هەر ئەمـانە ڕیشەی ئاکارەکانی ئێستاشیانە و پـــاشـــان ئەم کەســـانە بە ڕەت کردنەوەی ترسەکانیان متمانەبەخۆ بەدەست بهێنن. پاشـان وردەوردە بە پێ قۆنـاغەکانی گەشەکرنی دەروون یارمەتییان بـدرێت تـا ئەو کەسـانە بـبوورن کە بـوونەتە هۆی ئێش وئـازارەکانیان. پـاش

تێپەڕ بــوون لە ئەم قۆنــاغە، زۆر بــاشــتر دەتــوانــن بەسەر ترسەکانیاندا زاڵ بن.
جـارێکیان کە سەرقـاڵی فێر کردن بـووم سەبـارەت بە زمـمە، ژنێکی خەڵکی بــاشــووری ســودان کە ئەزمــوونی تــاڵی لە مــوسڵمانەکان هەبــوو هــاتە لام. لەسەر داواکاری زانکۆیەکی خــودانــاسی مەسیحی، بــنەمــاڵەی ئەم ژنە قەبــوڵیان کرد کە میوانــــداری لە دوو پیاو بکەن. و ئەم میوانــــدارییە بـــوو بە دەســـتپێکی سەردەمکی سەخـــت و تـــاقەت پڕوکێن چـــونکە میوانەکان، کەسانێکی شەڕانی بوون و بەردەوام سووکایەتیان بە بنەماڵەی ئەم ژنە دەکرد. ئەوان بە ژنەکەیان گوت بەراز و پــاڵیان پێوەنــا بەدیواریانــدادا و دەســتیان کرد بە جنێودان و تەنانەت تفیشیان بە دەموچاویدا کرد. ئەو تەنانەت لە گۆشەو کەناری ماڵەکەیدا هەندێک پارچە کاغەزی پەیدا کرد ( نوشتە و جــادوو ) کە بە زمــانی عەرەبی نەفــرەتی تێدا کرابــوو. ئەم بــنەمــاڵەیە داوای یارمەتی لە کڵێسا کرد بەڵام کەس بڕوای پێ نەکردبـوو. لە ئەنـجامـدا مـاڵێکی دیکەیان بۆ میوانەکان بە کرێ گـرت و لەکۆڵ خۆیانیان کردەوە. پـاشــان ئەو بە منی گـوت: " لەو کاتەدا ئێمە لە باری مـاڵی و دەروونی و هەست و سۆز و جەستەشەوە لاواز بوین و ئیدی بڕوامان بە خۆمان نەمابوو، هەستم بەوە دەکرد کە بەکەڵکی هیچ کارێک نایەم چونکە وەک خۆڵ و خــاشــاک لەگەڵم هەڵسوکەوتیان کردبـوو. " بەڵام ئەم ژنە پاش بیستنی فێرکارییەکانی من سەبارەت بە زممە، لەگەڵ ترسەکان و نەبوونی متمانە بەخۆ کە دەروونی وێران کردبوو ڕووبەڕوو بوەوە و پێکەوە بۆ ساڕێژ بوونەوە لە ئەم ئەزمونە پڕ ئــازارانە و ڕزگــار بــوون لە تــرسەکان نــزامــان کرد. ئەو

بەشێوازێکی سەرسووڕهێنەر سارێژ بووەوە و گوتی: من بۆ ئەم چاوپێکەوتنە ئاسمانییە سپاسی خودا دەکەم، هەست دەکەم ئاسوودەییم بەدەست هێناوە و وەک ژنێک شایانی خزمەت کردنی خوداوەندم. شکۆمەندی بۆ خودا. " پاش ماوەیەک ئەو ئەمەی بۆ من نوسی:

" ئێمە هێشتا خزمەتی خوداوەند دەکەین و زۆرتر لە جاران ئەومان خۆشەوێت. بابەتی زۆر سەبارەت بە کەلتور و باوەڕە ئیسلامیەکان فێر بووین و هەر بۆیە بەهێزتر بووین و هەموو موسڵمانەکانمان بە خۆشەویستی خوداوە خۆش ئەوێت و هەردەم بە شێوازی ژیانی خۆمان مزگێنییان پێ دەدەین کە چەندە عیسای مەسیح تاک بە تاکی ئەوانی خۆشدەوێت. "

بەس یەک ڕێگا بۆ ڕزگاری تەواو لە دیل بوونی دەروون هەیە و ئەویش خاچی عیسای مەسیحە. بێگۆمان ڕێگا و درگای زۆر بۆ دزە کردنی شەیتان و کردەوە زیانبارەکانی هەیە بەڵام خاڵی گرینگ ئەوەیە کە زمە یەکێک لە ئەم ڕێگایانەیە. پاش ئەم بابەتە، ئێستا کاتی قسەکردن سەبارەت بە خاڵێکی دیکە هاتووە.

**ڕێگاکانی پەیوەندی نێوان نەوەکانەوە**

جێگای گۆمان نییە کە لە هەندێک لە بنەماڵەکاندا، ئاسەوارە خراپەکان ئەوەندە بەردەوام بوونەتەوە کە لە نەوەیێکەوە بۆ نەوەیکی دیکە دەگوازرێنەوە. زۆربەی تاکەکان باوەڕیان بەوە هەیە کە ڕەنگە هەلومەرجی سروشتی بۆماوەیی و کۆمەڵایەتی دەتوانن لەسەر بنەماڵەکان شوێندانەری ئەرێنی یان نەرێنییان هەبێت. ئایا ئەم کەسانە سەرەڕای میراتی ماڵی، میراتی دەروونیش لە بنەماڵەکانیان وەردەگرن؟ وێدەچێت کە وڵامەکە،

بەڵێ بێت. بۆ نـــمونە ئەگەر بـــاوکێک دروزنە، لە ئـــاکامـــدا منداڵەکانی لاسایی ئەو دەکەنەوە و فێر دەبن کە ئەوانیش درۆ بکەن. لە کاتێکدا  دایکێک خراپ لەگەڵ منداڵەکانی قسە دەکات، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مـــنداڵەکان وێنەیەکی خـــراپ لە خۆیان لە مێشکیانـــدا بکێشنەوە. بێگۆمـــان، لاســـاییکردنەوە لە هەڵسوکەوتی کەســـانی دیکە و ئەو شـــوێنەوارانەی کە ڕیشەکەی بۆ هەڵسوکەوتی نـابەجێ دایک و بـاوک دەگەڕێتەوە هۆکاری گرینگن بۆ ئەوەی کە ئـاسەواری تـاوان لە نەوەیێکەوە بۆ نەوەیێکی دیکە بـــگوازرێتەوە. بەڵام هەمـــوو ئەم شیکارییانە هێشتاش نـــاتـــوانێت بەربڵاوی ســـتەمی دەروونی کە ئەو کەســـانەی کە سەر بە ئەو بـــنەمـــاڵانەن کە ڕابـــردوویەکی دەروونی تـاریکیان هەیە بە ئـاسـانی و بە تەواوتی بـاس بکات. مـــن خۆم لەسەر ئەو بڕوایەم کە هۆکاری جۆراوجۆری زۆر هەن بۆ سەلـــمانـــدنی ئەو دیل بـــوونە دەرونییانە کە لە نەوەیێکەوە بۆ نەوەیێکی دیکە گوازراونەتەوە و بوونیان هەیە.

بە گشتی ڕوانگەی پەرتووکی پیرۆز سەبـارەت بە پەیمانەکان، نەفرەتەکان و پیرۆزییەکان لەگەڵ ئەم ڕوانگەیەدا هـاوئاهەنگە. تەوڕات شیدەکاتەوە کە چۆن خـــودا لەگەڵ گەلی ئێسرائیل پەیمـانی بەســـت، پەیمـانێک کە نەوە بۆ نەوەی ئەوانی گـرتـووەتەوە و پـابەنـد بـوونیان بە ئەم پەیمانە تـا هەزاران نەوەیان پیرۆز دەکات و پـابەنـد نەبـوونیان بە ئەم پەیمانە تـا سێ نەوە، چـوار نەوە نەفـرەتیان لێ دەکریت و سـزا دەدرێن ( دەرچـوون ٣٤ : ٧ ). سەرەڕای ئەوە بۆ ئەوەی کە نەوەکانی دیکە لە ئـاسەواری تـاوانەکانی نەوەکانی پێشوو ڕزگاریان بێت دەبێت " دان بە تـــاوانەکانی خۆیان و بـــاوبـــاپیرانیانـــدا بنێن.

" ( لیڤییەکان ٢٦ : ٤٠ ). پاشان خوداوەند دەفەرمێت کە ئەو پەیمانی خۆی لەگەڵ " باوباپیرانیان وەبیر دێنێتەوە " و ئەوان و زەوینەکانیان ساڕێژ دەکاتەوە. ( لیڤییەکان ٢٦ : ٤٥ ).

لە کاتێکدا کە خوداوەند بەم شێوازە لەگەڵ مرۆڤەکان لە نەوەیەکەو بۆ نەوەیەکی دیکە هەڵسوکەوت دەکات، بۆچی شەیتان ناتوانێت سەبارەت بە مرۆڤایەتی لەسەر نەوەکان داوای ماف بکات؟ لە ڕاستیدا شەتان کە وەک تاوانبارکەر ( شکایەتکەر ) نێوی هاتووە، بە شەو و بە ڕۆژ لە لای خودا ئەوان تاوانبار دەکات ( ئاشکراکردن ١٢ : ١٠ )، ئەو دەتوانێت لەبەر ئەوەی کە تاکەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە پەیمانی خۆیان لەگەڵ خودا شکاندووە، داواکارییەک بە دژی ئەوان بهێنێتە ئاراوە و ئێستاش خەریکی ئەنجامدانی ئەو کارەیە. بۆ نمونە تاوانی ئادەم و حەوا بووبە هۆی نفرەتکردن بە دژی نەوەکانی دوای ئەوان، وەکو ژانی منداڵ بوون ( پەیدابوون ٣ : ١٦ )، زاڵ بوونی پیاوان بەسەر ژناندا ( پەیدابوون ٣ : ١٧ – ١٨ ) و لە کۆتاییدا مردن و لەناوچوون ( پەیدابوون ٣ : ١٩ ).

بەڵام پەرتووکی پیرۆز مزگێنییەک دەدات کە ئەم هەلومەرجە دەگۆڕدرێت، کە خوداوەند ئیدی خەڵک لەبەر تاوانی دایک وباوکان بە بەرپرسیار نازانیت، هەر تاکێک ڕاستەوخۆ بەرپرسی تاوانەکانی خۆیەتی:

(( ئێوە دەڵێن: ”بۆچی کوڕ تاوانی باوکی هەڵناگرێت؟“ کە کوڕ ڕاستودروستی و دادپەروەری ئەنجام داوە، هەموو فەرزەکانی منی بەجێهێناوە و کاری پێ کردووە، لەبەر ئەوە بێگومان دەژییێت. ئەو کەسەی گوناه دەکات، هەر ئەو کەسە دەمرێت.

کوڕ تـاوانی بـاوکی هەڵناگـرێت و بـاوکیش تـاوانی کوڕەکەی هەڵناگرێت. کەسی ڕاستودروست ڕاستییەکەی بۆ خۆیەتی و کەسی خـراپەکاریش خـراپەکەی بۆ خۆیەتی )) ( حـزقییێل ١٨ : ١٩ – ٢٠ ).

دەبێ ئەم نـووسـراوەیە وەک نـووسـراوەیەکی پەیغەمبەرایەتی یان پێشبینی سەبـارەت بە سەردەمی هـاتنی عیسای مەسیح شی بکەینەوە. لەم سەردەمەدا ئـاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە ڕێگا و شێوازەکانی ئەم جیهانە تـاریکە کە لە ژێر پـاوانـخوازی شەیتانـدایە ڕوونـادات، بەڵام بەڵێنی بۆ ئەم سەردەمە هـاتنی پاشایەتی خودایە. و بەڵێنییەکی دیکەش ئەوەیە کە خودا بە پێ پەیمانی نوێ لەگەڵ هەر تاکیک بە پێ کردەوەکانی خۆی بڕیار دەدات و هەروەهـا بە هۆی مـردن و هەسـتانەوەی عیسای مەسیح، هێزی شەیتان لە بەکۆیلە گـرتنی تـاکەکان لەبەر تـاوانەکانی بـاوبـاپیرانیان تێکدەشکێنێت. پەیمان یان یاسـای کۆن، واتە یاسـای تـاوان و مـردن لە گـواسـتنەوەی تـاوان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر دەخستە ڕوو، بەڵام بەهۆی عیسای مەسیحەوە ئەم یاسـا کۆنە کە بەهۆیەوە شەیتان لەبەر تـاوانەکانی بـاوبـاپیران بەسەر تـاکدا زاڵ دەبـوو و سکالای لێ دەکرد، بەڵام وەلا نرا و پوچەڵ کرایەوە.

سەبـارەت بە زمـمە، زۆر گـرینگە کە سەرنـج بـدەین کە ئەم پەیمانە هەم لەسەر نەوەکان و هەمیش لەسەر کەسـانێکی زۆر لە کۆمەڵگادا شـوێندانەرە. ئەم گـرێبەسـتە بە هۆی کۆمەڵگای ناموسڵمانەوە قەبوڵ دەکرێت و ئامانج ئەوەیە کە هەردەم و تا کۆتـایی جیهان درێژەی هەبێت. پیاوەکان لە لایەن ژنەکان و منداڵەکانیان و نەوەکانی داهـاتووەوە ئەم گرێبەستەیان قەبوڵ

کردووه کە باج بدەن. لە یاسای ئیسلامیدا، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە شوێنێک و خەڵکەکەی دەکەویتە ژێر داگیرکاری و دەسەڵاتی ئیسلام، ئیدی بۆ هەتاهەتایە بە ئۆمەتی ئیسلامی دەیانناسن.
ئەم کردەوەیە بەو مانایە دێت کە کەسانێک کە باوباپیرانیان زمەی بوونە لەو کۆیلە بوونە دەروونییە کە باوباپیرانیان زیانیان بەرکەوتووە بەردەوام تا نەوەی سێهەم و چوارەم زیانیان بەر دەکەوێت ( دەرچوون ٢٠ : ٥ ). ئەو بابەتانەی کە باس کران بەشێک لە هۆکاری ترس و کۆیلەبوونی دەروونییە لە لایەن ئیسلامەوە کە تێیدا زمەییەکان تەنانەت یەک یان دوو نەوە دوای خۆیان لە ژێری زمەدا دەبن. خودی شایەتومانیش بە سەرنجدان بە ئەو شتانەی کە بانگەشەی بۆ دەکات و ڕایدەگەینێت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دزە دەکات بەشێوەیەک کە تەنانەت بە پێ بنەمای یاسای ئیسلامی منداڵی کەسێکی موسڵمانیش هەر بە موسڵمان دادەنرێت.

## گەواهیدەرەکانی واز هێنان لە شایەتومانی ئیسلام

**" ڕەتکردنەوەی ئیسلام! "**

ئەمە گەواهیدانی کەسێکە کە پێشتر موسڵمان بووە و ئێستا باوەڕی بە عیسای مەسیح هێناوە:
' من لە بنەماڵەیەکی موسڵمان لە ڕۆژئاوادا گەورە بووم. ئێمە دەرۆیشتینە مزگەوت و فێردەبوین کە بە زمانی عەرەبی نوێژ بکەین. جگە لەمە، پەروەردەی ئایینی دیکەمان نەبوو. پاش ڕۆشتنم بۆ زانکۆ و دەستم کرد بە لێکۆڵینەوە، هەموو شتێک

گۆڕا. لە کۆتـــاییەکانی خـــوێندنی زانکودا تێگەیشتم کە عیسای مەسیح کێیە و ئەو منی ڕزگار کرد.
لە نێو زانکۆدا لەگەڵ گــروپێکی مەسیحی ئـــاشـــنا بـــووم. هەر حەفـتە بە نۆبە یەکێک لە قـوتـابییەکان پەیامێکی لە پەرتـووکی پیرۆزی بۆ گرووپەکە باس دەکرد. بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە مـــن بەس یەک ســـاڵ بـــوو بـــاوەڕم هێنابـــوو بەڵام ئەوان داوایان لە منیش کرد کە سەبـــارەت بە پەیامێکی پەرتـــووکی پیرۆز لەگەڵیان گفتۆگۆ بکەم. لە ئێوارەیەکدا کە لەگەڵیان چاوپێکەوتنم هەبوو ڕۆشتمە یەکێک لە قوتابخانەکان تاکۆ نزا بکەم. پەیامەکەی مـن ئەمە بـوو ' عیسای مەسیح بۆ مـن مـرد ئایا من بۆ ئەو دەمرم؟ '
هەر کە دەسـتم بە نـزا کردن کرد شـتێکی سەێر ڕویدا، قوڕگـم گیرا و هەستم بە خنکان کرد. و هەرچەندە ئەم هەستە زۆرتر و بەهێزتـر دەبـووەوە، زۆرتـر دەتـرسـام. پـاشـان بیستم کە دەنگێک بە منی گـــوت: ئیسلام ڕەت بکەرەوە! ئیسلام ڕەت بکەرەوە! بڕوام هێنا کە ئەمە لە لایەن خـــوداوە بـــوو. بەڵام لە لایەکی دیکەوە مێشکی مـن بیانـوی دادەتـاشی: خـودایا مـن لەم دواییانەدا بە ئیسلام پـــابەنـــد نەبـــوومە و تەنـــانەت هیچ ڕاسپاردەیەکی ئیسلامم ئەنجام نەداوە.
بەم پێیەش هەســـتی خنکان هەر درێژەی هەبـــوو، کەوابـــوو گـوتـم، ئیسلام ڕەت دەکەمەوە. لەبەر ئەوەی کە لە قـوتـابـخانە بـــووم، ئەم ڕووداوە بە بێدەنگی ڕوویدا. لەنـــاکاو هەســـت بە خنکان لە قۆرگـمدا نەمـا! و نـزام کرد و خۆمـم ئـامـادە کرد بۆ کۆبـــوونەوەکە. لەو کۆبـــوونەوەیەدا خـــودا خۆی بە هێزەوە

نیشان دا و لەبیرمە کە قوتابییەک چۆکی دادا و کڕنۆشی برد و خۆی پێشکەشی خوداوەند کرد.

**بە قوتابی کردنی باوەڕدارانی نوێ**

ڕێکخراوێکی مەسیحی لە باکوری ئامریکا بۆ فێرکردنی ئەو کەسانەی کە پێشتر موسڵمان بوونە خولی فێرکاری چڕوپڕ دادەنێن. ڕێکخەرانی ئەم خولانە تێگەیشتن کە ئەو کەسانەی کە لەم خولانە بەشداری دەکەن، سەبارەت بە پرۆسەی بوون بە قوتابی بە بەردەوامی کێشەیان بۆ دێتە پێش. بەڕێوەبەرانی خولەکە، زانیاریان بەدەست هێنا کە لەم پەرتووکەدا هەندێک نزا هەیە کە بۆ ڕەت کردنەوەی شایەتومان و بڕیاریان دا کە هەموو قوتابییەکان ئەو نزایانەی کە بۆ ڕەت کردنەوەی ئیسلامە بخوێننەوە و دووپاتی بکەنەوە. وڵامی بەشداربووانیش بوو بە هۆی شادی و ئارامیەکی دەرونی. ئەوان گوتیان: بۆچی تا ئێستا کەس سەبارەت بە گرینگی ڕەت کردنەوەی ئیسلام لەگەڵ ئێمە قسەی نەکردبوو؟ ئێمە دەبوا پێشتر لە ئێستا ئەم کارەمان ئەنجا بدایە! ڕەت کردنەوەی ئیسلام ئێستاکە یەکێک لە ئەرکەکانی ئەم خولەیە.

## گەواهیدەرانی ڕەت کردنەوەی زممە

### تێپەڕاندنی ترسی نەوەکان

جارێکیان لەگەڵ ژنێک نزام دەکرد کە بەدەست ترسەوە کە لە هەندێک لە بەشەکانی ژیانیدا هەبوو ئازاری دەچێشت. باوباپیرانی ئەو سەد ساڵ پێش ئێستا وەک زممەیی لە دیمەشقی سووریەدا ژیانیان کردبوو، لەو شوێنەی کە

کۆمەڵکوژییەکی گەورەی مەسیحییکان لە ســـاڵی ١٨٦٠دا تێدا ڕوویدابــوو. پــاش دەســـتپێکی نــزا و ڕەت کردنەوەی پەیمانی زممە، هێزی ترس تێکشکا و ئەو لە ژیانی ڕۆژانەیدا گەشت بە ئارامی و ترسەکانی لەکۆڵ بووەوە.

**ئازادی لە میراتی و پاکتاوی نەژادی**

پیاوێکی خەڵکی ئەرمەنســـتان هەبــوو کە بــاوبــاپیرانی لەبەر ئەوەی کە نــاوی یۆنــانییان هەبــوو لە سەمیرنــاوە بۆ میسر هەڵهاتبوون، لە کۆمەڵکوژییەکدا لە مردن ڕزگاریان ببو. نزیک بە یەک سەدە دوای ئەوە، ئەم پیاوە کە بــاوبــاپیرانی لە میسر ببون بە پەنـابەر، بەدەسـت تـرسێکی گەورە و مـاڵوێرانکەرەوە ئــازاری دەچێشت. کاتی لەمــاڵ چــوونەدەرەوە ئەو بە تــونـدی دەشەڵەژا و بیری ئــاڵۆز دەبــوو کە ئــایا هەمــوو درگــا و پەنجەرەکانی قوفڵ کردووە. بەم پێیە دوای ئەوەی کە ترس لە پاکتاوی نـژادی و خـودی پاکتاوی نـژادی ڕەت کردوە پێکەوە سەبارەت بە ئازاد بوونی ئەو نزامـان کرد و ئەو ڕایگەیاند کە لە بــاری دەروونەوە ســـاڕێژ بــوەتەوە و ئــازادییەکی گیانی قووڵی بەدەست هێناوە.

**لە ترسەوە بۆ بوێری: فێرکاری مزگێنیدان**

گروپێک لە مەسیحییە عەرەبەکان لە نزاکانی ئەم پەرتووکە بۆ ئامـادە بوونی مـزگێنیدان بە ئەو مـوسڵمـانـانەی کە بۆ سەردان دەهـاتنە ئوروپا کەڵکیان وەرگرت. بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئەم گــروپە لە وڵاتیکی ئــازاد دا بــوون بەڵام ئەوان دانیان پێدا نـا کە ئەوان سەبـارەت بە قسە کردن لەسەر بـاوەڕەکەیان لەگەڵ کەســانی دیکە دەتــرســن. هەر ئەم قــسەیە دڵی ئەوانی بۆتێگەیشتن لە گــرینگی وەرگــرتنی ســاڕێژ بــوونەوە لە تــرس

کردەوە. یەکێک لە ئەنـــدامـــانی گـــروپەکە گـــوتی: لەبەر ئەو پەیمانەی کە لە لایەن ئێوەوە بەســـتراوە، تـــرس لە دەروونی ئێوەدا ژیان دەکات. پـــاش قـــسە کردن سەبـــارەت بە پەیمانی زممە، ئەوان بۆ ئازاد بوونیان نزایان کرد و پەیمانی زممەیان ڕەت کردەوە. لە ڕۆژی کۆتایی ئەم کارەدا، ڕاپرسیەک ئەنجام درا:

ئاکامەکان زۆر سەرنج ڕاکێش بوون. بێ جیاوازی هەموو ئەو کەســـانەی کە بەشـــدارییان کردبـــوو بە تـــوانـــاییەوە ڕایان گەیاندبوو کە ئەم بابەتە، یەکێک لەو بابەتە بنەڕەتییانە بووە کە فێری بـوون و وەریان گـرتـووە و بـوەتە هۆی وەرگـرتنی پیرۆزی و ئـــازادیی بۆ ئەوان، بەتـــایبەت ئەو کەســـانەی کە دەرفەتی ئەوەیان هەبـــووە تـــا پەیمانی زمـــە ڕەت بکەنەوە و پەیمان لەگەڵ عیسای مەسیح بە خوێنەکەی ڕابگەیەنن. سپاس بۆ خـودا کە لەبەر خـوێنی عیسای مەسیح و لە ڕێگای نـزاوە ئازاد بوون لە ئەم پەیمانە بوونی هەیە.

**مەسیحییەکی قبتی بـــاسی ئەوە دەکات کە چۆن هێزی وەرگـــرت بۆ مزگێنیدان بە موسڵمانان**

من بۆ ماوەی چوار ساڵ لەبەر وەرگرتنی بڕوانامەی یاسا لە وڵاتێکی ئیســـلامیدا شەریعەتی ئیســـلامیم خـوێندووە. بە وردی خوێندنەوەم دەربارەی سوکایەتی بە مەسیحییەکان کرد کە بە هۆی شەریعەتی ئیسلامەوە ئەنجام دەدرا کە یاساکانی زممە بەشێکی بوو، بەڵام شتێک پێشی ئەوەی دەگرت کە من تێبگەم کە ئەم فێرکارییانە چ ئـــاسەوارێک لەسەر کەســـایەتی مـــن دادەنیت. من بەڕدارێک بەئەمەگ بووم و خوداوەندمان عیسای مەسیحم زۆر خۆشدەویست، بەڵام زۆرجار نەمدەتوانی لە نێو

هـاوڕێیانی مـوسڵمانـم ئەو وەک خـوداوەنـدم ڕابـگەیەنـم و بیانـووەکەشـم ئەوە بـوو کە نـامـهەوێت هەسـتی ئەوان بـریندار بکەم.

کاتێک کە لە کۆبوونەوەیەک بەشداریم کرد سەبارەت بە زمـە قـسەیان دەکرد هەسـتم دەکرد کە بـاوەڕی مـن لە نـاوەنـدی سەرنجـدایە و دڵساردییەکانی نـاو دەروونـم ئـاشکرا بـوون. لەبیرمە کە هەنـدێک جـار مـن بە دڵخوازییەوە، سەروەری موسڵمانەکانم لە ئەو ناوچانەی کە داگیریان کردبوو کە وڵاتی بـاوبـاپیرانـم بـوو قەبـوڵم کردبـوو و تەنـانەت پشـتگیریشم دەکردن. مـن تێگەیشتم کە بۆ سـاڵانێک ژیانی بێ نـرخـم لەبەر زمـەی بـوونـم قەبـوڵ کردووە. پـاش ئەوەی کە نـزام کرد، لە ناکاو ئازادییەکی زۆرم لە عیسای مەسیحدا هەست پێ کرد.

هەر لەو شەوەدا ڕۆشـتمەوە بۆ مـاڵ و زەنـگم بۆ هـاوڕێیەکی نـزیک لێدا کە مـوسڵمان بـوو. پێم گۆت کە عیسای مەسیح ئەوی خۆشـدەوێت و بۆ ئەو لەسەر خـاچ گیانی سـپارد. لەو کاتە بەولاوە، خـزمەتی مـزگێنیدانی مـن بە مـوسڵمانەکان زۆر کاریگەرتـر بـووە و زۆربەیان مەسیحیان وەک خـوداوەنـد و ڕزگارکەری خۆیان قبووڵ کرد.

## پەیمانەکانی خوێن و چۆنیەتی ڕەت کردنەوەیان

هەروەها کە بینیمان، خاڵێکی گرینگی دیکە سەبارەت بە زمـە ئەوەیە کە زمـمە پەیمانێکی خـوێنییە. لە پەیمانی کۆنـدا شێوازێکی بـاو بۆ وەرگـرتنی پەیمان لە کەسێک، ڕژانـدنی خـوێنی ئـاژەڵێکی قـوربـانی کراو بـوو. ئەو کاتەی کە لە

پەرتووکی پەیدابووندا خوداوەند پەیمانە بەناوبانگەکەی خۆی لەگەڵ ئیبراهیم دەبەستێت، ئەم پەیمانەی بە ڕشتنی خوێنی قوربانی بە یەکجاری پەسەند کرد. لەو پەیمانەدا ئیبراهیم ئاژەڵێکی هێنا و پاش کوشتنی ئاژەڵەکە بەش بەش لەسەر زەویەکە دایدەنیت. پاشان بڵێسەیەک ئاگر لەگەڵ دووکەڵ بە هێمای بوونی خوداوەند لە نێو بەشەکاندا دەڕوات. لەم ڕێوڕەسمانەدا جۆرێک لە نفرەت بوونی هەیە کە ئەگەر من ئەم پەیمانەم شکاند وەک ئەم ئاژەڵەم لێ بێت. واتە بکوژرێم و لەت لەت بکرێم.

ئەم بابەتە لە هۆشدارییەکدا کە خوداوەند بە یەرمیای پەیغەمبەری ئەدات ڕەنگدانەوەی هەیە:

(( ئەو کەسانەی کە پەیمانەکەی منیان شکاند، ئەوانەی بەندەکانی ئەو پەیمانەیان جێبەجێ نەکرد کە لەبەردەمی من بەستیان، وەک ئەو گوێرەکەی لێدەکەم کە دوو لەتیان کرد و بەناو دوو لەتەکەیدا تێپەڕین پیاوە گەورەکانی یەهودا و پیاوە گەورەکانی ئۆرشەلیم و کاربەدەستان و کاهینان و هەموو گەلی خاکەکە، ئەوانەی بەناو دوو لەتی جوانەگادا تێپەڕین، دەیاندەمە دەست دوژمنەکانیان کە دەیانەوێ بیانکوژن. تەرمەکانیان دەبێت بە خۆراکی باڵندە و ئاژەڵی کێوی ))

( یەرمیا ٣٤ : ١٨ – ٢٠ ).

لە ڕێوڕەسمی هێندیک لە گرووپە نهێنییەکان لە نێو جادووگەراندا هەندێک جار کەسەکە بە ڕشتنی خوێنی ئاژەڵێک پەیمان دەبەستێت. لە هەندێک لە ئەم گرووپە شاراوانەدا هەندێک جار بە شێوازی هێمایی کەسەکە نەفرەتی مردن لە خۆی دەکات، بۆ نموونە تەنافی سێدارە دەخاتە دەور ملی

خۆی، یان بە شێوازێکی هێمایی خۆی وەک مـردوو لێ دەکات و لە نێو دارە مەیت دەخەوێت و یان بە شێوازی هێمایی چەقۆ لە دڵی خۆی دەدات. لە ڕێوڕەسمی کۆنی باج دان لە ئیسلامدا، بەشێک لە ڕێوڕەســمەکە، لێدانە لە ملی نــامــوسڵمانەکە کە بە مـانـای ڕشـتنی خـوێنی زمـمەییەکەیە. ئەم ڕێوڕەسـمە لەگەڵ خۆی نەفرەتی مردن بەرهەم دێنێت کە کەسی زممەی نەفرەتی مــردن بۆ خۆی و کۆمەڵگاکەی قەبــوڵ دەکات و لە ڕاســتیدا وەک ئەوەیە کە بڵێت: بــا سەری هەمــوو ئێمە ببڕدرێت ئەگەر هەرکام لە مەرجەکانی ئەم پەیمانەمان شکاند.

ئەو پەیمانانە کە بە خوێن دەبەسترێن لەبەر ئەو نفرەتانەی کە ڕاستەوخۆ یان ئاماژەی لەم پەیمانانەدا گۆنجێندراون دەرگای زۆڵم و کۆیلە بــوون بۆ ڕۆح دەکەنەوە. لە قۆنــاغی یەکەمــدا کەسەکە بە مەرجەکانی پەیمانەکە پابەنـد دەکەن و پـاشـان بە دانی جۆریک لە ڕێپێدانی ڕۆحی و دەروونی دەرگا بۆ ئازار و ئەزیەت کـردنی کەسەکە بە پێی ئەو نەفــرەتەی کە لە پەیمانەکەدا هاتووە دەکەنەوە.

ئەوەی کە چۆن بتوانین ئەم نەفرەتانە پووچەڵ بکەینەوە زۆر سەرنــج ڕاکێشە. ژنێک کە پێشینەی زمــمەیی بــوونی هەبــوو خەونی خـراپی دەبینی و لەم خەونـانەدا خـزمە مـردووەکانی ئـامـاژایان پێ دەکرد کە بەشـوێنیانـدا بەرەو جیهانی مـردووان بڕوات. هەروەهـا ئەم ژنە هەنـدێک بیرۆکەی خۆکوژی هەبـوو کە هیچ بنەمایەکیان نەبوو دەستەویەخە ببو. پاش قسە کردن و پێکەوە نـــزا کردن، دەرکەوت کە ئەنــدامـــانی دیکەی بنەمـاڵەکەی بە شێوازێکی نـا سـروشـتی خەونیان بە مـردنەوە دەبینی کە بە تــونــدی ئــازاریانی دەدا. مــن تێگەیشتم لەبەر

ئەوەی کە ئەژدادیان بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ وەک زمەی ژیانیان کردبوو، بووە هۆکاری ئەوەی کە ترس لە مردن ئازاری بدات. پێکەوە بە دژی ئەم بابەتە نزامان کرد و هێزی مردنمان سرکۆنە کرد و هەر جۆرە نەفرەتێکی مردنمان لەبەر بەشداری ئەژدادی ئەو لە ڕێوڕەسمی سالانەی باجداندا پوچەڵ کردەوە. پاش ئەم نزایانە، ئەو ژنە لە خەونە خراپەکان و بیرۆکەی مردن ئازاد بوو.

## دەسەڵات بۆ ئازادی

ئەو کاتەی کە بەشوێن ئازادیدا دەگەڕێین، زۆر گرینگە کە هەنگاوی باش هەڵنین کە بەرەنگاری ئەو بەڵێنییانە بین کە تاوانکارانەیە و پووچەڵیان بکەینەوە. پەیمانی کۆن شێوازێک دەخاتە ڕوو کە چۆن مەڵبەندی ڕۆحانی بتەکان تێکبشکێنین ( دواوتار ١٢ : ١ – ٣ ).

ئەگەر پەیمانێک بەستراوە، دەبێ ئەم پەیمانە بە هەموو خاڵ و مەرجەکانیەوە تێکبشکێندرێت. ئەم کارە دەبێت بە وردەکارییەوە ئەنجام بدرێت. هەر بەوجۆرەی کە کەسێک دان بە تاوانەکانی خۆیدا دەنێت، باشتر وایە کە ئەم کارە بە وردەکارییەوە ئەنجام بدەین، سەبارەت بە داواکاری ئازادی دەروونیش هەر بەم شێوازەیە: ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕووناکی خودا بەسەر هەر بەشێک کە پێویستی بە بەخشینی خودا بێت بدرەوشێتەوە.

سەبـارەت بە پەیمانە تـاوانکارانەکان هەمـوو شـتێک دەبێت بە وردەکارییەوە ئەنجام بدرێت. بۆ نموونە، ئەگەر کەسێک خۆی لە ڕێگای پەیمانی خوێنەوە، پابەند بە بێدەنگی کردبێت، دەبێت پاشگەز ببێتەوە ( تۆبە ) و بەشدارییەکەی لە ئەم ڕێوڕەسمانە ڕەت بکـاتەوە و بە شێوازێکی ورد ئەو پەیـمانەی کە بەســتوویەتی پـــووچەڵی بکاتەوە. هەر بەم شێوەیەش، ئەگەر کەسێک کێشەی نەبەخشینی هەیە لە ژیانیدا ڕستەی وەکو: من قەت فلانە کەس نـــابەخـــشم بەکار بهێنێت، دەبێت لەم کارەی پـاشـگەز ببێتەوە ئەو بەڵێنییەی کە ئەم قسەیە بەرهەمی دێنێت پـووچەڵ بکاتەوە و داوا لە خـوداوەنـد بکات تـاوەکو لەبەر ئەو قـسـەیە لێخۆشـبێت. قـوربـانییەکی دەسـتدرێژی سێکسی کە بە هەڕەشـەی کوشـتن بێدەنـگ کراوە، دەبێت بەڵێنی بێدەنگییەکەی بشکێنێت و بۆ نـموونە بڵێت: مـن ئەو بێدەنگییە سەبـارەت بەو شـتەی کە بەسەرمـدا هـاتـووە دەشکێنم و ئەوە مـافی مـنە کە سەبـارەت بەوە قـسە بکەم. ئەگەر کەسێک بەشـوێن ئـازادی دەروونی لە پەیمانی زمـمە دەگەڕێت، زۆر گـرینگە کە بـاج دان و ڕێوڕسمی هێمایی مـــل پەڕانـــدن هـــاوکات ڕەتی بکاتەوە. خودی عیسای مەسیح قوتابییەکانی فێری ئەوە کرد کە هەم لە ئـــاســـمان و هەم لە زەوی دەسەڵاتی پێداون، واتە هەم لە قەڵەمڕەوی ڕۆحانی و هەم قەڵەمڕەوی مادیدا.

(( ڕاســـتیتان پێ دەڵێم: ئەوەی ئێوە لەسەر زەوی دایبخەن، لە ئـاسـمانیش داخـراو دەبێت، ئەوەی لەسەر زەوی بیکەنەوە، لە ئاسمانیش کراوە دەبێت )) ( مەتا ١٨ : ١٨ و ١٦ : ١٩ ).

ئەم بابەتەی کە مەسیحییەکان ئەو دەسەڵاتەیان هەیە کە بەڵێن و پەیمانە تـــاوانکارانەکان بشکێنن زۆر دڵخۆشکەرە، چـــوونکە

پەیمان بە خـــوێنی عیسای مەسیح هێزی ئەو بەڵێنییانە کە بۆ ئامانجی خراپ بەستراون تێکدەشکێنێت. ئەم بەڵێنییە لە یەکێک لە ئـایەتەکان کە سەبـارەت بە عیسای مەسیحە لە پەرتـووکی زەکەریادا هاتووە:

(( هەروەهـــا بۆ تۆش، لەبەر خـــوێنی پەیمانەکەم لەگەڵ تۆ، دیلەکانت لە بیری بێ ئاو بەڕەڵا دەکەم )) ( زەکەریا ٩ : ١١ ).

خـودا لە ڕێگای خـاچی عیسای مەسیحەوە بە ئێمەی ڕاگەیانـد کە بە دژی هێزەکان و هۆکارەکانی ئەم جیهانە تـــاریکە سەرکەوتــن دەســتەبەر بــووە ( کۆلۆسی ٢ : ١٣ – ١٥ ). ئەم سەرکەوتـنە هێزە بەدکارەکانی پـووچەڵ کردووەتەوە و مـافی دەسەڵاتداریان لێ وەردەگرێتەوە، ئەو پەیمانـانەی کە هەنـدێک جـار بە خـواسـتی ئـازادانە و هەنـدێک جـاریش بە زۆرەملێ، هەندێک جار بە ئاگاهییەوە و هەندێک جاریش نەخوازراو.

## بەشی حەوتەم

# چۆن زممە رەت بکەینەوە

ئەم بەشە بـریتییە لە نـزای مەسیحی و ئەم نـزایانە یەکێک لە ڕێگاکانی ڕزگـاری لە ئـاسەواری ستەمکارانە و ئـازار بەخشی زممەیە.

ئەگەر سەیری ژیانی محـمد بکەین دەبینین کە ئەو چەنـدە بە درێژایی تەمەنی لە لایەن دەوروبەرەکەیەوە تەریکرایەوە و ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە دەروونی زامدار بێت و ببێتە هۆی دڵ شکان و ئـازار بۆی تـا ئەو شـوێنەی کە بیرکردنەوەی ئەو وەک بیرکردنەوەی کەسێکی لێهات کە بەردەوام خۆی بە قوربـانی هەلـومەرج و دەوروبەری دەزانێت و لە ئـاکامدا ئەمە بـووە هۆی دروسـت بـوونی کەسـایەتییەکی تـونـدڕەو کە خواستی ئەوەی هەبوو دەسەڵاتی بەسەر دەوروبەریدا هەبێت. بـانگهێشتی موحەمـمەد لە دەوروبەر بۆ شەڕکردن و کوشـتنی بەکۆمەڵ هەر لەم بـارۆدۆخە دەروونییەوە سەرچاوە دەگرێت کە تـاکە ڕیگا بۆ بەدەسـت هێنانی ئـارامی و ئـاسـایش لە سووکایەتی کردن لە کەسانی دیکەدا دەبینێتەوە.

عیسای مەسیحیش لە لایەن کەسانی دەوروبەرەوە ڕەت کرابۆوە، بەڵام بە پێچەوانەی محمد، ئەو قین لەدڵ نەبوو و دەستی بۆ توندوتیژی نەبرد، هەوڵی ئەوەی نەدا کە بەسەر خەڵکدا زاڵ بێت و یان ئیزنی نەدا کە دەروونی زامدار ببێت و بڕەنجێت. خاچ و هەستانەوەی عیسای مەسیح، رەت کردنەوە و هێزەکانی تاریکی تێکشکاند.

## بۆچی نزا بکەین؟

نزاکانی ئەم پەرتووکە ڕەنگە بە پێی ئەم هۆکارانەی خوارەوە بۆ ئێوە سودمەند بن:

- لەبەر ئەوەی کە ئێوە یان باوباپیرانی ئێوە وەک ناموسڵمانێک لە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامدا ژیانیان کردووە و پەیمانی زمەیان قەبوڵ کردووە، یان ئەوەیکە جیهادی ئیسلامی و زمە لەسەر ژیانی ئێوە شوێندانەری بووە. بۆ نموونە، ڕەنگە ئێوە سەبارەت بە هێرشە تێرۆریستییەکان و جیهادەوە، لە ترس و دڵەڕاوکێدا بن.
- ڕەنگە مێژوو و چیرۆکی تاکەکەسی ئێوە یان بنەماڵەکەتان بە قووڵی لە ژێر شوێندانەری ڕووداوێکی دڵتەزێندا بن، وەکوو ئەزموونی توندوتیژی بە هۆی جیهاد یان پاوانخوازیی دیکە کە بە هۆی زمە و مەرجەکانیەوە ڕوویان داوە. ڕەنگە تەنانەت بۆ خۆت

ئەم ڕووداوانەت نەبینیبت و زانیاریت لەسەریان نەبێت، بەڵام ڕەنـگە ئەمـانە بەشێک لە مێژووی بـنەمـاڵەییتان بێت.

- ڕەنـــگە ئێوە یان بـــاوبـــاپیرانـــتان بە هۆی جیهادی ئسـلامیەوە هەڕەشەتـان لێکرابێت، تەنـانەت ڕەنـگە قەت لەژێـر دەسەڵاتی وڵاتێکی ئیسـلامیشـدا ژیـانـــتـان نەکردبێت. بەڵام بەم پێیەش دەتـانـهەوێت بە ئـازادی و نەترسانە ژیان بکەن.
- ڕەنـگە ئێوە یان بـاوبـاپیرانـتان مـوسڵمان بـوونە و دەتـانــهەوێت وەک مـوسڵمانێک هەر جۆرە ڕۆڵێک لەم پەیمانە و ئـــاسەوارەکەی و کاردانەوەکانی ڕەت و پووچەڵ بکەنەوە.

ئـامـانـج لەم نـزایانە پـووچەڵ کردنەوەی پەیمانی زمــمە و ئـاسەوار و کاردانەوەکانیەتی تـا ئیدی لەسەر ژیانی ئێوە هیچ دەسەڵاتێکیان نەبێت. ئەم نـزایانە بەم هیوایە ئـامـادە کراون کە بەرامبەر بە ئەو نەفرەتـانەی کە بە دژی ئێوە و بـاوبـاپیرنـتان لەبەر زمـمەی بـوون و ژیان لە وڵاتێکی ئیسلامیدا بەسەرتـانـدا سەپاوە ڕابوەستن و ئەم نەفرەتانە پووچەڵ بکەنەوە.

هەروەهـــا ڕەنگبێت ئێوە لەبەر ئەوەی کە لە ڕابـــردوودا ئەم نـــزایانەتـــان نەزانیبێت خەمی پێوە بخۆن و هەر بۆیە دەتـانـهەوێت ئەم نزایانە ئەنجام بدەن و دەتـانـهەوێت پشت بە

وشەی خودا ببەستن. ئەم نزایانە ئامادە کراون تاوەکو لەگەڵ ئـــاسەوارەکانی زمـــەدا بەربەرەکانێ بکەن. ئـــاسەواری وەک ئەمانە خوارەوە

- ئازار
- ترس
- هەڕەشە
- ڕیسوایی
- هەستی تاوانبار بوون
- هەستی خۆ بە کەم زانین
- ڕق لە خۆ هەڵگرتن و خۆڕەتکردنەوە
- ڕق لێبوونەوە لە خەڵک
- خەمۆکی
- فێڵ
- سوکایەتی
- پاشەکشە و گۆشەگیری
- بێدەنگی

## چەند ئایەتەیک لە پەرتووکی پیرۆز

یەکەمین هەنــگاو بۆ خۆ ئــامــادە کردن بۆ ئەنــجامــدانی ئەم نــــزایانە، خــــوێندنەوەی ئـــــایەتەکانی پەرتــــووکی پیرۆزە. بە ئەنجامدانی ئەم کارە لە ڕاستی و بناغەی ئەم ئایەتانە تێدەگەن و قـبوولّی دەکەن. پێشنیار دەکەم کە ئەم کارە لەگەڵ کەسێکی دیکەدا ئەنـجام بدەن بۆ ئەوەی کە ئەو کەسە لە کاتی نـزاکانـدا شایەتی ئێوە بێت.

**خۆشەویستی خوداوەند بەسەر ڕەت بوونەوەدا سەر دەکەوەێت:**

(( ئێمەش ئەو خۆشەویستییەی خودا کە بۆ ئێمەیە نـاسیمان و باوەڕمان پێکرد )) ( یەکەم یۆحەنا ٤ : ١٦ ).

(( لەبەر ئەوەی خـودا ئەوەنـدە جیهانی خۆشـویست، تەنـانەت کوڕە تاقانەکەی بەختکرد، تاکو هەرکەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەنـاو نەچێت، بەڵکو ژیانی هەتـاهەتـایی هەبێت )) ( یۆحەنـا ٣ : ١٦ )

**ئەوەی کە ئێمە بە میرات وەرمـــان گـــرتـــووە تـــرس و دڵەڕاوکێ نییە، میراتی ئیمە لە خودایە:**

(( چـونکە خـودا ڕۆحی تـرسی پێمان نەبەخشیوە، بەڵکو ڕۆحی هێز و خۆشەویستی و خۆڕاگـــریی پێ بەخشیوین )) ( دووەم تیمۆساوس ١ : ٧ ).

(( ئێوە ڕۆحی کۆیلەییتان وەرنەگـــرتـــووە تـــاکو بۆ تـــرس بـتانـگەڕێنێتەوە، بەڵکو ڕۆحی لەخۆگـرتـنەوەتـان وەرگـرتـووە، بەهۆیەوە هـــاوار دەکەین: بـــابە! بـــاوکە! ڕۆحی پیرۆز خۆی شـایەتی بۆ ڕۆحـمان دەدات کە مـنداڵی خـوداین )) ( ڕۆمـا ٨ : ١٥ – ١٦ ).

**ئێمە بانگهێشت کراوین تاکو لە ئازادیدا بژین:**

(( ڕاسـتی دەنـاسـن، ڕاسـتیش ئـازادتـان دەکات )) ( یۆحەنـا ٨ : ٣٢ ).

(( مەسیح ئـازادی کردین تـاکو بە ئـازادی بـژین. بۆیە چەسـپاو بن و جارێکی دیکە ملکەچی نیری کۆیلایەتی مەبن )) ( گەلاتیا ٥ : ١ ).

**جەستەی ئێمە هی خوداوەندە، نەک بۆ ستەمکاری:**

**نرخی خوێنی ئێمە لەسەر خاچ درا:**

(( یاخـود نـازانـن کە لەشـتان پەرسـتگای ڕۆحی پیرۆزە کە لە ئێوەدایە و لەلایەن خـوداوەیە هەتـانە؟ ئێوەش هی خۆتـان نین. چـونکە ئێوە بە نـرخێک کڕاون. جـا بە لەشـتان سـتایشی خـودا بکەن )) ( یەکەم کورنسۆس ٦ : ١٩ – ٢٠ ).

(( ئەوان بە خـــوێنی بەرخەکە و بەو شـــایەتییەی کە دایان، بەسەریدا سەرکەوتن، ... )) ( ئاشکرا کردن ١٢ : ١١ )

**ژنـــان و پیاوان لە بەردەم خـــودا یەکسانـــن و هیچیان لەوەی دیکە لە سەرەوەتر نییە:**

(( جـولەکە و نـاجـولەکە نییە، کۆیلە و ئـازاد نییە، ژن و پیاو نییە، چـونکە هەمـووتـان بەهۆی یەکبوونـتان لەگەڵ عیسای مەسیح، یەکن )) ( گەلاتیا ٣ : ٢٨ ).

**سوک بوون و بەکەم زانین نیشانەی ئێمە نین، بەڵکو سەرکەوتنی عیسای مەسیح، یەکیەتی لە خۆشەویستی عیسای مەسیح و خـــاچەکەی نیشانەی ئێمەیە:**

(( بەڵام سـوپـاس بۆ خـودا، ئەوەی هەمـوو کاتێک لە کەژاوەی سەرکەوتنی مەسیحدا ڕابەرایەتیمان دەکات، لە هەمـــوو شـــوێنێک بەهۆی ئێمەوە بۆنی خۆشی نـــاسینەکەی بڵاو دەکاتەوە، چـــونکە ئێمە بۆنی خۆشی مەسیحین بۆ خــــودا، لەنێوان ئەوانەی ڕزگـــاریان دەبێت و لەنێوان ئەوانەی لەناودەچن )) ( دوهەم کورنسۆس ٢ : ١٤ – ١٥ ).

(( مـن لەوانـدام و تۆ لە مـندای، تـاکو بە تەواوی یەک بـن، بۆ ئەوەی جیهان بـــزانێت تۆ مـــنت نـــاردووە و ئەوانـــت خۆشویستووە هەروەک چۆن منت خۆشویستووە )) ( یۆحەنا ١٧ : ٢٣ ).

(( ئینجا بە هەمـووانی فەرمـوو: «ئەگەر کەسێک دەیەوێت ببێتە قـوتـابی مـن، بـا نکۆڵی لە خۆی بکات و ڕۆژانە خـاچەکەی هەڵبگرێت و دوام بکەوێت )) ( لۆقا ٩ : ٢٣ ).

**ئێمە هێزی گیانی پیرۆزمان هەیە ڕاستیمان بۆ ئاشکرا دەکات:**

(( بەڵام ڕاستیتان پێ دەڵێم: باشترە بۆتان کە بڕۆم، چونکە ئەگەر نەڕۆم، یارمەتیدەرەکەتان بۆ نایەت. بەڵام ئەگەر بڕۆم بۆتانی دەنێرم. کاتێک ئەو دێت، دەیسەلمێنێت کە جیهان بە هەڵە تێگەیشتوون لە گوناه و ڕاستودروستی و حوکمدان )) ( یۆحەنا ١٦ : ٧ – ٨ ).

(( بەڵام کاتێک ئەو دێت، کە ڕۆحی ڕاستییە، ئەو بۆ ڕاستی تەواو ڕێنماییتان دەکات، چونکە لە خۆیەوە هیچ نالێت، بەڵکو ئەوەی گوێی لێ دەبێت دەیڵێت و ڕایدەگەیەنێت چی ڕوودەدات )) ( یۆحەنا ١٦ : ١٣ ).

**لە مەسیحدا دەسەڵاتەمان هەیە کە بەسەر شەرم و شەرمەزاریدا سەر بکەوین:**

(( با سەرنجمان بخەینە سەر عیسا، پێشڕەو و تەواوکاری باوەڕمان، ئەوەی لە پێناوی ئەو خۆشییەی لەپێشی دانرابوو، بەرگەی خاچی گرت و شەرمەزاری بە سووک وەرگرت، جا لە دەستەڕاستی تەختی خودا دانیشت )) ( عیبرانییەکان ١٢ : ٢ ).

**ماف و ئەرکی ئێمەیە کە هەم خۆمان و هەم منداڵەکانمان سەبارەت بە بابەتە گیانیەکان فێر بکەین:**

(( بەڵام ئاگاداربە و باش خۆت بپارێزە هەتا ئەو شتانە لەبیر نەکەیت کە بە چاوەکانت بینیت، بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژانی

ژیانـت لە دڵت دەرنەچێت و منداڵەکانـت و مـنداڵی منداڵەکانتی پێ فێر بکە )) ( دواوتار ٤ : ٩ ).

**ئێمە دەسەڵاتەمـــان لە عیسای مەسیحدا هەیە کە بە چـــاونەتـــرسییەوە باسی ڕاستی و خۆشەویستی بکەین:**

(( مـــردن و ژیان بە دەســـت زمـــانە، ئەوەی حەزی لێی بێت بەروبوومەکەی دەخوات )) ( پەندەکانی سلێمان ١٨ : ٢١ ).
(( ئێستاش ئەی یەزدان، سەیری هەڕەشەکانیان بکە، تـــوانـــای ئەوە بە خزمەتکارەکانت ببەخشە کە بەوپەڕی ئازایەتییەوە بە وشەکانت بدوێن )) ( کردار ٤ : ٢٩ ).
(( بە خـراپە دڵخۆش نـابێت، بەڵکو بە ڕاسـتی دڵشاد دەبێت )) ( یەکەم کۆرنسۆس ١٣ : ٦ ).
(( هەرکەسێک دانی پێدا بنێت کە عیسا کوڕی خـــودایە، ئەوا خـــودا بە یەکگرتـــوویی لەگەڵ ئەو کەسەدا دەژییێت، ئەویش بە یەکگرتوویی لەگەڵ خودا دەژییێت )) ( یەکەم یۆحەنا ٤ : ١٥ ).
((کەواتە متمانەتان فڕێمەدەن کە پاداشتی گەورەی هەیە ))
( عیبرانییەکان ١٠ : ٣٥).

**ئێمە دەتوانین متمانەمان بە وشەی ڕاستی هەبێت:**
(( ئەگەر ئێمە شایەتی مرۆڤ لەلامان قبوڵ بێت، شایەتی خودا گەورەتـــرە، چـــونکە ئەمە شـــایەتی خـــودایە سەبـــارەت بە کوڕەکەی داویەتی )) ( یەکەم یۆحەنا ٥ : ٩ )
(( ئەوان بە خـــوێنی بەرخەکە و بەو شـــایەتییەی کە دایان، بەسەریدا سەرکەوتن، ... )) ( ئاشکرا کردن ١٢ : ١١ )

**ئێمە بێ بەرگـــریی و بێ چەک نین، بەڵکو هەڵگری چەکی گیانین لە عیسای مەسیحدا:**

(( لە کۆتـــاییدا پێتان دەڵێم کە بە یەکبوون لەگەڵ مەسیحی بـــاڵادەســـت و هێزە گەورەکەی بەهێز بـــن. بە چەکی تەواوی خـــودا خۆتـــان چەکدار بکەن، تـــاکو بـــتوانـــن بەرامـــبەر پیلانی شەیتان خۆتان ڕابگرن )) ( ئەفەسۆس ٦ : ١٠ – ١١ ).

(( هەرچەندە لە جیهاندا دەژین، بەڵام بەگوێرەی بنەمای جیهان نـاجەنگین، چـونکە ئەو چەکەی شەڕی پێدەکەین جیهانی نییە، بەڵکو چەکی خـــوداییە کە تـــوانـــای وێرانکردنی قەڵای هەیە. هەمـــوو بەڵگەیەک و هەر شـــتێک کە بۆ بەرهەڵستی زانیاری خـــودا دەربکەوێت لەنـــاوی دەبەین، هەمـــوو بیرێکیش بۆ گـــوێڕایەڵی مەسیح بە دیل دەگـــرین. هەر کاتێک ئێوە تەواو ملکەچ بـوون، ئەو کاتە ئـامـادەین سـزای هەمـوو یاخیبوونێک بدەین )) ( دووهەم کۆرنسۆس ١٠ : ٣ – ٦ ).

**بۆ ئێمە ئازار کێشان لە پێناو مەسیحدا دەبێتە هۆی شادیمان:**

(( خـــوشکان و بـــرایانـــم، بەوپەڕی خۆشیی دابنێن، کاتێک دەکەونە نێو جۆرەها تاقیکردنەوە و ناخۆشییەوە )) ( یاقوب ١ : ٢ و).

(( چـونکە خـودا لەبەر مەسیح تەنـها بـاوەڕهێنان بە ئەوی پێ نەبەخشیون، بەڵکو ئازار چێژتنیش لە پێناوی ئەو )) ( فیلیپی ١ : ٢٩ )

**خاچ هێزی شەیتان تێکدەشکێنێت و ڕامان دەکێشێت بۆ ئازادی لە عیسای مەسیحدا:**

((عیسا فەرمووی: ئەو دەنگەی هات بۆ من نەبوو، بەڵکو بۆ ئێوە بوو. ئێستا کاتی حوکمدانی ئەم جیهانەیە. ئێستا سەرۆکی ئەم جیهانە دەردەکرێت. کاتێک منیش لە زەوییەوە بەرز دەکرێمەوە، ئەوا هەمووان بۆ لای خۆم ڕادەکێشم )) ( یۆحەنا ١٢ : ٣٠ – ٣٢ ).

**خاچی عیسای مەسیح پەیمانی زمەمە و هەموو دەسەڵاتەکەی پووچەڵ دەکاتەوە**

(( ئێوەش کە بەهۆی گوناه و خەتەنە نەکردنی جەستەتان مردبوون، خودا لەگەڵ مەسیحدا زیندووی کردنەوە. لە هەموو گوناهەکانمان خۆشبوو ئەو تۆمارە یاساییەی سڕییەوە کە ئێمەی پێ گوناهبار ببووین و لە دژمان بوو، هەڵیگرت و بە خاچەوە بزمارکوتی کرد. سەرۆکەکان و دەسەڵاتدارانی چەککرد و بە ئاشکرا کردنییە پەند و لە خاچدا بەسەریاندا زاڵبوو )) ( کۆلۆسی ٢ : ١٣ – ١٥ )

دەبێ سەرنج بدەین بەوەی کە بە ئەنجامدانی ئەم نزاکردنانە، نزا و وتەکانی ئێوە پڕهێز و شوێندانەر دەبێت. ئەوە بزانن کە خوداوەند دەیهەوێت ئێوە بە تەواوەتی ئازاد بکات و لەگەڵ خواستی ئەودا بن. لە ناخەوە ئەم ڕاستییە قەبوڵ بکەن کە عیسای مەسیح ئێوەی قەبووڵ کردووە و دەیهەوێت، ئێوە لە هەموو داوەکانی شەیتان ڕزگار بکات. لە ڕووبەڕووبونەوە

لەگەڵ پەیمانی زمـــمە و ئەو درۆانەی کە ئەم پەیمانە بەسەر موسڵمانەکاندا دەیسەپێنێت، پێداگر و بەهێز بن.

# نزا و ڕاگەیاندن

## نزا بۆ دانپێدانان

ئەی خودای پڕ لە خۆشەویستی، من دانیپێدادەنێم کە تاوانم کردووە و لە تۆ دوور کەوتومەتەوە، بەرەو لای تۆ دەگەڕێمەوە و عیسای مەسیح وەک خوداوەند و ڕزگارکەری خۆم قەبوڵ دەکەم.

لە تاوانەکانم خۆشبە.

لێم خۆشبە بەتایبەت ئەو کاتانەی کە بوومەتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ خەڵک. لێم خۆشبە بۆ ئەو کاتانەی کە بوومەتە هۆی سوکایەتی کردن بە خەڵک یان ئەوەی کە بە سووک سەیریانم کردووە.

لێم خۆشبە لەبەر لوتبەرزییەکانم.

لێم خۆشبە لەبەر ئەو کاتانەی بۆ ئامانجی خۆم خەڵکم بە کار هێناوە یان ئەوەی کە خەڵکم بە ژێر دەستی خۆم داناوە.

من هەموو ئەم تاوانانە لە سەر نێوی عیسای مەسیح ڕەت دەکەمەوە.

باوکی خوداوەندمان عیسای مەسیح، ستایشی تۆ دەکەم بۆ دیاری لێخۆشبوون لە تاوانەکانمان کە بە هۆی عیسای مەسیحەوە لەسەر خاچ بەدەست هات. باوەڕم هەیە کە تۆ منت وەرگرتووە. سپاست دەکەم کە لەبەر خاچ لە نێوان ئێمەدا ئاشتی دروست بوو. ئەمڕۆ ڕایدەگەینم کە من ڕۆڵەی تۆم و میراتگری پاشایەتییەکەتم.

## ڕاگەیاندنی سەرکەوتن وپووچەڵ کردنەوە کۆت و بەند

باوک ئاسمانی، من لەگەڵت هاوڕام سەبارەت بەوەی کە من ئیدی دیلی ترس نیم بەڵکو ڕۆڵەی خۆشەویستی تۆم. من ئەو داواکاریانەی ئیسلام کە ڕووبەڕووم دەبنەوە لەسەر فێرکارییەکانی محمد ڕەت دەکەمەوە. من هەرجۆرە فەرمان بردنێک لە ئەڵڵا و قورئان ڕەت دەکەمەوە و ڕایدەگەینم کە من خوداوەندمان عیسای مەسیحم قەبوڵە.

لەوەی کە باوباپیرانم من لە ڕابردوودا تاوانیان کردووە و پەیمانی زممە و مەرجەکانیان قەبوڵ کردووە، داوای لێخۆشبوون دەکەم.

بۆ هەر کاتێک کە من و باوباپیرانم بە بەستنی پەیمانێک ملکەچی ئیسلام بووینە و بنەماکانی ئیسلام و کۆمەڵگای ئیسلامیمان قوبوڵ کردووە داوای لێخۆشبوون دەکەم.

من بەتەواوی پەیمانی زممە و هەموو مەرجەکانی ڕەت دەکەمەوە.

من لێدانی مل لە کاتی باجدان و هەرشتێک بە مانای ئەم کردەوەیە بێت و هەروەها نفرەتی مردن و سەربڕین و ئەم ڕێورەسمە داوای لێخۆشبوون دەکەم.

ڕایادەگەینم کە پەیماننامەی زممە لەخاچی عیسای مەسیح دراوە. ئەم پەیمانە گاڵتەجاڕە ئیدی هیچ هێز و دەسەڵاتێکی لەسەر من نییە. ڕایدەگەینم کە بنەما ڕۆحانییەکانی پەیمانی زممە ڕسوا، بێ سوود و بێ دەسەڵاتن و لەبەر خاچی عیسای مەسیح ئەم گرێبەستە، گرێبەستێکی شکستخواردوو و ڕسوایە.

من سەبارەت بە هەستی سپاس کردنی ئیسلام داوای لێخۆشبوون دەکەم.

من لەبەر هەستی ناڕاستی هەڵە و تاوان داوای لێخۆشبون دەکەم.

من لە فێڵ و درۆ داوای لێخۆشبون دەکام.

من لەبەر هەرجۆرە بێدەنگی لە پابەند بوون بە باوەڕم بە عیسای مەسیح داوای لێبووردن دەکەم.

من قسە دەکەم و ناکوژێمەوە.

من ڕایدەگەینم کە، ڕاستی من ئازاد دەکات ( یۆحەنا ٨ : ٣٢ ) و من ئەوە هەڵدەبژێرم کە وەک کەسێکی ئازاد لە عیسای مەسیحدا ژیان دەکەم. من هەر جۆرە نەفرەتێک کە بە نێوی ئیسلامەوە بە دژی خۆم و بنەماڵەم گوتراوە پووچەڵ دەکەمەوە. من هەرجۆرە نەفرەتێک کە بە دژی باوباپیرانم گوتراوە پووچەڵ دەکەمەوە.

من بە تایبەتی نفرەتی مردن تێکدەشکێنم. ئەی مردن تۆ ئیدی هیچ دەسەڵاتێکت لەسەر من نییە!

من ڕایدەگەینم کە ئەم نفرەتانە هیچ دەسەڵاتێکیان لەسەر من نییە.

من داوای پیرۆزییە گیانییەکانی عیسای مەسیح دەکەم.

من ترس و دڵەڕاوکێ ڕەت دەکەمەوە و بڕیار دەدەم کە لە عیسای مەسیحدا بێباک بم.

من هەرجۆرە فێڵبازی و داگیرکاریی کردنێک ڕەت دەکەمەوە.

من کەڵکی نابەجێ و توندوتیژی ڕەت دەکەمەوە.

من هەر جۆرە ترسێک ڕەت دەکەمەوە.

من ترس لە:

تەری کەوتنەوە

لەدەست دانی سەروەت و سامان

هەژاری

دیل بوون و کۆیلە بوون

کەوتنە بەر دەستڕێژی

شەرم و شەرمەزاربوون

لەدەست دانی بنەماڵە

لە کوژران و ترس لە مردن

لە ئیسلام و موسڵمانەکان

چالاکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕەت دەکەمەوە.

من ڕایدەگەینم کە عیسای مەسیح خوداوەندی هەموانە.

من هەموو بەشەکانی ژیانم پێشکەش بە خوداوەندم عیسای مەسیح دەکەم. عیسای مەسیح خوداوەندی ماڵەکەمە. عیسای مەسیح خوداوەندی شارەکەمە. عیسای مەسیح خوداوەندی وڵاتەکەمە. عیسای مەسیح خوداوەندی هەموو تاکەکانی سەر زەوییە. من خۆم ڕادەستی خوداوەندم عیسای مەسیح دەکەم.

من سووک بوون ڕەت دەکەمەوە و ڕایدەگەینم کە عیسای مەسیحم قەبوڵە. من بەس خزمەتی عیسای مەسیح دەکەم.

من هەستی شەرم ڕەت دەکەمەوە. ڕایدەگەینم کە لەبەر خاچ لە هەموو تاوانەکانم پاک بوومەتەوە. شەرم هیچ مافێکی بەسەر منەوەوە نییە و لە گەڵ عیسای مەسیحدا لە شکۆکەیدا بەشدار دەبم.

ئەی خوداوەند، لە من و باوباپیرانم لەبەر هەستی نفرەتمان بەرامبەر بە موسڵمانەکان خۆشبە. من هەرجۆرە نفرەتێک بەرامبەر بە موسڵمانەکان و خەڵک ڕەت دەکەمەوە و لەباتی ئەوە داوای خۆشەویستی عیسای مەسیح دەکەم بۆ موسڵمانەکان و هەموو خەڵکی جیهان. من لەبەر تاوانەکانی کڵێسا و هەروەها ڕادەست بوونی نادروستی ڕێبەرانی کڵێسا داوای لێخۆشبوون دەکەم.

من هەستی نامۆبوون ڕەت دەکەمەوە. من ڕایدەگەینم کە بە خواستی خوداوەند و بە ناوبژیوانی عیسای مەسیح، لێخۆشبوونم بەدەست هێناوە. من لەگەڵ خودا ئاشت بوومەتەوە. هیچ دەسەڵاتێک لە سەر زەوی و لەئاسمان ناتوانێت هیچ شتێکی خراپ بخاتە پاڵم بەرامبەر بە تەختی پاشایەتی خودا.

من سپاسی باوکی ئاسمانی دەکەم لەبەر عیسای مەسیح  کە تاکە ڕزگارکەرمە و هەروەها بۆ گیانی پیرۆز چۆن بەس ئەوە کە ژیانم پێ دەبەخشێت.

من بەڵێنی دەدەم کە شایەتێکی زیندوو بم بۆ عیسای مەسیحی خوداوەندم. من نە لەبەر خاچ و نە لەبەر هەستانەوە هەست بە شەرمەزار بوون ناکەم.

من ڕایدەگەینم کە ڕۆڵەی خودای زیندووم، خوداوەندی ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب.

من سەرکەوتنی خوداوەند و مەسیحەکەی ڕادەگەینم. و ڕایدەگەینم کە هەر ئەژنۆیەک دادەنوێت و هەر زمانێک دانیپێدادەنێت کە عیسای مەسیح خوداوەندە بۆ شکۆدار کردنی باوک.

من بۆ موسڵمانەکان لەبەر بەشدارییان لە سەیستەمی زممەدا داوای لێخۆشبوون دەکەم.

خودای باوک، تکایە من لە زممە، لە ڕۆحی زممە و لە هەموو مەرجە تێکەڵ بە تاوانەکانی ئەم پەیمانە ڕزگار بکە.

ئێستا داوا دەکەم کە لە گیانی پیرۆزی خۆت پڕ بکەی و لە هەموو پیرۆزییە ئاسمانییەکان سەررێژم بکەی. بەشم بدەرێ تاوەکو ڕاستی وتەکانی تۆ قەبوڵ بکەم و بۆ شکۆدار کردنی تۆ ژیان بکەم.

# بەشی هەشتەم

# چۆن شایەتومانی ئیسلام پووچەڵ بکەینەوە

نزاکانی ئەم بابەتە چوار بەش لە خۆی دەگرێت:

- بڕیاردان بۆ شوێنکەوتووی عیسای مەسیح
- ڕزگار بوون لە شایەتومان و سونەتی محمد
- ڕزگار بوون لە فێڵبازی
- ڕزگار بوون لە هەستی لوتبەرزی و باڵادەستی

## چۆن بڕیار بدەین شوێنکەوتووی عیسای مەسیح بین

من باوەڕم بە یەک خودا هەیە؛ خودای بەدیهێنەر، باوکی بەتوانا.

من هەموو ئەوانەی بە ناوی خوداوە هاتوون، ڕەت دەکەمەوە.

من قەبوڵی دەکەم کە بەرامبەر بە خوداوەند و خەڵکانی دیکە تاوانم کردووە. بەم کارە بەرامبەر بە خودا نافەرمانیم کردووە و یاساکانی ئەوەم لەژێر پێ ناوە.

من ناتوان خۆم لە تاوان ڕزگار بکەم.

من باوەڕم بە عیسای مەسیح کوڕی خودا هەیە کە لە نێو مردوواندا هەستایەوە. ئەو لە سەر خاچ لەباتی من مرد و سزای تاوانەکانی منی خستە سەر خۆی. ئەو لەبەر من لە نێو مردوان هەستایەوە. من لە تاوانەکانم دوور دەکەومەوە.

من لە عیسای مەسیح، ئەو دیارییە کە لەسەر خاچ پێمان بەخشرا داوا دەکەم.

من دیاری لێخۆشبوون وەر دەگرم.

من بڕیار دەدەم کە خوداوەند وەک باوک قەبوڵ بکەم و دەمهەوێت هی ئەو بم.

من بەشوێن دیاری ژیانی هەتاهەتاییدا دەگەڕێم.

من بڕیاری ژیانی خۆم دەدەمە دەست عیسای مەسیح و لەئەمڕۆەوە داوای لێدەکەم کە ببێت بە خوداوەندی ژیانم.

من هەرجۆرە پەیمان و گرێدراوی باوەڕمەندانە بەتایبەت پەیمانی شایەتومان و هەموو تەنگەشەکانی لەسەر ژیانم ڕەت دەکەمەوە.

من بەدکار و هەموو خراپییەکان ڕەت دەکەمەوە. هەرجۆرە گرێبەستێکی تاوانبارانە کە لەگەڵ گیانە پیسەکان و ( جنۆکە ) بەستوومە ڕەت دەکەمەوە.

هەر جۆرە گرێبەستێکی تاوانکارانە لەگەڵ کەسانی دیکە کە بە دژی من دەسەڵاتیان پێدەبەخشێت ڕەت دەکەمەوە.

من هەرجۆرە گرێبەستێکی تاوانکارانە کە بە هۆی باوباپیرانمەوە لە ڕێگای منەوە بەستراوە لەگەڵ هەرجۆرە شوێندانەرییەک کە لەسەر ژیانی من هەیەتی پووچەڵ دەکەمەوە.

من هەرجۆرە هێزێکی گیانی ( جنۆکە ) کە هی خودا و عیسای مەسیحەوە نیین ڕەت دەکەمەوە.

من داوای دیاری بەڵێنیدراوی گیانی پیرۆز دەکەم.

باوکی ئاسمانی، تکایە من ئازاد بکە و بمگۆڕە تاوەکو من بەس تۆ شکۆدار بکەم.

لە مندا بەهرەکانی گیانی پیرۆز ئازاد بکە تا من ڕێزدارت بکەم و خەڵکم خۆشبوێت.

من لە بەردەم گەواهیدەرە مرۆییەکان و گەواهیدەرە گیانییە دەسەڵاتدارەکاندا ڕایدەگەیەنم کە ژیانم بۆ خوداوەند تەرخان دەکەم و خۆم لە ڕێگای عیسای مەسیحەوە بۆ خودا تەرخان دەکەم.

ڕایدەگەینم کە من هاوڵاتی ئاسمانم و خودا پاریزەری منە. بە یارمەتی گیانی پیرۆز، هەڵیدەبژێرم کە خۆم رادەستی عیسای مەسیح بکەم و هەموو تەمەنم شوێن ئەو دەکەوم وەک خوداوەندم.

## ڕزگار بوون لە شایەتومان و کردەوەکانی محمد

دەبێ سەرنج بدەین کە ئەو کاتە کە موسڵمانێک شایەتومان دووپات دەکاتەوە و ئەوە دەڵێت کە محمد نێردراوی ئەڵڵایە، لە ڕاستیدا بەم کارەی بە قورئان وەک قسەی ئاڵڵا بایەخ دەدات و بابەتەکانی دیکەی قورئان کە سەبارەت بە محمد هاتووە، قەبوڵ دەکات، واتە:

محمد نموونەیەکە کە دەبی پەیڕەوی لێ بکرێت،

ئەگەر کەسێک وەک هەموو ناموسڵمانان پەیڕەوی لێوە نەکات، دەبێ نفرەتی لێ بکرێت،

و پەیڕەوی کردن لە محمد واتە شەڕ کردن لەگەل ئەوانەی کە باوەڕیان بە محمد نییە و شوێنی ناکەون.

لەم خشتەیەی خوارەوەدا هەندێک لایەنە خراپەکانی ژیانی محمد دەخەینەڕوو:

- توندوتیژی و شەڕخوازی
- کوشتن

- به کۆیله کردنی کەسانیتر
- تۆڵە سەندنەوە
- ڕق لێبوونەوە
- ڕق لێبوونەوە لە ژنان
- ڕق لێبوونەوە لە یەهودییەکان
- توندوتیژی
- شەرمەزاری و ڕیسوا کردن و ئابڕووبردنی کەسانیتر
- ترساندن و تۆقاندن
- فێڵ کردن
- زوو تووڕەبوون
- خۆ بێتاون کردن
- هەستی لوتبەرزی و خۆبەزل زانی
- شێواندنی ناساندنی کەسایەتی خودا
- ئارەزووی زاڵبوون بەسەر خەڵکدا
- دەستدرێژی سێکسی

بە وتنەوەی شایەتومان، مۆسڵمانەکان باوەڕ بە هەموو ئەو شتانە دەکەن کە لە ناو وتەکانی قورئان و سونەت و

گێڕانەوەکانی سەبارەت بە عیسای مەسیح و پەرتووکی پیرۆز هاتووە. وەک ئەم نموونانە:

- نکۆڵی کردن لە مردنی عیسای مەسیح لەسەر خاچ؛
- ڕق و قین لە خاچ؛
- نکۆڵی کردن لەوەی کە عیسای مەسیح کوڕی خودایە و نفرەت کردن لەو کەسانەی کە بڕوایان پێیەتی؛
- پڕوپاگەندای ئەوە دەکەن کە مەسیحییەکان و یەهودییەکان پەرتووکی پیرۆزی خۆیانیان گۆڕیوە؛
- پڕوپاگەندای ئەوە دەکەن کە عیسای مەسیح دێت تاوەکو مەسیحییەت لەناو ببات و هەموو جیهان ناچار بە قبووڵ کردنی شەریعەتی محمد بکات.

هەر کات کەسێک واز لە ئیسلام دێنێت، دەبێ بە دیاریکراوی محـمد و حەدیسەکانی و هەمـو ئەو نـفرەتـانەش کە بە هۆی شـایەتـومـانـوە دێن ڕەت بکاتەوە. ئەنـجامـدانی ئەم کارە واتە ڕەت کردنەوەی ئەو قسەیە کە دەڵێت قورئان وتەی خودایە.

ئەگەر بـاوەڕ بە پەیغەبەر بـوونی محـمد بە تەواوەتی ڕەت نەکردرێتەوە، لە حـاڵێتێکی وادا ئەو نفرەت و هەڕەشـانە کە لە قورئـاندا هـاتوون و هەروەهـا بەربەرەکانێیەکانی محمد لەگەڵ مردن و خوداوەند بوونی عیسای مەسیح دەتوانێت ببێتە هۆی ناسەقامگیری دەروونی. لە ئاکامدا هەندێک کەس ڕەنگبێت بە

ئـاسـانی بـترسـن و لاواز بـبن و مـتمانە بۆخۆبـوونیان وەک باوەڕدارێکی مەسیحی وردەوردە لەدەست بدەن.

## نزا و ڕاگەیاندنێک بۆ ڕەت کردنەوەی شایەتومان

من هەموو ئەو ژێردەستەیی و فێرکارییانەی کە لە لایەن محمدەوە هاتوون ڕەت دەکەمەوە.

من ئەو باوەڕە هەڵەیەی کە دەڵێت محمد پەیغەمبەر و نێردراوی خوداوەندە ڕەت دەکەمەوە.

من ئەو بانگەشەیەی کە دەڵێت قوڕئان وشەی خودایە ڕەت دەکەمەوە.

و خوێندنی شایەتومان لە ڕابردوودا، و ئەو پشتگیرییانەی کە پێشتر لێم کردوومە، سەرلەبەری ڕەت دەکەمەوە.

من خوێندنەوەی سوورەتی الفاتحە ڕەت دەکەمەوە. من بانگەشەی درۆیینەی ئەم سوڕەتە کە دەڵێت تووڕەی خودا لەسەر یەهوودییەکان و مەسیحییەکانە کە بە لاڕێدا ڕۆیشتوون، ڕەت دەکەمەوە.

من ڕق بەرامبەر بە یەهودییەکان ڕەت دەکەمەوە. من بانگەشەی ئەوان کە دەیڵێن پەرتووکی پیرۆز دەستێوەردانی تێدا کراوە ڕەت دەکەمەوە.

من خوێندنەوەی قورئان ڕەت دەکەمەوە و دەسەڵاتی لەسەر ژیانم ڕەت دەکەمەوە.

من هەرجۆرە پەرەستتشێکی هەڵە کە لەسەر بنەمای فێرکاری محمد بێت ڕەتی دەکەمەوە.

من هەموو فێرکارییە هەڵەکانی محمد سەبارەت بە خودا ڕەت دەکەمەوە و هەروەها ئەو بانگەشەیە کە قورئان دەیڵێت ئەڵڵای ئیسلام خوداوەندە، ڕەت دەکەمەوە.

ئەگەر لە تەمەنی منداڵیدا شایەتومان بە گوێمدا دراوە، ڕەتی دەکەمەوە. و پێشکەش کردنی باوباپیرنیشم بە ئاینی ئیسلام ڕەت دەکەمەوە.

من بە دیاری کراوەی ئەوە ڕەت دەکەمەوە کە محمد نموونەیەکی باڵایە ( پێشەنگە ). من توندوتیژی، هەڕەشە، ڕق لێبوونەوە، بۆختان هەڵبەستن، فێڵبازی، دەستدرێژی سێکسی و ئازاردانی ژنان، دزی و هەموو ئەو تاوانانەی کە محمد ئەنجامیدا ڕەت دەکەمەوە.

من شەرمەزاری ڕەت دەکەمەوە. من ڕایدەگەینم کە لە عیسای مەسیحدا هیچ جۆرە سزادانێک بوونی نییە و خوێنی عیسای مەسیح منی لە هەموو ئەو شتانەی کە دەبێتە هۆی شەرمەزار بوونم پاک دەکاتەوە.

لەبەر هەموو ئەو ترسانەی کە بە هۆی ئیسلامەوە هاتوەتە نێو ژیانم داوای لێخۆشبوون لە خودا دەکەم، و هەموو ئەو

ترسانە ڕەت دەکەمەوە. و هەڵبژاردنی من ئەوەیە کە لە هەموو بوارێکدا متمانە بە خودای باوک و عیسای مەسیح بکەم.

بۆ هەوموو تاوانەکانم و ئەو کارە ناپەسەندانەی کە لە ئاکامی پەیڕەوی کردن لە محمد وەک پەیغەمبەری ئەڵڵای ئیسلام ئەنجامم داوە، داوای لێخۆشبوون لە خوداوەند دەکەم.

من ئەو بانگەشە ناڕاستانەی کە دەلێت کاتێک عیسا دێتەوە هەموو خەڵکی جیهان کۆ دەکاتەوە تاوەکو پەیڕەوی لە شەریعەتی محمد بکەن ڕەت دەکەمەوە.

من عیسای مەسیح هەڵدەبژێرم، و بەس پەیڕەوی لە ئەو دەکەم.

من دانیپێدادەنێم کە عیسای مەسیح کوڕی خودایە، و ئەو لە سەر خاچ لەبەر تاوانەکانی من مرد واتە لەبەر ڕزگاری من لە مردن، هەستایەوە و لە ڕۆژی سێهەمدا زیندوو بووەوە. من لەبەر عیسای مەسیح، سپاسی خوداوەند دەکەم و هەڵبژاردنی من ئەوەیە کە خاچی خۆم هەڵگرم و شوێن مەسیح بکەوم.

من دان بەوادا دەنێم کە عیسای مەسیح، خوداوەندی هەموو شتێکە. ئەو دەسەڵاتی هەیە بە سەر ئاسمانەکان و زەوییە.

عیسای مەسیح خودایە لەسەر ژیانی من. ڕایدەگەینم کە ئەو دووبارە دەگەڕێتەوە تا مردوان و زیندوان دادوەری بکەت.

ڕایدەگەینم کە لە هەموو ئاسمانەکان و زەویدا، نێوێکی دیکە جگە لە ناوی عیسای مەسیح بوونی نییە کە من ڕزگار بکات.

من داوا لە باوکی ئاسمانی تاوەکو دڵێکی نوێم بداتێ، دڵێکی وەک دڵی عیسای مەسی، تاوەکو لە ڕێنیشاندەر بێت لە کردەوە و گوفتارم.

من هەرجۆرە پەرستشێکی هەڵە کە لە ڕابردوودا ئەنجامم داوە ڕەت دەکەمەوە، و هەموو بوونی خۆم پێشکەش بە پەرەستشی خودای زیندوو، باوک، کوڕ، و گیانی پیرۆز دەکەم.

## ڕزگار بوون لە فێڵبازی

شـــوانی کڵێسا دامـــانیک ( Pastor Damanik ) کە لە وڵاتی ئەنـدونـزیا لەبەر قـسە کردن بە دژی جیهادی ئیسلامی کەوتە بەندیخانە، بەم جۆرە قسە دەکات:

... بەوەشەوە کە قسە کردن لەسەر ڕاستی دژوارە، بەڵام ئێمە بژاردەیەکی دیکەمان نییە. ئێمە دەبێت ئامادە بین بۆ ئەوەی کە بـاجێکی گەورە بـدەین. بـژاردەی دیکە ئەوەیە کە مـاڵئاوایی لە ڕاســتی بکەین. خــوازیاری ڕاســتی دەبێ بە بــاشی تێبکۆشێت تـــاوەکو ببێت بە کەسێک خـــاوەن ئیرادەی ئـــاسنین و لە هەمـــانکاتیشدا مـــرۆڤێکی بێ کێشە بێت و دڵێکی ڕوون وەک

شــوشـەی هەبێت. ئیرادەی ئــاسنین، بەهێزە و نــاچەمێتەوە. لە پەیمان بەســـتنیدا لەگەڵ ڕاســـتی لەرزۆک نەبێت ... دڵی شوشەیی دڵێکە کە لە بەرژەوەندی تاکەکەسی پاکە. کەسێکی خوازیاری ڕاستی وەک شوشە هەستیارە و بە ئاسانی لەبەر ناڕەوایی و نادروستی ئەم جیهانە دەشکێتەوە. ئەم دڵشکاوییە نیشانەی لاوازی نییە، بەڵکو نیشانەی هێز و تـــوانـــاییە. ئەم کەسە پشتئەستوورە بە ڕاستی و زمانێکی تیژی بەرامبەر بە نــادروســتی و فێڵبازی هەیە و دەنــگ هەڵدەبڕێت. دڵی ئــارام ناگرێت. دڵی ئەو بەردەوام شەڕ لەگەڵ نادادپەروەری دەکات.

ڕاســـتبێژی خـــوداوەنـــد مەرجی سەرەکیە بۆ ئەوەی لەگەڵی پەیوەندی پێک بهێنی.

خودا هەردەم بەشوێن پەیوەندی گرتنەوەیە: واتە بۆ پەیوەندی گرتن بە مرۆڤەوە خۆی بە بەرپرس دەزانێت.

بۆ نموونە خوداوەند بە ئیبراهیمی گوت:

(( پەیمانەکەم کە پەیمانێکی هەتــاهەتــاییە لەنێوان خۆم و تۆ و نەوەی تۆدا دەچەســپێنم، کە بــبمە خــودای تۆ و نەوەکانی تۆ. هەمـــوو خـــاکی کەنـــعان، کە ئێستا وەک بێگانەیەک تێیدا نیشتەجێی، بۆ هەتــاهەتــایە بە مــوڵکی دەیدەمە تۆ و نەوەکانی تۆ؛ منیش دەبـمە خـودایان )) ( پەیدابـوون ١٧ : ٧ – ٨ ).

به داودی پەیغەمبەری گوت:

(( فەرمـــووت: پەیمانـــم لەگەڵ هەڵبژاردەی خۆم بەســـتووە، سـوێندم بۆ داودی بەنـدەم خـواردووە، هەتـاهەتـایە وەچەکەت دەچەســـپێنم، نەوە دوای نەوە تەخـــتت بنیاد دەنێم )) ( زەبوورەکان ٨٩ : ٣ – ٤ ).

خـــوداوەنـــد نەگۆڕە و لە پەیوەنـــدییەکانیدا سەرڕاســـتە. ئەو هەردەم وشەکانی خۆی دەپارێزێت:

(( خـــودا مـــرۆڤ نییە کە درۆ بکات، کوڕی مـــرۆڤیش نییە کە بڕیاری بگۆڕێت. ئایا قسە دەکات و ئەنجامی نەدات؟ یان بەڵێن دەدات و نایباتە سەر؟ )) ( سەرژمێری ٢٣ : ١٩ ).

(( ســتایشی یەزدان بکەن، لەبەر ئەوەی چـاکە، خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە )) ( زەبوورەکان ١٣٦ : ١ ).

(( ... بەڵام بەگـــوێرەی هەڵبژاردن لە پێناوی بـــاوکانـــدا خۆشەویستن، چونکە بەخشینەکانی خودا و بانگکردنەکەی بێ پەشیمانییە )) ( ڕۆما ١١ : ٢٨ : ٢٩ ).

(( بە هیوای ئەو ژیانە هەتـاهەتـاییەی کە خـودا، ئەوەی هەرگیز درۆ ناکات، لەپێش دەستپێکی زەمان بەڵێنی داوە )) ( تیتۆس ١ : ٢ ).

(( خـودا سـوێندی خـوارد، چـونکە ویستی خـواسـتی نەگۆڕی خۆی بە میراتگری بەڵێن پیشان بـدات. خـودا ئەمەی کرد تـاکو لە ڕێگەی دوو شـتی نەگۆڕەوە کە مەحـاڵە خـودا تێیانـدا درۆ بکات، ئێمە کە پەنـامـان بۆ ئەو بـردووە، بە دڵنەوایی زۆرەوە دەستبگرین بەو هیوایەی کە لەپێشمانی داناوە. ئەم هیوایەمان هەیە کە وەک لەنـــگەرە بۆ دەروونـــمان، چەســـپاو و ڕاگـــرە.

دەچێتە نـــاو شـــوێنی هەرەپیرۆز لە پشـــت پەردەکە ))
( عیبرانییەکان ٦ : ١٧ – ١٩ ).
(( بەڵام هەروەک چۆن خودا دڵسۆزە، وتەکانمان بۆ ئێوە هەم «بەڵێ» و هەم «نەخێر» نییە. عیسای مەسیحی کوڕی خـودا، کە بەهۆی من و سیلا و تیمۆساوسەوە لەنێوتاندا مزگێنی درا، «بەڵێ» و «نەخێر» نەبوو، بەڵام لەلایەن ئەوەوە هەر «بەڵێ» بـــووە. بەڵێنەکانی خـــودا هەرچییەک بـــن، بە یەکبوون لەگەڵ مەسیح دەبن بە «بەڵێ». بۆیە بەهۆی ئەوەوە دەڵێین «ئامین» بۆ شکۆمەندی خودا )) ( دووهەم کۆرنسۆس ١ : ١٨ – ٢٠ ).
بەڵام لە قورئاندا کەسایەتی ئەڵڵای ئیسلام بجۆرێکی دیکەیە:
ئەوســـا خـــوا هەرکەسی ویستبێت گـــومڕای کردووە هەرکەسێکیشی ویستبێت ڕێنمونی کردووە هەر ئەویش زاڵ وبەدەسەڵات وکاردروستە. ( سوورەتی ١٤ ئایەتی ٤ )
خـــوداوەنـد لە پەرتـــووکی پیرۆزدا دەیهەوێت ئێمە وەک خۆی بین:
(( هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: لەگەڵ هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل بدوێ و پێیان بڵێ: ”دەبێت پیرۆز بن، چونکە مـن پیرۆزم، یەزدانی پەروەردگارتـانـم )) ( لیڤییەکان١٩ : ١ – ٢ ).
یەکێک لەو ڕێگایانە کە پیرۆزیی خـــودامـــان پێ نیشان دەدات ڕاســـت بـوون و لە ڕاســتیدا ژیان کردنە، چـونکە خـوداوەنـد ڕاســـتییە. شەیتان پێی خۆشە کە درۆ بـــخاتە نێو دڵی ئێمەوە بەڵام ڕاستی خوداوەند پارێزگاریمان لێ دەکات:
(( چـونکە خۆشەویستی نەگۆڕی تۆم لەبەرچـاوە، بە ڕاسـتیی تۆ ڕەفتار دەکەم )) ( زەبوورەکان ٢٦ : ٣ ).

(( ڕۆحی خۆم بە دەستی تۆ دەسپێرم، ئەی یەزدان، خودای ڕاستی، بمکڕەوە )) ( زەبوورەکان ٣١ : ٥ ).

(( ئەی یەزدان، بەزەیی خۆتم لەسەر لامەبە، با خۆشەویستییە نەگۆڕ و ڕاستییەکەت هەمیشە بمپارێزێت )) ( زەبوورەکان ٤٠ : ١١ ).

ڕاستی پاکمان دەکاتەوە:

(( ئەوەتا من بە زگماکی تاوانبارم، گوناهبارم لەو کاتەوە کە دایکم سکی بە من پڕ بووە. ئەوەتا لە ناوەڕۆکەوە بە ڕاستی دڵشاد دەبیت،

لە ویژدانەوە فێری دانایی دەکەیت. بە زوفا پاکم بکەرەوە پاک دەبم، بمشۆرەوە لە بەفر سپیتر دەبم )) ( زبوورەکان ٥١ : ٥ – ٧ ).

عیسا لێوڕێژە لە ڕاستی:

(( وشەکەش بوو بە مرۆڤ و لەنێوانماندا نیشتەجێ بوو. شکۆی ئەومان بینی، وەک شکۆی تاقانەیەک لە باوکەوە، پڕ لە نیعمەت و ڕاستی )) ( یۆحەنا ١ : ١٤ ).

ئێمە بانگهێشت کراوین تاوەکو لە ڕاستیدا هانگاوبنێین و ژیان بکەین:

(( بەڵام ئەوەی بەگوێرەی ڕاستی دەڕوات، دێتە لای ڕووناکییەکە، تاکو دەربکەوێت کە کردەوەکانی لە خوداوەیە )) ( یۆحەنا ٣ : ٢١ )

عیسا ٧٨ جار لە ئینجیلدا دەفرمێت: "من ڕاستیتان پێ دەڵێم" و ڕایدەگەینێت کە ئێمە بەس بە هۆی ڕاستییەوە دەتوانین بڕۆینە لای خودا:

(( بەڵام کاتێک دێت ئەویش کە ئێستایە خـــواپەرســـتە ڕاســـتەقینەکان بە ڕۆحی پیرۆز و ڕاســـتی بـــاوک دەپەرســـتن، چـــونکە بـــاوک داوای ئەم جۆرە خـــواپەرســـتانە دەکات )) ( یۆحەنا ٤ : ٢٣ ).

((عیساش پێی فەرمـــوو: مـــنم ڕێگا و ڕاســـتی و ژیان. کەس نایەتە لای باوک لە ڕێگەی منەوە نەبێت )) ( یۆحەنا ١٤ : ٦ ).

پۆڵسی نێردراویش سەبـــارەت بە دووربـــوونی لە درۆکردن و شوێنکەوتووی عیسای مەسیح دەفەرمێت:

(( هەروەهـــا دەزانین تەورات بۆ کەسی ڕاســـتودروســـت دانەنـــراوە، بەڵکو بۆ سەرپێچیکار و یاخیبووان، خـــوانەنـــاس و گونـــاهبـــاران، پیس و گڵاوەکان، دایک و بـــاوک کوژان، بکوژان، داوێنپیسان و نێربـــازان، بـــازرگـــانـــانی کۆیلە، درۆزن و ســـوێندخۆرانی بە درۆ، هەر شـــتێکیش لە دژی فێرکردنی دروســـت بێت، بەگـــوێرەی پەیامی ئینجیلی شکۆی خـــودای بەرەکەتـــدار، ئەوەی بە مـــن ســـپێردراوە )) ( یەکەم تیمۆســـاوس ١ : ٩ – ١١ ).

کێشەی کەلتووری

بە پێی ئیسلام، درۆکردن لە هەنـــدێک هەلـــومەرجی تـــایبەتیدا ڕێپێدراوە. ئەڵڵا بۆخۆی لە قورئاندا هەڵدەخەڵەتێنێت و هەندێک

جاریش درۆکردنی داسەپاندووە. ( بۆ خوێندنەوەی زیاتر لە سەر ئەم بابەتە دەتوانن سەردانی لاپەڕەی ٥٦ پەرتووکی ڕێگای سێهەم بکەن. )

شەریعەتی ئیسلامی ڕێگا بە جۆرە جیاوازەکانی درۆکردن دەدات: درۆکردن لەکاتی شەڕ، درۆکردنی مێردەکان لەگەڵ ژنەکانیان، درۆ کردن بۆ خۆپاراستن، درۆ کردن بۆ پاراستنی موسڵمانان و درۆکردن بۆ خۆ پاراستن لە کاتێکدا کە موسڵمانان لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە مەترسیدان ( تەقییە ). لە ئیسلامدا ئێمە دەتوانین باوەڕی خۆمان ڕەت بکەینەوە ( سوورەتی ١٠٦ ئایەتی ١٦ )، بەڵام کەسێکی مەسیحی ناتوانێت بەم شێوەیە ژیان بکات:

(( بۆیە ئەوەی لەبەردەم خەڵک دانم پێدا بنێت، منیش لەلای باوکم کە لە ئاسمانە، دانی پێدا دەنێم. بەڵام ئەوەی لەلای خەڵک نکوڵی لە ناسینی من بکات، منیش لەلای باوکم کە لە ئاسمانە، نکوڵی لێ دەکەم )) ( مەتا ١٠ : ٣٢ – ٣٣ ).

عیسای مەسیح فەرمووی: با قسەتان "بەڵێ" بۆ "بەڵێ" و " نەخێر" بۆ "نەخێر" بێت.

## نزا و ڕاگەیاندن سەبارەت بە فێڵ و تەڵەکە

ئەی باوکی ئاسمانی سپاسی تۆ دەکەم وا تۆ خودای ڕاستیت، و ڕووناکی تۆ لە تاریکترین شەوەکاندا دەدرەوشێتەوە. من ئەمڕۆ ئەوە هەڵدەبژێرم کە ئیدی لە تاریکیدا ژیان نەکەم، بەڵکو لە ڕووناکی تۆدا بژیم.

تکایە لەبەر هەموو ئەو درۆیانە کە تا ئێستا کردوومە لێمخۆشبە. من زۆربەی کاتەکان لەباتی ئەوەی کە ڕێگای ڕاستی بگرمە بەر، ڕێگای ئاسانترم گرتوەتە بەر و بەشوێن ئاسوودەیی بووم تکایە لێم ببوورە. ئەی خوداوەند لێت دەپاڕێمەوە کە لێوەکانم لە هەموو قسەیەکی خراپ و درۆ پاک بکەیتەوە. تکایە دڵێکم بدەرێ کە بە بیستنی دەنگی ڕاستی خۆشحاڵ ببێت و زارێکم پێ بدە کە ئامادە بێت ڕاستی بهێنێتە سەر زمان و ڕاستیش فێری کەسانی دیکە بکات.

بوێرییەکم پێ ببەخشە کە ئارامی و هێور بوونەوە لە ڕاستیدا ببینم و بتوانم هەر درویەک ڕەت بکەمەوە.

ئەمڕۆ، سوودرگرتن لە هەر جۆرە درۆیەک لە ژیانمدا ڕەت دەکەمەوە.

من هەموو فێرکارییەکانی ئیسلام کە پاساو بۆ درۆکردن دێننەوە بە تایبەت درۆی بەرژەوەندی خوازانە، ڕەت دەکەمەوە . من ئەوە هەڵدەبژێرم کە هەموو درۆەکان و

فیڵەکان پشتگوێ بخەم و بەلایاندا نەڕۆم. و هەروەها ئەوە هەڵدەبژێرم کە بە دروستی لە ڕاستیدا بژیم.

من ڕایدەگەینم کە عیسای مەسیح تاکە ڕێگا، تاکە ڕاستی و تاکە ژیانە، ئەو تەنیا ڕێگای ڕزگارییە. من هەڵیدەبژێرم کە لە ژێر سێبەری ڕاستی عیسای مەسیحدا ژیان بکەم.

ئەی عیسای مەسیح من ڕای دەگەینم کە من دڵم بە تۆ گەرمە، و ڕاستی تۆ ڕزگارم دەکات.

باوکی ئاسمانی تکایە نیشانم بدە کە چۆن لە ڕووناکی ڕاستی تۆدا هەنگاو بنێم. وشەی گونجاو بخەرە زارمەوە تا بە پێ ڕاستی وشەکانی تۆ قسە بکەم، و ڕێگای گۆنجاوم بۆ بکەرەوە تا لە ڕێگای ڕاستی تۆدا هەنگاو بنێم.

## ڕزگار بوون بوون لە هەستی هەڵەی باڵادەستی و خۆ بە خاوەن ماف زانین

لە ئیسلامـــدا سەرنجێکی زۆر لەسەر خۆ بە بـــاش زانین و ئەوەی کە کێ باشترینە هەیە. بە قسەی قورئان موسڵمانەکان لە ناموسڵمانەکان باشترن:

ئێوە (موسوڵمانان) باشترین گەلێک بوون بۆ خەڵکی هێنرابێتە دی فەرمـان دەدەن بەچـاکەوە جلەوگیری دەکەن لە خـراپە و

بڕوا دەهێنن بەخـوا ئەگەر نـامە دارەکان (خـاوەن کتێبەکان لە جـولەکەو گـاورەکان) بڕوایان بهێنایە ئەوە بـاشـتر بـوو بۆیان هەنـدێک لەوان بڕوادارن و(بـاوەڕیان هێناوە بە ئـاینی ئیسلام) بەڵام زۆربەیان لە فەرمـانی خـوا دەرچـوون. ( سـوورەتی ٣ ئایەتی ١١٠ ).

وەهای وای دادەنێن کە ئیسلام لە سەرووی هەموو ئایینەکانە:

خـــودا ئەو زاتەیە کەپێغەمـــبەرەکەی نـــاردووە بەڕێنموونی وئـــایینی ڕاســـتەوە، تـــا بەسەر هەمـــوو ڕێبازێکدا زاڵی بکات ( سوورەتی ٤٨ : ئایەتی ٢٨ ).

حەدیسی زۆر لە محـمد بەجێماوە کە جەخـت لە بـاڵاداسـتی دەکاتەوە. ئایینی ئیسلام بە درێژایی هەزار ساڵ کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کەلـــتووری عەرەبی دانـــاوە. لە تێگەیشتنی عەرەبدا، مـانـای ' شەرەف' و ' ئـابڕوو' زۆر گـرینگن و خەڵک ڕقی لەوەیە کە دەوروبەریان وا بیر بکەنەوە کە ئەوان شـــوێن و پێگەیان نزمە. ئەو کاتەی کە شەڕ و ناکۆکی هەیە، خەڵک بە زۆری ســـووکایەتی بە لایەنی بەرامـــبەریان دەکەن تـــا بەم شێوەیە ناڕەحەتی خۆیان قەرەبوو بکەنەوە.

کاتێک کەسێک لە ئیسلام دێتەدەرەوە و بڕیار دەدات کە شـــوێن مەسیح بکەوێت، دەبێت ڕووبەڕووی ئەم بیرکردنەوە سۆزدارییە ببێتەوە، چـــونکە بە پێ ئەم جۆرە بیرکردنەوە و ڕوانگەیە بەس بە هەستی خۆبەزل زانینییە کە تاک هەست بە

ڕەزامەندی دەکات. کلیلی ڕزگاری لە ئەم ڕوانگە ستەمگەرانە، شـوێنکەوتـووی نـموونەکەی عیسای مەسیحە. ئەم بـابەتە لە نامەی پۆڵس بۆ فیلیپی هاتووە:

(( ئەگەر یەکبوونتان لەگەڵ مەسیح مـایەی هـاندان بێت، ئەگەر خۆشەویستییەکەی دڵنەواییتان بکات، ئەگەر بە ڕۆحی پیرۆز هــاوبەش بــن، ئەگەر بە سۆز و میهرەبــان بــن، ئەوا دڵم بە تەواوی خۆش بکەن کە هـاوبیر بـن و هەمـان خۆشەویستیتان هەبێت، هەروەهـا یەک دڵ و هـاوئـامـانـج بـن. هیچ شـتێک بە خۆپەرستی و لووتبەرزییەوە مەکەن، بەڵکو بە شێوەیەک بێفیز بن کە بەرامبەرەکەتان لە خۆتان بە باشتر بزانن. تەنها بایەخ بە بەرژەوەنـدی تـایبەتی خۆتـان مەدەن، بەڵکو بـا هەریەکەتـان بایەخ بە بەرژەوەندی خەڵکی دیکەش بدات.

وەک عیسای مەسیح بیر بکەنەوە: ئەوەی بە سـروشـتی خۆی خــــودایە، نەیویست یەکسانییەکەی لەگەڵ خــــودا بۆ خۆی بقۆزێتەوە، بەڵکو خۆی کردە هیچ شێوەی بەنــدەی وەرگــرت، وەک مرۆڤی لێهات، کە بە ڕوخساری مرۆڤ بینرا، خۆی نزم کردەوە و تـاکو مـردن ملکەچ بـوو، تەنـانەت مـردنی سەر خـاچ لەبەر ئەوە خودا زۆر بەرزی کردەوە و ئەو ناوەی دایێ کە لە سەرووی هەمـوو نـاوێکەوەیە، تـاکو بە ڕاگەیاندنی نـاوی عیسـا هەمـوو ئەژنۆیەک چۆک دابـدات، لە ئـاسـمان و سەر زەوی و ژێر زەویش، هەروەهــا هەمــوو زمــانێک دان بنێت بەوەدا کە عیسای مەسیح خاوەن شکۆیە، بۆ شکۆی خودای باوک ))
( فیلیپی ٢ : ١ – ١١ ).

جـاروبـار لە نێوان نێردراوانی عیسای مەسیحدا ئەم پـرسیارە دەهــاتە پێش کە چ کەسێک لە نێوانیانــدا لەوانی دیکە سەرتــر دەبێت. ئەوان دەیانــهەویست بــزانــن کە لە پــاشــایەتییەکەی عیسای مەسیحدا چ کەسێک پلە و پێگەیەکی بەرزتری هەیە:

(( ڕاسـتیتان پێ دەڵێم: ئەوەی وەک مـنداڵێک شـانشینی خـودا قبوڵ نەکات، هەرگیز ناچێتە ناویەوە. منداڵەکانیشی لە باوەش کرد، دەستی لەسەر دانان و بەرەکەتی پێدان....

کاتێک دە قـوتـابییەکەی دیکە قـسەکانی یاقـوب و یۆحەنـایان بیستەوە، لێیان تـووڕە بـوون، بەڵام عیسا بـانگی کردن و پێی فەرمـــوون: دەزانـــن ئەوانەی بە سەرۆکی نەتەوەکانی دیکە دادەنــرێن وەک میر فەرمـــانڕەواییان بەسەردا دەکەن و گەورەکانیان دەسەڵاتیان بەسەردا دەسەپێنن. بەڵام لەنێو ئێوەدا ئاوا نابێت، بەڵکو ئەوەی دەیەوێت لەنێوتاندا پایەی بەرز بێت، با ببێتە خزمەتکارتان. ئەوەش کە دەیەوێ لەنێوتاندا ببێتە یەکەم، بـا ببێتە بەنـدەی هەمـووتـان، چـونکە تەنـانەت کوڕی مرۆڤیش نەهاتووە تاکو خزمەت بکرێت، بەڵکو خزمەت بکات و ژیانی خۆی بەخت بکات بۆ کڕینەوەی خەڵکێکی زۆر ))

( مەرقۆس ١٠ : ٣٥ – ٤٥ ).

ئەو کاتەی کە عیسای مەسیح ئاماژە بە ناجولەکەکان دەکات، مەبەستی هەموو گەلانە. ئەمە تایبەتمەندی هەموو مرۆڤایەتییە کە دەیهەوێت هەست بە گرینگ بوون بکات. هەموو مرۆڤەکان لە سەرتـــاسەری جیهان، هەروەک یاقـــوب و یۆحەنـــا، دەیانــهەوێت بەرزتــرین جێگە و پێگەیان هەبێت. لە وڵامی ئەم خـــواســـتەدا، عیسای مەسیح بەم شێوەیە وڵامی دایەوە کە

ئەگەر قـــوتـــابییەکانی دەیانـــهەوێت بەڕاســـتی بـــبن بە شـــوێنکەوتـــووی ئەو، دەبێ فێری ئەوە بـن کە چۆن خـزمەتی خەڵک بکەن. عیسای مەسیح بۆخۆی بە کردەوە ئەمەی نیشان دا و "خۆی کرد بە هیچ " ( فیلیپی ٢ : ٧ ) تـــا ئەوڕادەیە کە ئیزنی دا لە خـــاچ بـــدرێت کە خـــراپـــترین شێوازی مـــردنە کە مرۆڤ تا ئێستا بینیویە.

ئاواتی خۆت لە خەڵک بە گەورەتر زانین بۆ مرۆڤایەتی داوێکی گەورەیە. لە بـاغی عەدەن، مـار حەوای بەم ڕسـتەیە فـریودا: " وەک خـــوداتـــان لێدێت" ( پەیدابـــوون ٣ : ٤ ) هەر بۆیە، حەوا ئەوەی کە مـار داوای لێکرد ئەنـجامیدا. دەرد و ئـازارێکی زۆر لەم جیهانە بە هۆی هەمـــان هەســـتی خۆ بە سەرتـــر زانینە دروست بوو.

بەڵام ڕوانـــگە و هەڵسوکەوتی عیسای مەسیح زۆر جیاوازە. ئەو بڕیاری دا کە خـــزمەت بکات نەک ئەوەی کە خـــزمەت بکرێت. ئەو کەسێکی نەکوشت و لەباتی ئەوە، گیانی خۆی کرد بە قـوربـانی. قوتـابییەکی ڕاستەقینەی عیسای مەسیح هەر بەم شێوەیە هەڵسوکەوت دەکات. ئاوا قوتابییەک لە هەستی خۆ لە خەڵک بەسەر زانین چێژ وەرنـــاگـــرێت. شـــوێنکەوتـــووە ڕاســـتەقینەکانی عیسای مەسیح لە شەرم و شـــوورەیی، تێڕوانینی خەڵک و شێوازی بیر کردنەوەی خەڵک نـــاتـــرســـن چـونکە متمانەیان بە خـودا هەیە و دەزانـن کە ئەو بەرگـرییان لێ دەکات و دەیانپارێزێت.

چیرۆکی کوڕە ونبووەکە لە ئینجیلی لۆقا ( ١٥ : ١١ – ٣٢ ) بە بـــاشی هەســـتی خۆ لە خەڵک بەسەرتـــر زانین نیشان دەدات. منداڵە چاکەکارەکە وای بیر دەکردەوە کە ئەو باشتر و چاکترە

و هەر بۆیە نەیدەتوانی لەو ئاهەنگەی کە باوکی بۆ گەڕانەوەی کوڕە ونبووەکەی سازی کردبوو بەشدار بێت. باوکی لەبەر ئەم ڕەفتارەی سەرکۆنەی کرد. لە ڕوانگەی خوداوەندەوە، ڕێگای گەیشتن بە سەرکەوتنی ڕاستەقینە لە خزمەت کردنی خەڵکدایە نەک ئەوەی کە خەڵک خزمەتت بکات.

## نزا و ڕاگەیاندن لە دژی هەستی خۆ لەخەڵک بەسەرتر زانین

باوکی ئاسمانی سپاست دەکەم کە منت بە شێوازێکی سەرسوڕهێنەر و تایبەت ئافراندووە، چوونکە ئەوە تۆی کە منت ئافراندووە. سپاست دەکەم کە منت خۆش دەوێت و وەک منداڵی خۆت بانگم دەکەی. سپاس کە لەبەر ئەم خاڵ و تایبەتمەندییە باشە دەتوانم ببم بە شوێنکەوتووی عیسای مەسیح.

تکایە لەبەر ئەوەی کە هەندێک جار بەهۆی لوتبەرزی خۆمم لە خەڵکی دیکە بەسەرتر زانیوە لێمخۆشبە. من هەموو ئەم لوتبەرزی و هەستە خراپانە ڕەت دەکەمەوە لێ پاشگەز دەبمەوە. خۆشحاڵی و ڕەزامەندی من لەوەدا نییە کە وا هەست بکەم کە لە خەڵک باشترم، من ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ڕەت دەکەمەوە. من قەبوڵی دەکەم کە تاوانبارم وەک مرۆڤەکانی دیکە، و بە بێ تۆ ئەی خوداوەند من ناتوانم هیچ شتێک بەدەست بهێنم.

هەروەها من تۆبەدەکەم لەوەی کە بە هۆی ئەوەی کە سەربە گروپێکی تایبەت یان پێگەیەکی کۆمەڵایەتی یان بنەماڵەی

تایبەتێک بەرامبەر بە کەسانی دیکە هەستی خۆ بە باشترزانینم بووە. من دانبەوەدا دەنێم کە هەموو مرۆڤەکان لە بەردەم تۆدا یەکسانن.

من لە وتنی هەر جۆرە قسەیەک کە ببێتە هۆی سووکایەتی کردن بە کەسانی دیکە تۆبە دەکەم، و هەر جارێک کە خەڵکم بە زمانم ئازار داوە ڕەت دەکەمەوە. تکایە لەبەر هەموو ئەم کارانە لێمخۆشبە.

من ئەو باوەڕەی کە مرۆڤەکان بە هۆی نژاد، ڕەگەز، ڕادەی سەروەت و سامان یان ڕادەی خوێندەواری بە سووک سەیر دەکات ڕەت دەکەمەوە.

من قەبوڵی دەکەم و ڕایدەکەینم کە بەس بە هۆی بەخششی تۆیە کە دەتوانم بێمە بەردەمت ئەی خوداوەندم. من خۆم لە هەموو هەڵسەنگاندنەکانی مرۆڤ جیا دەکەمەوە و بەس سەیری تۆ دەکەم تاکو ڕزگارم بکەی.

من بە شێوازی تایبەت هەموو فێرکارییەکانی ئیسلام سەبارەت بە لەسەرتر بوونی موسڵمانان بەسەر ناموسڵمانەکان ڕەت دەکەمەوە، و ڕەتی دەکەمەوە کە ئیسلام دەبێتە هۆی سەرکەوتنی مرۆڤ.

من ئەم بانگەشەیە کە دەڵێن پیاوان لە ژنان سەرترن ڕەت دەکەمەوە.

باوکی ئاسمانی من هەر جۆرە هەستێکی هەڵە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە خۆم لە کەسانی دیکە بەسەرتر بزانم، پاشگەزدەبمەوە و لەباتی ئەوە خزمەت کردن بە تۆ هەڵدەبژێرم.

ئەی خوداوەند من ئەوە هەڵدەبژێرم کە سەرکەوتنی کەسانی دیکە ببێتە هۆی شادیم. من هەرجۆرە چاوچنۆکییەک سەبارەت بە کەسانی دیکە ڕەت دەکەمەوە.
ئەی خوداوەند لێتدەپاڕێمەوە کە یارمەتیم بدەی تاوەکو خۆم بەو شێوازە ببینم کە تۆ دەمبینی. یارمەتیم بدە تا بەم تێگەیشتنە بگەم کە بزانم بە باوەڕم بە تۆ و لە تۆدا من چ کەسێکم. یارمەتیم بدە تا ببمە ئەو کەسەی کە تۆ دەتهەوێت، و شادی من لەوەدا بێت کە ئەو کەسە بم کە تۆ دەتهەوێت.

## پێڕستی سەرچاوەکان

Bernard, J.H. 1928. *A critical and exegetical commentary on the Gospel according to John*. 2 vols. Edinburgh, T&T Clark.

Carson, D.A. 1991. *The Gospel according to John*. Leicester, England: InterVarsity Press.

Gibson, Noel and Phyl. 1987. *Evicting demonic squatters and breaking bondages*. Drummoyne, NSW: Freedom in Christ Ministries Trust.

Houlden, J.H. 1970. *Paul's letters from prison: Philippians, Colossians, Philemon and Ephesians*. Harmondsworth, Middlesex: Penguin.

Kreider, Alan. 1995. *Worship and Evangelism in Pre-Christendom*. Alcuin/GROW Joint Liturgical Studies, 32. Cambridge: Grove Books Ltd.

Muir, William. 1861. *The life of Mahomet*. London: Smith, Elder and Co.